ئەوەی ئێستا ، باشترین نیچیروونی هەزارو چوارسەد ساڵ ، داوامان لێکراوە ، ئەوەیە بە گیانی ئاسمان و بە باساو پێداویستییەکانی زەمین داکۆکی لە سەربەرزیی نەتەوەی عەرەب بکەین .
سەرۆکی فەرماندە
صدام حسين

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
١٠ لاپەڕە
٢٥ فلس

هاوکاری

التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ڕەنگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعيل رسول

● الاثنين ١٥ ايلول ١٩٨٠ العدد ٥٤٢ ●
● دووشەممە ١٥ی ئەیلول ١٩٨٠ ژمارە ٥٤٢ ●

هێزە چەکدارە نەبەزەکانمان سەنگەرەکانی فارسی دوژمن وێران دەکەن

فڕۆکەوانە بە جەرگەکانمان زۆربەی خانووبەرەی سەربازگەی خان لیلی ئێرانی وێران دەکەن

قسەکەرێکی سوپایی لە وەزارەتی بەرگری ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ڕای گەیاند کە زیانی هێزەکانی ئێران لە ماوەی ٤-٩ تاکوو ١٠-٩-١٩٨٠ تەنیا لە کەرتی قەسر شیرین گەیشتووەتە -٥١- کوژراوو -١٠٣- بریندار .

قسەکەرەکە ڕوونی کردووەتەوە کە هێزەکانمان ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو شارۆچکەی سۆماری ئێرانییان بۆردمان کردووە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە هێزەکانی فارسی دوژمن بۆردمانی شاری مەندەلییان کرد .

دووپاتیشی کردووەتەوە کە هێزەکانمان دوو چەندان زیان بە هێزەکانی فارسە ڕەگەزپەرستەکان دەگەیەنن و ئاداری هێزەکانی دوژمنیان کردووەتەوە دەست لە شارو دانیشتووان نەوەشێنن .

قسەکەرەکە ووتوویەتی لە کاتژمێری ١٢٠٠ی ئەمڕۆ ١٣-٩-١٩٨٠ فڕۆکەیەکی ئێرانی یەکێك لە بنکە سنوورییەکانمان لە کەرتی مەندەلی بۆردمان کردووە بەرەنگاری کەرە زەمینییەکانمان بەر پەرچیان داوەتەوەو ناچاریان کردووە هەڵبێت .. لە کاتژمێری ١٤٤٥ی ئەمڕۆدا دیسان فڕۆکەیەکی ئێرانی هێرشی بردووەتە سەر بنکەیەکی سنوورییمان لە کەرتی واسطو بەرەنگاری کەرە زەمینییەکانمان بەرپەرچیان داوەتەوەو هەڵاتووە .. لە کاتژمێری ١٧١٥دا لایەنی ئێرانی دەستی بە تەقەکردن لە شاری مەندەلی کرد کە بوو بە هۆی بریندار بوونی ٧ دانیشتوو ئەمەیش هێزەکانمانی ناچار کرد بەهەمان شێوە وەڵامی بدەنەوەو تەقە لە شاری سۆماری ئێرانی بکەن .

هەروەها فڕۆکەکانمان لە کاتژمێری ١٦٣٠ی ئەمڕۆ ١٤-٩-١٩٨٠ هێرشیان بردووەتە سەر کۆمەڵێك سەربازهەڵگرو ئۆتۆمبیلی دوژمن لە ٨-١٠ دەبوون لە نزیکی شاری خوسرەویی ئێرانی و ژمارەیەکیان لێ تێك شکاندوون .

هەروەها بۆمان دەرکەوتووە کە زیانی هێزەکانی ئێران لە ماوەی ٤-٩ تاکوو ١٠-٩-٨٠دا تەنیا لە کەرتی قەسر شیرین گەیشتووەتە ٥١ کوژراوو ١٠٣ بریندار .

هەروەها پاش ئەوە سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە وەزارەتی بەرگری ئێوارەی ١٣-٩-١٩٨٠ ووتوویەتی هێزە نەبەزەکانمان لە کەرتی سیف سعد زیانێکی گەورەیان بە دوژمن گەیاندووە کاتێك سێ تانك و زرێپۆشێکیان تێك شکاندووەو دوو فڕۆکەی فانتۆمیان خستووەتە خوارەوە کە بینراون ئاگریان تێ بەربووەو کەوتوونەتە خاکی ئێرانەوە ..

لە سەری ڕۆیشتووەو ووتوویەتی دەست بەسەر تانکێکی ساغدا گیراوەو هێنراوەتە خاکی خۆمانەوەو دەستیش بەسەر ئۆتۆمبیلێکی گازو پێنج تفەنگ و یەك ڕەشاشی فورس و دوو ڕەشاشی ناوەندی و ڕەشاشێکی سووك و غەدارەیەك و توپێکی ١٢٠ ملم و توپێکی ٦٠ ملم و مووشەك تەقێنێك ٣ و نیو ئینج و شەست سنووقی تەقەمەنیدا گیراوە .

ڕۆژی هەینیی ڕابوردووش هێزە ئاسمانییەکانمان هێرشیان بردە سەر بنکە سوپاییەکانی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن و چەندین زیانیان لە گیان و ئامێر و تفاق پێ گەیاندووە

ئەمە لە بەیاننامە یەکی وەزارەتی بەرگریدا هاتووە کە ووتوویەتی هێزەکانی دوژمن دەستیان بە تەقەکردن لە هێزەکانی سنوورمان کردووەو فڕۆکەکانی هێرشیان هێناوەتە سەر بنکەکانمان و فڕۆکە جەنگییەکانمان بەرەنگاریان بوونەتەوەو ناچاریان کردوون هەڵبێن .

هەروەها هێزەکانی دوژمن تەقەیان لە هێزەکانمان کردووە لە سیف سعد و هێلەو خضر کە لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلول ١٩٨٠ ڕزگار کراون ئەمەیش وای لە هێزەکانمان کرد بۆ پێشەوە بڕۆن و پاکیان بکەنەوەو زیانی دوژمنیش نەزانراوە .

هەروەها هێزە ئاسمانییەکانمان هێرشیان بردووەتە سەر چەند بنکەیەکی سوپایی دوژمن لە میحوەری ئەنتخانەو دووڕیانی گیلان ڕووەو قەسر شیرین و چەند ئامێرو تفاقی دوژمنیان تێك شکاندووەو ، بە مووشەکیش هێرشیان بردووەتە سەر چەند بنکەیەکی سوپایی دوژمن لە میمك و زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیاندووە. هەروەها فڕۆکەکانمان هێرشیان بردووەتە سەر چەند سەربازگەیەکی ئێرانی لە میحوەری سەرپێل زەهاوو ژمارەیەکی زۆریان لە ئامێرەکانیان تێك شکاندووە .
لە لایەکی ترەوە ئەو فڕۆکە هلیکۆپتەرەی دوژمن کە لە دەی ئەم مانگەدا هێزەکانمان خستبوویانە خوارەوە شەش سەرکردەی سوپایی گەورەی دوژمنیان تێدابوو لەوانە سەرکردەی جەنگی ی ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران ، هەروەها هێزەکانمان فڕۆکەیەکی فانتۆمی دوژمنیان خستووەتە خوارەوەو چوار تانکیان تێك شکاندووە لەگەڵ دوو ئۆتۆمبێل داو دوو سەربازی دوژمنیشیان دەستگیر کردووەو دەستیشیان بە سەر تۆپێکی هاوەنی ٨١ ملم و ڕەشاشێکی ناوەندی و تەقەمەنییەکی زۆردا گرتووە سەرەڕای ئەوەی دوو سەربازی تری دوژمنیشیان دەستگیر کردووە کە یەکێکیان خراپ زامدار کراوەو هیچ زیانێکیش لە هێزەکانمان نەکەوتووە .

نامەیەکی دەستنووس بۆ سەرۆکی بەڕێز لە سەرۆك کۆماری تشادەوە

پێری بەیانی بەڕێز طـه محي‌الدين معروف جێگری سەرۆك کۆمار پێشوازی اصيل احمد وەزیری دەرەوەی تشادو وەفدەکەی لەگەڵی کردووەو نامەیەکی دەستنووس کە ئاراستەی سەرۆکی بەڕێز صدام حسين کراوە لەسەرۆك کۆماری تشادەوە وەرگرت و لەو چاوپێکەوتنەدا باسی پەیوەندی دوو قۆلی و مەسەلەی دەوڵەتان کرا .

●

بەڕێز عزة ابراهيم لەگەڵ سەرۆکی ئیتالی کۆدەبێتەوە

بەڕێز عزة ابراهيم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆشکی کۆماری لە ڕۆما لەگەڵ سەرۆکی ئیتالی ساندرو برتینی کۆبۆتەوە .
بەڕێز عزة ابراهيم لە سەرەتای دەستپێکردنی کۆبوونەوەکەدا سلاو ئاواتی سەرۆکی بەڕێز صدام حسين بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات بە شێوەیەك کە خزمەتی هەردوو گەلەکەیان بکات گەیاندە سەرۆکی ئیتالی برتینی .
هەروەها بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش شانازی عێراقی دەربڕی بەرانبەر ئەو پەیوەندیە ئێجابیەی کە لەگەڵ ئیتالیادا هەیەتی و دووپاتی گرنگیەتی قوول کردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتەکە کردەوە .
لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئیتالی باسی لە گرنگیەتی ی هەڵوێستی هەردوو وڵاتی دۆست عێراق و ئیتالیا و خەباتیان لە پێناوی حەق و دادپەروەری و سەربەستیدا کردو هەڵوێستی ئەگۆڕاوی ئیتالیا لە پشتگیری مافە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستینی لە گەیشتنە سەربەستی و سەربەخۆیی تەواوی خۆیدا دووپات کردەوە .
لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز تایە عبدالكريم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری نەوت و بەڕێز حسن علي ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری بازرگانی و دوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەڕێز بالیۆزی عێراق لە ڕۆما ئامادە بوون .
لە لایەنی ئیتالیاش بەڕێز فرانشیسکۆ کۆسیگا سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا و بەڕێز امیلیو کۆلۆمبۆ وەزیری دەرەوەی ئیتالیا و بالیۆزی ئیتالیا لە بەغدا ئامادە بوون .

بروانە : ل : ٧





بەڕێز سەرۆکی فەرماندە چاوی بە نێرراوی سەرۆك شاذلی بن جدید و نێرراوی بەڕێز یاسر عرفات دەکەوێت

بەڕێز سەرۆك صدام حسين لە نووسینگەی ڕەسمی ی خۆیدا لە کۆشکی کۆماری سەر لە بەیانی ی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو چاوی کەوت بە نێرراوی سەرۆکی جەزایەر شاذلی بن جدید بەسولای بەڕێزی ، بەڕێز احمد طالب الابراهیمی وەزیری ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتی کۆماری
بەڕێز الابراهیمی نامەیەکی زارەکی بە سەرۆکی بەڕێز ڕاگەیاند لە برای بەڕێزیەوە سەرۆك شاذلی بن جدید پەیوەندیی بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی براوە هەیە سەرەڕای بارو دۆخی ئێستای عەرەب و نێو دەوڵەتان .
لەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز عصمە کتانی وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو بالیۆزی جەزایر لە بەغدا ئامادەبوون .
هەروەها بەڕێز سەرۆك صدام حسين لە نووسینگەی ڕەسمی خۆیدا لە کۆشکی کۆماری نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ چاوی کەوت بە هەردوو نێرراوی بەڕێز یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەڕێز سعد صایل و هانی الحسن ئەندامانی لیژنەی ناوەندی ی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی فەلەستین (فەتح)
سەرۆکی بەڕێز لەکاتی ئەم چاوپێکەوتنەدا نامەیەکی دەستنووسی بەڕێز یاسر عرفاتی وەرگرت پەیوەندیی بە بارودۆخی ئێستای عەرەب و نێودەوڵەتانەوە هەیە .
لەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز ناصیف عواد جێگری ئێرسراوی نووسینگەی فەلەستین و خەباتی چەکدار لە سەرکردایەتی نەتەوایەتی ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا ئامادە بوو .

کودەتایەکی سوپایی لە تورکیا
سەرکردەی کودەتاکە دووپاتی دەکاتەوە کە وڵاتەکەی ڕێزی ڕێکەوتنە دەوڵەتییەکان و وڵاتە هاوسێکانی ناوچەکە دەگرێت

فەریق کەنعان ئیڤران سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانی هەموو کاروبارێکی کودەتای سوپایی ووتی کە وڵاتەکەی ڕێزی ڕێکەوتنە دەوڵەتییەکان دەگرێ و بەردەوام دەبێت لە بنیاتنانی پەیوەندی باش لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا لەسەر بناغەیەکی پڕ لە یەکسانی و ڕێزگرتنی هەموولایەك و بە جۆرێك کە دەست لە کاروباری ناوخۆی هیچ دەوڵەتێك وەرنەدات ئیڤران لە یەکەم قسەکردنیدا کە ئێستکەو تەلەفزیۆنی لە دوای لابردنی حکومەتی سلێمان دیمریلدا بڵاوی کردەوە ووتی کە تورکیا وەفادار دەبێ بۆ پەیمانی باکوری ئەتلەنتی ناتۆ .

ئیڤران باسی بارو دۆخی ناوخۆی وڵاتەکەی کردو ووتی بە زووترین کات حکومەتێکی مەدەنی پێك دەهێنرێ و ئەنجومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانی هەموو کاروبارێکی وڵات لە ئەستۆی خۆی دەگرێ تاوەکو ئەم حکومەتە پێك بهێنرێت .

بەڵام بەنیسبەت سەرۆکی حزبە سیاسییەکان سەرکردەی کودەتاکە ڕوونی کردەوە کە هەموویان بەشێوەیەکی کاتی دەستبەسەرن و کە بارودۆخی وڵات هاتەوە سەرخۆی بەرەڵا دەکرێن .
هەروەها ئیڤران ووتی ئەندامانی پەرلەمانی هەڵوەشێنراو نادرێنە دادگا تەنیا ئەوانە نەبن لە ئەو یاسایەی لە ئارادابە بەهەڵە دەزانن و لە پالیەوە حورمەتی قانون ناگرن .
دیسان ئیڤران ووتی وڵاتەکەی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەو گیروگرفتە دەوڵەتییەکانەوە ئەو سیاسەتە ڕەچاو دەکات کە لەسەر بناغەی بیروباوەڕی و تووێژکردن بنیاتنراوەووتی بەزووترین کات ئەنجومەنی وەزیران پێك دەهێنرێ و هەموو کاروبارێکی ڕاپەڕاندنی دەخرێتە ئەستۆی .
ئیڤران ووتی سەرۆکەکانی حزبی عەدالەو (داد پەروەری) و گەلیی کۆماری و ئاشتی نیشتمان و بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێستا لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری هێزە چەکدارەکانن بۆ پاراستنی گیانیان و لە کاتێکی لەباردا بەرەڵا دەکرێن .
هەروەها ووتی سوپا لە گەورەترین کاربەدەستی تا بچووکترینیان لایەنی دەوڵەت دەکرن بۆ بەدی هێنانی ئەو بیرو باوەڕو ئاواتانەو هەوڵدان بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکان لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت دابن .
ئاژانسە دەنگوباسەکانی جیهانی ڕایانگەیاند کە سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی کودەتایەکی سوپایی بە سەرۆکایەتی فەریق کەنعان ئیڤران سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا حکومەتی دیمیریلی لەسەر کار لابردوە. شایانی باسە ئەمە سێ یەم کودەتای سوپایی یە لە تورکیادا لەو کاتەی کە ڕژێمی کۆماری تێیدا دامەزراوە .

زیاتر لە دوو هەزار سەربازی ئەمەریکی لە میسر بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ماوەیەك لەمەوبەر کاربەدەستەکانی ئەمەریکا ڕایانگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕژێمی سادات لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتوون کە هێزێك لەو هێزانەی کە بەدەستتێوەردانی خێرایی ئەمەریکی ناو دەبرێن ڕێکەی دەدرێتێ کە لە کۆتایی ئەمساڵدا یاخود لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە لە میسردا مناوەرە بکەن .

هەروەها ئەو کاربەدەستانە بەشداری لەو مناوەرەیە دەکەن کە نیاز وایە لە مانگی کانونی یەکەمی داهاتوو بکرێ و دەرخستنی توانای ئەمەریکایە بۆ دەست تێوەردان لە ناوچە جانەی کە بە ناوچەی ئاژاوە ناو دەبرێن .
دیسان ئێستگەکە ڕوونی کردووە کە وڵاتە یەکگرتووەکان نەخشە دادەنێت بۆ گواستنەوەی سەربازەکانی هێزە سوپاییەکانی بە فڕۆکە گەورەی سوپایی بۆ یەکێك لە بنکە سوپاییەکان لە میسردا .

هەروەها ئەو کاربەدەستانە ڕوونیان کردوەتەوە کە ئەمانە لەگەڵ شتومەکیان بە فڕۆکە دەگوێزرێنەوە بۆ میسر ، وەزیری بەرگری ئەمەریکاش (هارولد براون) ووتی کە لەو نزیکانەدا چەند پلانێك دانراوە بۆ ئەوەی هێزەکانی دەست تێوەردانی خێرای ئەمەریکی لە میسردا مناوەرە بکەن لەلایەکی دیکەوە یەکێ لە ئێستگە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمەریکا (ئەی .. بی .. سی) ڕایگەیاند کە نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئەمەریکی

مەلیك حسين سەر لە مۆسکۆو پەکین و هلسنکی دەدات

گۆڤاری (النهار العربی والدولی) هەفتانەی لوبنانی پێری ڕایگەیاند کە مەلیك حسين مەلیکی ئەردەن لە ماوەی ئەم مانگەو مانگی داهاتوو سەر لە چین و یەکێتی سۆڤیەت و فنلندا دەدات .
گۆڤارەکە لە دەمی چەند سەرچاوەیەکی شارەزای عەرەبییەوە ڕایگەیاندووە کە مەلیك حسين بابەتی ئەوەیە لە سەردانەکەی مۆسکۆ ددادات لە تەکنولۆژیا بارو دۆخی ناوچەی عەرەبی و هەوڵەکانی ناویدانەوە بۆ دەوڵەتانی ئەوروپاو بارەی کێشەی فەلەستینەوە .

کورتە ژیانێکی ئەو بەڕێزانەی خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پاڵاوتووە

پارێزگای هەولێر
یەکەم ناوچەی هەڵبژاردن

ناوی تەواو – ابراهیم حمد امین احمد شوێنی لە دایك بون – هەولێر ١٩٣٦ .
پلەی زانستی – دەورەی پەروەردەیی پاش ئامادەیی .
کاری ئێستای – بەڕێوەبەری چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ژمارە –٢– لە هەولێر .
لە ساڵی ١٩٣٦ دا لە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووەو لە دەورەی پەروەردەیی دەرچووەو لە ساڵی ١٩٥٨ دا بە مامۆستا دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٧٦ دا کراوەتە سەرپەرشتی پەروەردەیی ، لە ساڵی ١٩٧٩ دا بە بەڕێوەبەری چاپخانەی ژمارە –٢ی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر دامەزراوە .
چالاکیی کۆمەڵایەتی –
لە دەستەی بەڕێوەبردنی نیقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقی هەولێر لە ساڵی –١٩٧٥ – وە ئیشی کردووەو تاکوو ئێستا سەرۆکی یانەی نیقابەی مامۆستایانە ئەندامی ئەنجومەنی گەلیە لە پارێزگای هەولێر .

ناوی تەواو –ابوبکر یاسین مەولود شوێن و ساڵی لە دایك بون هەولێر ١٩٥١ .
پلەی زانستی – مامۆستای زانکۆیی لە قوتابخانەی ناوەندیی سبداوە بۆ وتنەوەی زمانی کوردی
لە ساڵی ١٩٥١ دا لە لە هەولێر .
گوندی کەندیناوە لە خێزانێکی جوتیار لە دایك بووەو چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی کۆزەبانکە لە ساڵی ١٩٥٧دا ولە ساڵی ١٩٦٣ تەواوی کردووەو خوێندنی ناوەندیی لە دیبەگەو ئامادەیی لە هەولێر ساڵی ١٩٦٨ تەواو کردووەو چووەتە کولیجی ئەدەبیات زانکۆی بەغدا ، بەشی زمانی کوردی ساڵی ١٩٦٩ ، لە ساڵی ١٩٧٣ دا تەواوی کردووە .
لە بواری وانە وتنەوەو بەشداری کردنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا چالاکییەکی فراوانی هەیە .

ناوی تەواو – احمد عبدالقادر نەقشبەندی شوێن و ساڵی لە دایك بون هەولێر ١٩٢٩ :
پلەی زانستی کولیجی حقوقی ساڵی خوێندنی ١٩٥٢ تەواو کردووە .
کاری ئێستای – سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن .
١ – لە هەولێر لە ساڵی ١٩٢٩دا لە دایك بووەو خوێندنی سەرتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە سەر بە خێزانێکی ئاینیە .
٢ – لە بەغدا کولیجی حقوقی ساڵی خوێندنی ١٩٥٢–١٩٥٣ تەواو کردووە .
٣ – بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقام و جێگری پارێزگار بووە .
٤ – لە ساڵی ١٩٧٤دا بۆ ئەندامێتی یەکەم ئەنجومەنی یاسادانان هەڵبژێرراوەهەروەها بە ئەندامی موتەفەرغ لە یەکەمین ئەنجومەنی ڕاپەڕاندندا ئەنجا ئەمینداری گشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و دارایی .
٥ – لە –١٣–٢–١٩٧٦وە تاکوتایی دەورە بە سەرۆکی یەکەمین ئەنجومەنی یاسادانان هەڵبژێرراوە ..
٦ – بۆ ئەندامێتیی دووەمین ئەنجومەنی یاسادانان دەست نیشان کراوە .
٧ – هەروەها بە سەرۆکی دووەمین ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن تاکوو ئێستا .
٨– لە کۆمەڵە حقوقییەکاندا ئەندامە .

ناوی تەواو – احمد عمر محمود شێروانی شوێن و ساڵی لەدایك بون – هەولێر ١٩٤٩ .
پلەی زانستی – بەکەلۆریۆس لە ئەدەبی عەرەبیدا .
کاری ئێستا – مامۆستای خانەی مامۆستایان –ی کچان ، هەولێر ساڵی ١٩٤٩ لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە پارێزگای هەولێر تەواو کردووەو بەکەلۆریۆسی لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا وەرگرتووە ..
لە سانەوی زاخۆ لە پارێزگای دهۆك لە ساڵانی ١٩٧١ –١٩٧٢– ١٩٧٣دا مامۆستا بووە .
ساڵی ١٩٧٦ بەڕێوەبەری ناوەندیی شۆڕش بووە لە پارێزگای کەرکوك .. پاشان بەڕێوەبەری سانەویی شۆڕجە لە پارێزگای کەرکوك ئەنجا مامۆستا لە ئامادەیی الاخوە– لە پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٧٨ .
لە دەورەی ، سەرکردەکانی زمانی عەرەبیدا ، کە لە بەغدا بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی ٩–٩–١٩٧٨وە تا ٩–٣–١٩٧٩ بەردەوام بووە ، بەشداری کردووە و بە پلەی ئیمتیاز دەرچووە .
ئێستا لە خانەی مامۆستایان –ی کچان– لە هەولێر ، مامۆستایە چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەیە .

ناوی تەواو – اسماعیل شێخۆ عبدالله
شوێن و ساڵی لە دایك بون – هەولێر ١٩٤٧ .
پلەی زانستی – خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە .
کاری ئێستای – لێپرسراوی کۆمپانیای گشتیی بازرگانی پێ کردنی .
شتومەکی کیمیایی ، لقی هەولێر .
چالاکیی کۆمەڵایەتی هەیە ..

ناوی تەواو – برهان احمد وحید شوێن و ساڵی لە دایك بون – هەولێر ١٩٣٩
پلەی زانستی– کولیجی پەروەردە – لقی کیمیای تەواو کردووە .
کاری ئێستای –بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر .
کولیجی پەروەردەی لە ساڵی ١٩٦٠دا تەواو کردووەو لە سانەوی ڕەواندووزی کوڕان بە مامۆستا دامەزراوەو لە ئامادەیی هەولێری کوڕان لە ساڵی ١٩٦٣دا ئیشی کردووە ئەنجا یاریدەری بەڕێوەبەر لە ساڵی ١٩٦٥دا پاشان بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە لە ساڵی ١٩٧٤دا یاریدەری بەڕێوەبەری پەروەردە ئەنجا لە ساڵی ١٩٧٥وە کراوەتە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگای هەولێر .

ناوی تەواو –جمال علي خضر .
شوێن و ساڵی لەدایكبوون – هەولێر ١٩٣٦ .
پلەی زانستی – بەکەلۆریۆسی ئەدەبیات .
کاری ئێستای –بەڕێوەبەری بەرژەوەندیی گواستنەوەی نەفەر لە هەولێر . لە ساڵی ١٩٣٦دا لە هەولێر لەدایكبووەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووەو بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٥٥دا بە مووچەخۆر دامەزراوە . ساڵی ١٩٥٩ گوێزراوەتەوە بەغداو لە زانکۆی بەغدا ، لە کولیجی ئەدەبیاتدا خوێندوویەتی و لە ساڵی ٦٣–١٩٦٤دا تەواوی کردووە ، ساڵی ١٩٦٤ گوێزراوەتەوە هەولێر پاشان بە ژمیاری لە بەرژەوەندیدا دامەزراوە ئەویش هەر لە سەرەتای ساڵی –١٩٦٦–وە تا ساڵی ١٩٧٤ کە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە بەڕێوەبەری بەرژەوەندیی گواستنەوەی نەفەر دامەزراوە
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێرو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی مووچەخۆران و ئەندامی [illegible] ناوەندی گەلە .

ناوی تەواو–جمال اسماعیل خضر .
شوێن و ساڵی لەدایكبوون – پارێزگای هەولێر ١٩٤٢ .
پلەی زانستی – بەکەلۆریۆسی ئابووری .
کاری ئێستای– بەڕێوەبەری گشتیی دامەزرگەی گشتیی مافووری دەستکرد لە هەولێر
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە . خوێندنی ئەکادیمیی لە بەغدا تەواو کردووەو ساڵی ١٩٦٩ بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە ئابووریدا وەرگرتووە .
ساڵی ١٩٦٤ لە وەزارەتی پیشەسازی دامەزراوەو ساڵی ١٩٧١ بۆ هەولێر گوێزراوەتەوەو ساڵی ١٩٧٤بە ژمێریاری مافووری دەستکرد دامەزراوە . کراوەتە یاریدەری بەڕێوەبەری گشتی لە ساڵی ١٩٧٨دا کراوەتە بەڕێوەبەری گشتیی دامەزرگەی گشتیی مافووری دەستکرد لە هەولێر .
١ – کۆمەڵەی ئابووری ناسە عیراقییەکان لقی هەولێری دامەزراندووەو ماوەی چەند ساڵێك سەرۆکی بووە .
٢ – ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی گەلە لە پارێزگای هەولێر .
٣ – ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی هەولێرە .
٤ – لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی یانەی مووچەخۆرانی وەزارەتی پیشەسازی و کانەکانە .
٥ – ئەندامی دەستە ڕاوێژکارییەکانە لە ئامادەیی پیشەسازی و ئامادەیی بازرگانی لە هەولێر .
٦ – لێپرسراوێتی جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی دروست کردنی خانووبەرەی بەدەست بووە ساڵی ١٩٧٨ .
٧ – لە بەرەپێدانی پیشەسازیدا چالاکیی نواندووە .

ناوی تەواو – علاءالدین حسن خضر .
شوێن و ساڵی لەدایك بون – هەولێر ١٩٤٦ .
پلەی زانستی – خوێندنی ناوەندیی تەواوکردووە .
کاری ئێستای – لە دیوانی دەستەی گشتیی کشت و کاڵ و چاککردنی کشت و کاڵ لە پارێزگای هەولێر مووچەخۆرە ساڵی ١٩٦٩ سکرتێری یەکێتیی ناوچەیی نیقابەکانی کرێکاران بووە پارێزگای هەولێر .
ئێستا ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردییە .
چالاکیی ڕۆشنبیری و شیعریی نواندووە .

ناوی تەواو – فائق جمیل علی .
شوێن و ساڵی لەدایكبوون –کۆیە ١٩٣٢
پلەی زانستی – بەکەلۆریۆسی زانستی کۆمەڵایەتی و بەکەلۆریۆسی یاسا .
کاری ئێستای – ئەندامی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەی عیراق و – جێگری سەرۆکی نووسەران لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەبەغدا .
کورتەیەك سەبارەت بە ژیان و چالاکییەکانی .
ساڵی ١٩٣٢ لە کۆیە لەدایكبووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تێیدا تەواوکردووەو ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە . پاشان ئەوە چووەتە خانەی بەرزی مامۆستایان ، کولیجی پەروەردە –ئێستا – ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٦ تەواوی کردووەو بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا وەرگرتووەو ، لە پارێزگای هەولێر ئەنجوا پاشان لە هەولێر مامۆستا بووە ، کراوەتە بەڕێوەبەری پەروەردە لە پارێزگای هەولێر هەروەها لە هەمان ماوەدا سەرۆکی لقی نیقابەی مامۆستایان بووە . پاش ئەوە سەرپەرشتی پەروەردەیی بووە لە پارێزگای دیالەو پارێزگای بەغدا ، ساڵی ١٩٧٤ بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی یاسادانان دەورەی یەکەم دەستنیشان کراوە هەروەها لە شوباتی ساڵی–١٩٧٥–وە بووەتە ئەندامی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەی عیراق .
لە ناوەڕاستی حەفتاکانیشدا بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە یاسادا ساڵی ١٩٧٦ وەدەست هێناوە ئێستا لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە مووچەی –جێگری سەرۆك نووسەران ، بۆ گۆڤاری –ڕۆشنبیری نوێ– ئیش دەکات ، هەر لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە لە چالاکیی نیشتمانپەروەری و نیقابی و ڕێکخراوە میللییەکاندا بەشداری کردووە . هەروەها لە جۆرەها ژیانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبیدا بەشداریی کردووە هەروەها چەندین نووسینی بە زمانی عەرەبی و کوردی هەیە .کە زۆربەیانی لە ڕۆژنامەی عیراق و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردووەتەوە .

ناوی تەواو – جلال عبدالواحد تدیم کاری ئێستای – لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی یاسادانان ملاحظە .
ساڵی ١٩٦٦ بە لێپرسراوی بەدالە لە هەولێر دامەزراوە .
ساڵی ١٩٧٠ کراوەتە ڕابەری فێرکردن لە بەڕێوەبەری پەروەردە لە پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٧٤ نێراوەتە دیوانی سەروکایەتی ئەنجومەنی یاسادانان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە تەموزی ساڵی ١٩٧٩ دا بۆ سکرتێری یەکێتیی گشتیی کوێرەکان لقی ناوچەی ئەتونومی هەڵبژێراوە

ناوی تەواو – حسین عزیز بنی ڕەشوانی
شوێن و ساڵی لەدایكبوون– هەولێر ١٩٢١ .
پلەی زانستی – زانکۆی ئەزهەر بەشی فەلسەفەو سایکۆلۆجیی تەواوکردووە .
کاری ئێستای – مامۆستایە .
کورتەیەك دەربارەی بەسەرهاتی ژیان و چالاکییەکانی :
مامۆستا بووەو ئەنجا یاریدەری بەڕێوەبەرێتیی پەروەردە ئەنجا پشکنەری شارەزا لە زمانی کوردیدا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ناوچەی ناوەڕاستدا ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە–لە ڕۆژنامەی هەولێردا هەر لە ساڵی ١٩٥٢وە تاکوو ساڵی ١٩٥٥ نووسەر بووە . ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندیی گەلە لە هەولێر .



ناوی تەواو– عمر جمیل صالح .
شوێن و ساڵی لەدایك بوون– هەولێر ١٩٤٥ .
پلەی زانستی – دەورەی پەروەردەیی پاش خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە .
کاری ئێستای – مامۆستای قوتابخانەی ڕووناکی سەرەتایی کوڕان. ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی ئۆمەراوەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە هەولێر لەدایك بووە .
لە ساڵی ١٩٥٨دا لە قوتابخانەی ئۆمەراوە قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە. بەڵام قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٦٣دا تەواوکردووە .
ساڵی ١٩٦٤ چووەتە دەورەی پەروەردەییەوە .
لە ١٥ – ١٢ – ١٩٦٤دا بە مامۆستا دامەزراوە .
چالاکیی کۆمەڵایەتیی نواندووە

ناوی تەواو – یونس عبدالله ئیبراهیم .
مێژوو شوێنی لەدایكبوون – هەولێر (گەڕەکی عەرەب) ١٩٤٦ .
پلەی خوێندن – دەرچووی ئامادەیی پیشەیی کشتوکاڵ .
کاری ئێستای – مووچەخۆر لە دەستەی گشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ – هەولێر .
چاو خشاندنێك لە ژیانی پێشوی و چالاکییەکانیدا – لەبواری کاری نیشتمانی و کۆمەڵایەتیدا چالاکی هەیە .

ناوی تەواو – همزه عثمان یونس .
مێژوو شوێنی لەدایكبوون – هەولێر ١٩٣٠ .
پلەی خوێندن – دەرچووی خوێندنی ناوەندی .
کاری ئێستای – بەڕێوەبەری هاوینەهەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی
چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی و چالاکییەکانیدا – لەساڵی ١٩٢٠ بە کاروباری کاسبی لەهەولێر ئیشی کردوە .
لە ساڵی ١٩٦٣ کراوە بە موچەخۆر لەشارەوانیی هەولێر . ئەندامی .
لە ساڵی ١٩٧٥ کراوە بە نایبەقامی قەزای چۆمان .. بەیەکەم دەوری ئەنجومەنی یاسادانان بووەو تا ئێستانی بەردەوامە ..
لە ساڵی ١٩٦٧ کراوە بە بەڕێوەبەری ئیدارەی شارەوانی هەولێر . بە جێگری سەرۆکی یانەی (الاخاء الترکمانی) هەڵبژێراوەو تا ئێستا هەرماوە . بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی فەرمانبەرانی هەولێر هەڵبژێراوە .. لە هەموو چالاکییەکانی حزبدا لەهەولێر بەشداری کردوە .

ناوی تەواو – یونس عبدالله فتح‌الله حداد .
پلەی خوێندن– بکلوریۆس لە یاسا .
کاری ئێستای – بەڕێوەبەری ئیدارەو زاتیە لە حوکمی محلی پارێزگای هەولێر .
چاوخشاندنێك لەژیانی پێشوی و چالاکییەکانیدا – دەورەی پەروەردەیی دوای ئامادەیی دەرچووەو کراوە بە مامۆستا لە پارێزگای هەولێر .
خوێندنی زانکۆی تەواو کردوەو بکلوریۆسی یاسای وەرگرتوە .
گوێزراوەتەوە بۆ پارێزگای هەولێر – حوکمی محلی بەناونیشانی بەڕێوەبەری ئیدارەو زاتیەو تا ئێستا لەکارەکەیدا بەردەوامە .
بەشداری کردوە لە دامەزراندنی لقی کۆمەڵەی (حقوقین) لە پارێزگای هەولێرواو ئێستا ئەمینداری نهێنی کۆمەڵەکەیە . بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی گەل لە هەولێر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەتا بووە سەرۆکی ئەنجومەنەکەو تا ئێستاش بەردەوامە .

ناوی تەواو – نافعە عثمان ابوبکر .
مێژوو شوێنی لەدایكبوون – هەولێر ١٩٤٤ .
پلەی خوێندن– بکلوریوس لە زانستی مێژوودا .
کاری ئێستای مامۆستایە لە ناوەندی صلاح‌الدینی کچان .
چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوس و چالاکییەکانیدا – بوە بە بەڕێوەبەری ناوەندی شەقڵاوەی کچان کە ساڵی ١٩٦٩ تا ساڵی ١٩٧٠ – لە ساڵی ١٩٧٤دا لە ریزی یەکێتیی ئافرەتان بەسەرۆکی لقی هەولێر تا ١٩٧٨ کاری کردوە .
لەساڵی ١٩٧٨ – ١٩٨٠ بوە بە جێگری سەرۆکی مەکتەبی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی – بوە بە ئەندامی دووەم دەورەی ئەنجومەنی یاسادانان .. لە دوو لیژنەدا وەکو بڕیاردەر لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئافرەتان و ئەندامی لیژنەی کاروباری ناوخۆو ڕۆشنبیری و ئەوقاف کاری کردوە . لەو بابەتە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی بەشداری کردوە کە لە گۆڤاری ئۆتۆنۆمی کە ئەنجومەنی یاساوانان دەری دەکات بڵاودەکرێتەوەو ئێستاش مامۆستایە لە ناوەندیی صلاح‌الدین کچان لە هەولێر .

ناوی تەواو – مهدی کاکو

... حبیب .
مێژوو شوێنی لەدایكبوون – کفرینەوە ١٩٥٠ .
پلەی خوێندن – دەرچووی ساڵی ١٩٦٩ – ١٩٧٠ی خانەی مامۆستایانە کاری ئێستای – منفرغە لە یەکێتیی لاوانی هەولێر .
چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی و چالاکییەکانیدا – کە یەکێتیی گشتیی لاوانی عیراق لقی هەولێر کاردەکات ئەندامی لقی ڕێکخراوی لەوجەوانانی لق هەولێری یەکێتیی گشتیی لاوانی عیراق و بەرپرسیارە لە چالاکیی زانستی و بەرهەمهێنان تیایدا .



ناوی تەواو محی‌الدین نافذ اسماعیل خۆشناو .
مێژوو شوێنی لەدایكبوون – کۆیە – هەولێر – ١٩٣٤ .
پلەی خوێندن – دەرچووی خوێندنی ناوەندی .
کاری ئێستای – سەرۆکی (ملاحظین) لە ئەمانەتی گشتیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا .
چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی و چالاکییەکانیدا – خوێندنی ناوەندی لە هەولێر تەواوکردوە . کراوە بە مووچەخۆر لە پەروەردەی هەولێر ئەندامی ئەنجومەنی مەرگەزی گەلە لە هەولێردا.

ناوی تەواو – بەشیر هادی احمد .
مێژوو شوێنی لەدایكبوون – گوندی سەربە شاخ – ناحیەی دیبەگە – قەزای مەخمور – پارێزگای هەولێر ١٩٤٣ .
پلەی خوێندن – دەرچووی خوێندنی سەرەتایی .
کازی ئێستای –
مووچەخۆر لە کۆمپانیای بازرگانی عراقیی لقی هەولێر .
چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی و چالاکییەکانیدا – لە گوندی سەربە شاخ لە دایكبووەوخوێندنی سەرەتایی هەر لەوێدا تەواوی کردوە.
لە ساڵی ١٩٧١ کراوە بە م/ملاحظ لەبەڕێوەبەرێتیی بازرگانی ناوخۆ بەشی پشکنین لە وەزارەتی بازرگانی . ئێستا (ملاحظ) لە کۆمپانیای بازرگانی عیراقی لقی هەولێر .



ناوی تەواو – محمد محی‌الدین محمد .
مێژوو شوێنی لەدایكبوون – هەولێر ١٩٤١ .
پلەی خوێندنی – دەرچووی خوێندنی ئامادەیی .
کاری ئێستای –

بڕوانە : ل : ٩

وشەی «هەڵبەست»ی کوردی بۆچی قەدەغە بکرێت

بژار

لە نیو سەدە زیاتـــرە هەڵمەتی پاككردنەوەی زمانی كوردی لە وشەی بێگانـــە گوڕی سەندووە ، مامۆستاو رۆشنبیرانمان كۆششێكـــی زۆریان لەم بووارەدا كردووەو هەوڵیانداوە بەرامبەر بـــە وشە بێگانەكان وشـــەی كوردی پەتی دابنێـــن و بەكاری بهێنن . یەكێك لـــەم وشانە وشەی ـشیعر ـە كە جاران زۆربەی شاعیرانی كۆنمان بە ـغەزەل ـ ناویان بردووەو وشەكە لەسەرزمان قورسە بە تایبەتی كە پیتی عەین ناوەندی گرتووە ، لـە كۆمەڵی كوردەوا ریشدا وەكوو دەڵێن رەمەكی مەردمەكـــە شیعرو شاعیریــــــان بەكارنەهێناوەو بەڵكو ـشاعیرـ ئەگەر لەو سووك كرابێتەوە مانای ناشیاوی جیـــاوازی دەستگیربووە .

ئیتر رووناكبیرانمـــان هاتوون وشەی ـهەڵبەست ـیان بۆ شیعر هەڵبژاردووە . وا دیارە لەبارو لەسەر زمان سووك بووە بۆیە پـــسپۆڕان و خاوەنانی ماددەكە كە شیعرە ودریان گرتووە ، ئەوەتـــا ـگۆران ـ لە سەربەرگـــی دیوانەكانی خۆی دەنووســـی ـدانەری هەڵبەســت و بیرو لێكدانەوەی خۆشی پـــێ دادەرێژێ .

هەرچەند دەگـــەم ئـــەو خەیاڵەی پێی مەســـتم بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

لەم دواییەدا لەبەر هـــەر هۆیەك بێت وشـــــەی ـهۆنراوە ـ كە دەقاوەدەقی ـنظم ـی عەرەبی بە خەریكبوو جێی وشەی هەڵبەســـت بگرێتەوە . پاشـــان زۆری پێ نەچوو ـچامەو ـچەكامەـش قووت بوونەوە . تـــا شەپۆلی دژ بە نوێی كۆنخواز وشەی ـشعرـی كرد بـــە ـشیعرـ ووا وشەی هەڵبەست قەدەغە دەكات .

وشەی هەڵبـــست بێژەیەكی ناسك و مۆسیقادارو سووك و رەوانە ، لە لایـــەن ماناشەوە بەندیـــــواری و خزمایەتی‌یەكی زۆری لەگـــەڵ ناودرۆك و مەبەستی مادەكـــەدا هەیە ، بۆ ئەوەش وشەیەكی نوێ بێ بە ـزاراوەـ ئـــەو مەرجانە پشتیوانەیەكـــی تەواون .

واش پێ‌دەچێ وشەكـــە مەیلەو كۆن‌بێ ؛ من بـــە رێكەوت چاوم بە نامیلكەیەكی ئایینی شێخ مارفی نۆدێـــێ كەوت كە لە ساڵی ١٩٣٦ لە چاپخانەی ـنجاح ـی بەغـدا چاپ كراوە لەسەر بەرگەكـەی نووسراوە ـهەڵبەستی حضرت فاضل عالم مشهور شیـــخ معروف نودی ایشده »

فەرهەنگەكەی مامۆســـتا توفیق وەهبی و ئەدمونـــدز ـهەڵبەست ـی بە هاوتـــای وشەی ـهەڵبەستن ـ داناوەو لە یەكێك لە مانا زۆرەكانـــی نووسیویەتی (دانانی شیعر ، ئەفسانە) و مانای دامەزراندن و چنین ، تێك بەستنیشـــــی داس كردووە . لە فۆلكلۆریشدا هاتووە :

من دوورو تۆ دوور بەینێك ببەستین
بە فرمێسكی چاو جۆگـــا هەڵبەستین .

جا هەموو ئەو مانایانە لەو مەبەستانە نزیكترو ناســـكترن كە مانای ـهۆنـــــــراوە

بژار كۆڵ

بڕوانە : ل : ٧

شانۆگەری «گوڵە مێخەك» چیمان فێردەكات

رەنگە پاڵەوانبازیی تاكـــەكەس .. هەندێ جار كاریگەری كاریگەر بكاتە سەر گۆڕانـــە كۆمەڵایەتیەكان و ئەنجامێكـــی ـ بچووك یا گەورە ـ بەدەستبێنێ .. بـــەڵام دەبـــێ بیروباوەڕێكی لەپاڵ دابـــێ و لەوەوبەر لای پاڵەوانەكـــەگەڵاڵە بووبێ .. ئـــەی ئەگەر ـ مێشكێكـــی پووت ـ جڵەوی ئەو كەسە سەرچڵەی لە دەستدا بێ .. تۆ بڵـێی هەر بە سەركەشـــی پووت بتوانێ شتێ بە شتێ بكات ؟!

شانۆگەری «گوڵە مێخەك» و هونەرمەندانی تیپی پێشڕەوی شانۆی كـوردی دەیانـــەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە .. كە لە ڕۆژی ٢٤ی حوزەیران و ڕۆژانی دواتریشدا لەســـەر شانۆی سانەوی سەلاحەدینی سلێمانـــی شانۆگـــەری« گوڵەمێخـــەك »یـــان پێشكەش كردو ئەم نووسینـــەدەربارەی پێشكەشكردنەكەی ڕۆژی ٢٦ ی حوزەیرانـــە .. گەرچی ڕۆژانی تریش لـــــە بارەی فیكری شانۆییەكـــەوە جیاوازی نەبوە ..

ـ رەؤوف حسن ـ

بەر لە هەمـــوو شـــتێ پێویستە بۆ ئەو خوێنەرانـــەی شانۆگەری یەكەیان نەبینیوە .. فیكرەیەك لەبارەیەوە وەرگـــرن بۆیێ بەم چەند دێرە بۆیانـــی باس دەكەم .

« مامۆستایەكـــــی چاوناسقەڵ و بێ توانا كە ناوی « عەول »ە ـ مســـــتەفا ئەحمەد ـ چاوبڕكێ لەگـــەڵ ژنی قایمقامێكی تازە دامەزراوو تازە زاوادا دەكات .. كاتـــێ پێكەوە لە باخچە گشتیەكـــەی شاردا پیاسە دەكـــەن .. قایمقام ـ ئازاد جەلال ـ لەم كارەی عەول دەهری دەبـــێ و هەڕەشەی لـــێ دەكات . . عەولیش تێ دەكەوێ و چی‌یە سەرزاری دێت لە جنێـــو هەرەشە دریغی ناكـــات . ئیتر كێشەی نێـــوان ئـــەم دوانە درێژە دەكێشـــێ و دەبێتە هۆی دابەش بوونـــی خەڵكی ئەو شـــارە بـــە دوو بەشەوە .. تا ئەنجام بـــە دەركردنـــی مامۆستاكـــە دەشكێتەوە » .

كاك سمكۆ ناكام ئـــەم شانۆییەی لە كورتـــــە چیرۆكێكی نووسەری عیراقی ـئەدمۆن سەبری ـ یـــەوە بە ناوی « باخچە گشتیەكە » وەرگرتوە .. دوای كەمـــێ دەسكاری بەو شێوەیە ئامادەی كردوە كە لەســـەر شانـــۆ پێشكەش كرا .. كە دەتوانین جیاوازیەكان لەم خاڵــــە سەركیانەدا كۆ بكەینەوە :

١ ـ كێشەكە لای ئەدمـــۆن بەهۆی چەند قوتابیەكـــی لاسارو فیتنە بازەوە دروست دەبـــێ كە دەیانـــەوێ گێتاوەرۆ یـــەك بـــۆ مامۆستاكەیان بنێنەوە . . بەڵام سمكۆ قوتابیەكانـــی كردۆتە نموونەی گوێڕایەڵـــی و كۆشش كردن .

٢ ـ ئەدمۆن وای نیشـــان دەدات كە سەرەتای هاتنـــی قایمقامی لاوو ژنەكەی دەبێتـــە تروسكایی ڕووناكی بەخشـــی بۆ خزمەتی شارەكە بەگشتی‌ی باخچەكە بەتایبەتی .. بـــەڵام لای سمكۆ تەنیـــا ڕووی ناهـــەمواری دەســـت بەسەراگرتنی باخچەكـــەو تێكدانی نەریتی ناوچەكـــە ئاشكرایە ..

٣ ـ ناوی چیرۆكەكـــە « باخچەگشتیەكە » یەو سمكۆ كردوێتیە « گوڵەمێخەك » .. بەڵام ئەم ناو گۆڕینە گەر وەك ڕەمزیش بـــەكارهاتبـــێ ، نەتوانراوە ئەو مەبەســـتە بەدی بێنێ و دوایی ئەم خاڵـە زیاتر ڕوون دەكەینەوە .

٤ ـ زۆرانبازی چیرۆكەكـە لەنێوان بەڕێوەبەری قوتابخانەو بەڕێوەبەری ناحیەكەدایە .. نەك مامۆستایەك و قایمقامێـك .. گەرچی ئەمەیان بـــە سەرزارەكی گرینگ نیە ، بەڵام كارێكی سەرەكی دەكاتـــە سەر ئیدامـــە پێدانـــی زۆرانبازیەكەو ڕاگرتنـــی لەنگـــەری هەردوو تـــای ترازووەكە .

سەرەڕای ئەم خاڵانە ســـمكۆ چوار پێنـــج مامۆســـتای قوتابخانەكەی سڕیوەتـــەوەو تەنیا مامۆستایەكی شـــاعیری لەتەك عـــەولدا دانـــاوە . لەولاشەوە چەند كـــرێكارو بازرگانێكی بۆ دروستكردوە كە تەنیـــا « ڕاوی »یـــەك دەیتوانی جێگەیان بەتـــەواوی پڕ بكاتەوە .. ئەم جیاوازیانە كارێكی وای نەكردوە كـــە گەوهەری كێشەكە فەرامۆش بكرێ و تەنیا لە درێژەپێدان‌دا دەوری خۆیان دەبینێ ..

جەماوەری شانۆ كاتـــێ لە بینینی شانۆگەرییـــەك دەبنەوە پێویستە لە خـــۆیان بپرسن : ئەم كارە هونەریـــە چی لەلا بەجێ هێشتین؟! یا هەر هیچ نەبێ بپرســـــن : ئەرێ چی وت ؟ !

ئەی چاو بەڵەك شۆڕەبی
وەك گوڵەمێخەك شین دەبی
گەر تۆ لەتەك من نەبی
نەمێنم دەك یا ڕەبی
ئەی مێخەك بۆچ هـــەر تۆم هەی
دەزانم تووی سبەی
غەمی ئەمرۆ لادەبەی
دەی چاو هەڵۆ وەرە دەی.

ئەم وشە مانادارانە كـــە لەناو ـ دەلیل ـ ەكـــەدا نووسراوە .. بۆن و بەرامەی ئەوەی لێ دێ كە ئامادەكـــەر بڕوای بە ئەوەی نوێ هەیە.. واش چاوەڕوان بووین ئـــەم ئومێدو بڕوابوونـــــە بـــە شێوەیەكـــی هونـــەری و زانستیانە لە شانۆگەریـــەكەدا پێمان بسەلمێنرێ ..

بەڵام لە ئەنجامـــــی شیكردنەوەدا بەم جـــۆرە دەكەوێتەوە :

قوتابیە منداڵـــەكان .. ئەوەی مامۆستا عەول پێیـان دەڵێ وەك تووتی دەیڵێنەوە.. تا ئەو ڕۆژەی باخچـــــە گشتیەكەیان لێ زەوت دەكرێ و كۆششیان لێ تێـــــك دەدرێ .. ئەو كاتە تێ‌دەگەن كە دەرسی «واجبات»و هەموو ئەو شتانەی دەرخیـــان كردوە هەڵەن .. چونكە تاكە كەسێكی دەسەڵاتدار دەتوانـێ ئەو شوێنە گشتیانەی هـــی هەموو میللەتە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەكار بهێنێ .. ئـــەم هەقیقەتە چ لای عەول و چ لای خەڵك و خواكە ئاشكرایە . . ئەو كەسەی سەركردەبـــی ئەم هەقیقەتە دەكات و لـــە بچینەشدا توش‌بوە مامۆستا عەولە كە سەرەڕای چـــاو باشقەڵی .. بابی دوو پـــول مێشك لە كاسەی ســـەری‌دا نیەو تەنانەت هێند بـــێ تواناو هیچ لەبارا نەبوە كە چەنـــدان ساڵە سێ‌چوار ڕستە زیاتری پێ نیە لە دەرس‌دا بەقوتابیانی بڵێتەوە ..

بەڕێوەبەری قوتابخانەش (شوكرەفەنی) ـ كەمـــال سابیر ـ لە مەرایـــــی و مەمەحەمەیی كاربەدەســـتان بەولاوە هیچی تریان لە باردا نیـــەو لەبـــــاردا بەئاستەمیش ڕووناكی تیـــا بەدی ناكرێ .. مامۆســـتا فەرهادی شاعیریش ـ حەمە ڕەشید هەرەس ـ هەمـــوو جارێ ئەوەمان بۆ دەسەلمێنـن كە شاعیر نابێ بە ئەقڵ و بیرو هۆش كار بكات .. بەڵكـــو هەردەم دوای سۆزو عاتیفـــە كەوتوە .. لە جیاتی مێشك بە دڵ بیر دەكاتەوە .. ئیتـر ئەو غونچەی ئومێدانـــە .. ئەو گوڵە مێخە كانـــەی كـــە ئەوەی دوا ڕۆژن و (غەمـــی ئەمرۆمان لادەبەن) هـــەر هەموویان بە پەنجەو ئەقـــڵ و هۆشی ئەو سێ كوچكـــــە ئەنتیكەیە پەروەردە دەبـــن ـ بەڕێوەبەرو عەول و شاعیر ـ.. جا نازانم ئەو پشكۆیانە ،بەم داوشێنانە دەگەشێنـــەوەو گەرمایی دەبەخشن یا لـــە پریشكی سووتێنەرو دووكەڵ و خۆڵەمێش زیاتر هیچی تریان لێ دەوەشێنەوە ؟! چونكـــە بەناگایەكی ترو ئامێزێكـــی كوڕبە گۆشكەری تر لــــە شانۆگەریەكەدا نابینین .

ئەمجا ئەگەر ســمكۆ ناكام لە گۆڕینی ناوی چیرۆكەكـــە بە گوڵەمێخەك مەبەستـــی ئەوە بووبێ كە بابەخـــدان بەمرۆڤ لەپێش هەمووشتێكی تردوەبە ئەمە كارێكی گەلـــێ پیرۆزە ..

دەبێ لەوە ئاگاداربین كـــە شانۆگەری كارێكی تاكە كەسی نیەو كۆمەڵێ بەهرەو بیـــرو هۆش و توانا تیای‌دا بەشدارە. بۆیێ دەبێ هەموویان لـــە كەلەبەرو ناتەواویەكانـــی‌دا بەرپرسیاربن و بە تەنیا پشت بە نووسەر یا ئامادەكـــەری شانۆییەكە نەبەسترێت . . چونكە لە كاتی پرۆڤەكردنـــی زۆرداو .. لە ئەنجامـــــی هونەمەندی و بەسەلیقەیـــی دەرهێنەرو ئـــــەكتەرو هونەریەكانی تردا گۆڕانكاری ئەوتـــــو بەســــــەر تێكســـتەكـــەدا دێـــت كـــە لە بەرژەوەندی فیكـــــرو هونەرەكەش بێت و بەهاكاری هەموویان خزمەتێكی گەورەتر بە جەماوەر بگەیەنن ..

لە كۆتاییدا ئەم چەنـــــد وردە سەرنجانە كە هەندێكی تەنیا لە شێوەی پرسیاردایـــە پێشكەش دەكەم .

١ ـ ئایا چیرۆكی كـــوردی ئەوتۆمان نەبوو كە بۆ شانـــۆ ئامادەبكرێت و لەوەكەی ئەدمۆن

بڕوانە : ل : ٧

كورتە چیرۆك — ل ئۆرتا رویدانی و گەهشتنێ

صديق شرو

ـ بەشێ یەکەم ـ

نڤیسینا لـــــسەر ڤـــی بابەتێ بەلاڤ و تا ژێ چـــوی گەلەكا ب سەهمە هەر وەسا ب سەدڤەچونەكا كوبرو دوبر بێ دڤێت . مەلەڤانەكـــێ چەلەنگ تڤیا ب كەفتە باسكا ل ڤێ دەریێ .. نڤیســـــڤان دەشێتە نڤیسین لـــــسەر بابەلاڤە چنكو ئەڤ جوینە بابیە گرانێ چەرخی ئەڤجـــــــا دوبربینەكا روهن پێ‌دڤێـــت هەمی لایێت جیهانێ پـــــێ ببینیت ..

پێ نیاسینا ـ چیڤانوكـــێ ـ

هونەرەكێ نۆیە لـــــەدێ نوزدێ ب دروستی‌یا رویدای، د دنورێ رۆژ ئاڤادا یا هاتیـــە نیاسین ، وئەوژێ ئەهمسا هندە بەر بەرێت نڤیسینێ‌ـە وهند لێ مەبەست ئەوە كو ئەوژێ تایەكێ سنەر بخۆیـــە د باغچێ تۆری‌دا روخســـار و ناڤەروكێت تایبەتی هەنە.

ئەڤ جورە پێ‌هاتیـــــە نیاسین ش لایێ گەلـــەك تۆرڤان ونڤیسڤانا ڤە ئاڤـــا و هەلاتی‌یا و ژبلی وانا ..

نڤیسڤان « ئەدگارئەلان‌بو» دبێژیت « چیڤانوك گەلەكـــا جودایە ژ چیروكێ ئەڤـــــە هەرسێ بەكانێت چیروكـــێ ب كار ئانینیت جو... كارو كریار چیڤانوك كریارەكێ وەردگریت یان كەسەكێ یان ســـــوزو گزەكێ ئان ژێ هندە ســـوزا وكرێت داخبار ..

دیسا ئەلان‌بو ئەل ڤـــێ راودستیانێ ب تنێ نیاسیـــە وهند بەلێ لـــسەر روخساری‌و ناڤەروكێ ژێ ئاخڤـــــت ، كورتیاوێ ودرێژیێ ودەمـــێ بخاندناوێڤە دچیت . گـــوت تیبا ئەمەتێ وێ لدویف شیانا خاندەڤانی بیت دل دەلیڤـــەكا كێم ئانكو ژ نیف ساعاتـــــی تا یەك ونیڤا بیت دگـــــەل خاندنەكا جالد » ...(١)

لێ هندەك لـــدویـــف وێ نیاسینێ ئەجون و وەرباندی تر لێ كر وەكی چ .جی.وێلز. گوت خاندنا وێ پێتر ش ١/٤ یان نیف ساعاتێ نەبیت...(٢) دكتور عمر الطالب گوت تڤیـــا بەبڤێت وێ ش ١٥٠٠ تـــا ٢٠٠٠ پەیڤا بیـــت محمـــد مندوریش دبێژیـــت : «چیڤانوك ب فرەنسی ئەڤەهە جارە سەربا لایەكـــێ ژیانێ‌یە ئەهەمی لایێـــت وێ زبەر هندێ بـــكارتێـــت ژ دارشتنەكێ لدویف كریارەكی یان هندە كریارا . وچیڤانوك هونەرەكێ سەربەخویە شـــ كەساو روخساری و ناڤەروكی وریكا نڤیسانێ لبەراهیـــــا نڤیسڤانی باتەنگە ژبـــــــــر هوبرباوێ چنكو ئەلـــــــی د پەبقادا دڤێت . هەروەســـا نڤیا كریارەكێ كوبر ودرێـــژ ئەرەلكربت . كو ژبـــــــان هەیامەكا درێژ پێڤە بـــەت ومژیل ببیت چنكـــــو دێ نڤیسڤان كەڤتە كـــرێ و دێ بینە لج لچا پێ‌دوی تێـــــرا وسودێ ژێ نا وەلگریت »(١)

چەوا پەیدابو .. ؟

هەولدانا ئێكێ لـــــەدێ چواردێ پەیدابو ل رومـــا . قەسرا بابای پردبو ژ كەس و كارێت وی دوست و نیاسا . دەنگ و باســـ دگێـــــران ئەدگوهاستن ، بشكا بێتـــر زوان دەنگ و باسا لســـــەر تەخا دەرەبەگابو پێوەندی ب ئولێ وكەنیشتێ ڤە هەبـــــو مەزەلەكا مـــــەزن بو هنـــدی نرخان كربو دگوتــــــی « كارگەها درەوان » مصنـــع الاكاذیب » شەڤێت درێــــــژ ب هندێ ڤە دبوراندـــن .. شێوێ ڤانە بێهن چیروكـــــا زێ دهات بەكم بێهن ژ چیروكا « بوچیو »ی دهات ئەڤـــــی چیروكەك گوت تێدا گـــــوت جارەكێ من هەڤالەك هەبـــــو ژناوی زورا مەرد بو دگـــــەل هەڤالا .. دڤیا ئێسانەكـــــێ بگەهبنتێ هزرێت خو كـــرن دكوتە ژنا خو .. ئەس تە نـــا بەردەم تەنا كوزم بەلێ هـــەر سال دێ كورەكی ش تـــــە چێكەم بنێتی كومەكا بچیكـــا راددەمە دمالێ دا شـــنیكا دێ تە هێتلم و چم دا رەزیـــــل ببی‌و شەبرزەیی ب ڤـــــان سافاكاڤە .. لڤێ چیروكـــــی مەبەست و پێوەندی دگـــەل ئولی نامینیت ورەنگەكـــــی كومەلی وەلدگریت ..(٢)

هەولدانا دووێ : ئـــــەوە ناكو بوكاچیـــــو پێ رابـــــی وچیروكێت « ئەل دیكامیرون» نڤیسین وبەرهەڤ كربـــــن وشتی دی موباسان هـــــات لبیڤا سەدێ نوزدێ ولســـــر ربكا ربالزمی چو ئــــــەوا كو پێتی وی چیروك ئیسیتیت مەزن هاتین و لدویف رێكــــا وی چوین وەكو ـ ئـــــەنتون چیكوف ، كاترین مانسفیلد، ئەرنـــست همنغوای ، لوچـــی بیراندالو ... محمود تیمور، یحی حەقی ، ئەمین یوسـف غوراب ، وداد سكاكینـــی . عبدالمجید لطفی الربیعی هتد (١) ئولكوردستانێ حســـین عارف سەروەرێ كورتـــــە چیروكێ .

چەوا چیڤانوكێا جودایە ش چیروكێ ؟

ئەم نابێژینە ڤەبەرژانـــــدا چیروكێ كورتە چیروك چنكـــو بابەتێ چیروكی بابەتەكـــــێ ساغو دروستە ش هەرســـێ ئێكاناڤە دەم و كات كـــــربار و جێهـ هەر وەسا بابە تەكـــێ بەرفرەهە و ش‌گەلەك كریارا ب كارتێت و كەسانێـــــت وێ دمەنەنە وهە ئێكی گـــــــرا خو یاهەی . تاكو ئەم دشێین كریكارێ مروڤەكی بكێنــــــە چیڤانوك .

دیسا نڤیسڤانێ چیڤانـــوك حو لسەر گەلـــەك تشـــتارا د هاڤێت ودهێلیت خـــــول بچیكی ئاگریت چەوا مـــەزن ... دبێت دەم دەوران جیهانـــێ چەوا دزڤرن یانكو ب شـــەڤ و روژا ب بـــــدویـــــف كارەمانیڤە نینە . (مروڤێت چیروكێ پێترن ش چیڤانوكێ نڤیسڤانی هند دەلیڤە نینـــە كو لسەر ئەندامێ بدلـــێ خو راخفیت وش رەهو ریشـــالا بكێشتە دەرێ ...(٢))

ئەڤاهە ب بكیر تێت كێت لدەستوداری سوشیالستی دەمێ كو كریارێت ئێكانـــــە جیهێ خۆ نەبیت چنكو زیـــان تێتە گوهورین وقارەمانـــــی بەرزەدبیت لناڤ هێزا كومەلی وگەل . هەر دەسا ئـــــــەو مللەتێت ش‌نوی رابی حـــــەژ كریارێت قادەمانی دەكـــــەن چنكو هێتش د زەعیفن و كێم هرشن چەوا بچیـــك حـــــەژ چیروكێت عنترێ كـــــوردێ شەودا دكەنو و ســـندباد و علاءالدین و هرقل و ماجستی ... هتد چنكو هەمی سەهمە و كریارێت بێ ئاڤەتن ..

و ئەڤ چیروكێت هاتینـــــە نڤیسین ل سەدەی چـــاردێ زاینی یان سەدەیێت ئاڤنجی . باسێ پالەوانێ و قارەمانیا سوارا بە لدویف تێكەهشـــتنا وێ دەستوداریێ .

نزیكە ئەڤانە ئڤی ســــــەدەی بكێرناهێن چنكو ئاگەهنـــــە كریارێت ئەو هەر وەســـــا كومەل ب ریكەكا گەل یـــــێ د چیت و ئەو ئەفسانـــــــە و هەلامتە ئەل دیف ئاقلـــێ وانە ئەڤە ب كێرناهێن لدەمێ ئامیرەتی و چەرخـــــێ ئەلەمتریكێ . چونا بانـــێ هەبڤێ .

١ ـ فن القصه القصیره ـ ص١ د رشاد رشدی .

٢ ـ الروایه العراقیه د عمر محمد الطالب .

دوو پارچە شیعری یەسەنین

شێركۆ بێكەس
بە شیعرەوە
كردوونی بە كوردی

هـــۆ زریان ، زریانی بەفـــر
لە ڕێگەتـــا ، لەگـــەڵ خۆتـــا
ڕۆژانی سیس‌بـــووم ڕامالە .
من ئەمەوێ ، ببمە منداڵێكی ڕووگەشـــ
باخور گوڵێ لە مێرگێكدا
من ئەمەوێ بمرم‌و گوێم لە لێدانی ،
فیكەی شوان بـــێ
چ لەبەر خۆم‌و چ لەبەر كەسانی‌تر .
بەفرانباری ئێوارانیش .
بە زرنگەی ، زەنگـــــی ئەستێرە ئاسایی .
گوێچكەی بیستنم بڕێنا .
ئای لە سـۆزی ئەو ئاوازە زۆر ڕەوانەی ،
كە ئەشكەنجە ، لەناو گەردەلوولی بەفرا .
نوقم‌ئەكا .
من ئەمەوێ وەك درەخت بـــم
لە ڕێوباندا ،
لە سـەر یەك قاچ ڕابوەســـــتم .

●

من ئەمەوێ دەس لە ملـــی .
درەختە بچكۆلانەكەی تەنیشتم كەم .
دەنگ‌دانەوەی پڕمەو كوڕزی ئەسپیش هەر .
لە گوێمدابێت .
دە كەوانە ئەی دەستی مانگـــ
خەمباریم وەكوو گۆزەی پڕ ،
سەرخە بۆ لای بڵندیی خۆت .
١٩١٩

٢ ـ (. . . . .)
گەڵای درەخت ئەوەرێت‌و هەر ئەوەرێ‌و ،
«با»یش بە ئەسپایی‌و بـــەردەوام ،
ئەناڵێنێ .
هاوڕێكەم ! كێ بێ دڵی من شادبكات ؟
كێ بێ ئارام سوكنایی بێ ببەخشێ ؟

●

من گەلێ جار پێڵوی قورسم هەڵ ئەبڕم‌و .
ئەڕوانمە مانگ .
بەرفراوانە بێ‌دەنگی‌و ، جارێكی‌تر ، كەلەشێریش
دەس‌ئەكاتەوە بە بانگ‌دان .

●

وا گەردوو گوڵی بەیانەو هەست بە خۆشی‌ی .
باڵەفڕێی هەموو ئەستێرەكان ئەكـــــرێ .
كام ئارەزوو .. چ حەزێكـــە
لێوان لێو گیانی پڕكردووم ؟
ئەبێ چی بێ ئا ئـــــەو حەزە ؟

●

لە ژێر باری قورســــی دنیادا ئەبێ من .
هیوام چی بێ ، كاتێ ماڵ‌و چارەنووسم ؛
بە ئەفرەت‌كرد ؟
ئەمڕۆ ئارەزووم وەهایە .
لە پەنجەرەی ژوورێكەوە ..
لە كیژێكی جوانی منداڵ وردبمـــــەوە
ئەویش بە نیگای وەكوو دوو ،
گڕلە عەمبەری شینـــــەوە
بە دەم‌و دوو هەستی تازەو شیرینەوە
هەر بۆ خۆم‌و كەسی تر نا
ئارام بخاتە دڵمەوە .

●

لە ناو هێمنی‌و بێ‌دەنگی بەر تریفەی .
مانگە شەودا خـــۆم ئەبینم
منداڵێكی دڵ خۆشی‌كەم .
هەرگیزو قەت پەشیمان نیم لە جارانی منداڵی خۆم

●

بەم دواییەش بۆم نووسرابوو كــــــەدیم‌و .
لەرو لاوازوو گیان شەكەت
شوێن قافیـــــەی دەربەدەری خۆم ئەكـــەوم .
١٩٢٥

١ ـ سەرچاوەی ئەم‌وەرگێرانە ، كتێبی ـ یەسەنین :شیعری هەڵبژاردە ـ یە كە لە چاپكراوەكانی وەزارەتـــــی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی عیراق و لە لایەن شاعیری ناســـراو حسیب الشیخ جعفر)ەوە بە شێوەی پەخشـــان ڕاستەوخۆ لە زمانی ڕووسی‌یەوە كراون بە عەرەبی . دوو شـــــیعری دوایی هەر لە ئەسڵدا یەسینینی خۆی ناوونیشانی بـــۆ دانەناون .



چیرۆكی ئەو باڵەوانەی كە سۆزی هەموو یاری دۆستانی جیهانی هەژاند

هیچ یاریزانێك لە جیهاندا ئەگەیشتۆتە ئەو پلە ســـەرسوڕهێنەرەی كە ـبیلیەـ لە ـ١٣٦٢ـ یاریدا بەشـــداری كردووەو لە ئەنجامی ئـــەو یاریانەدا ـ١٢٨٠ـ گۆڵـــی تۆمار كردووە.

ـبیلیەـ بە هۆی ئەو توانـا بەرزەی كە هەیبووە لە هیچـی نەبوونییەوە گەیاندوویەتـــە پلەیەكی مەزنـــــــیی و ناوبانگییەكی هێژاوبان پـــێ داوە.

ـبیلیە ـ خۆی ئیكـــاری لەمە نەكردووەو هەمیشـــە سوپاسی یەزدانی كردووە كە ئەو بەهرەیەی پێ بەخشیوە.

ـبیلیەـ لە دوا یاری ئـــەم دووایییەیدا كە لە نیویـــۆرك كرا لە كاتێكدا كە یاریگـــای بەجێ هێشت فرمێســـكو زەردەخەنەی ئاوێتەی یەكتر كردبوو چونكە وەك خـــۆی دەڵێت ئەو تۆپە بەجـــێ دێڵێت كە دڵ و گیان و ژیانـی بووە.

ـساڵداناـی ڕۆژنامەنووسی بەرازیلی بەم جۆرە باســـی بیلیە دەكات و دەڵێ:

ـبیلیە بۆ بەرازیـــل وەك شكسپیر وایە بۆ ئینگلیز ـ.

سەدەها جار تۆپی قاچـی بیلیە تۆڕی ـشەبەكەـی گۆڵـی یاریگاكانی لەراندووتـــەوەو سەرنجی هەموو كەسێكـــی بەرامبەر خۆی ڕاكێشـــاوە

لەبەرئەوە كارێكـــی دژوارو ژانە كە لە بیر خەڵكی بچێتەوە بیلیەـ هەر لە تەمەنـــی ـ١٧ـ ساڵییەوە ئەستێـــرەی ناوبانگی كەوتۆتە درەوشانەوەو هەر لەوكاتەوە بۆتە یاریزانێكی دوەلی لە جیهاندا.

ئەو یارییەی كە لە ساڵـــی سەركەوتنی بەرازیل بـــە سەر ئوروگوای‌دا لە ئەنجامی ئەو یارییەی كە لە ساڵـــی ١٩٧٠ كرا. بیلیە بـــووە مەزنترین یاریزانی هەمـــوو جیهان. لەبەرئەوەی لـــە گۆڵێكی سەر سوڕهێنـــەری تۆمار كرد بو بۆ تیپەكەی كە بوو هۆی سەركەوتنـــی بەرازیل و هەر ئەمـــەش بررە ڕێگا خۆشكەرێك بـــۆ هەمان سەركەوتنیان بە سەر ئیتالیا داو ئەنجا دەســـت هێنانی ـكاسی جیهانی ـ.

باوەڕ بە خۆبوون لە نـــاو یاریگا دا هەر لە تەمەنـــی ـ١٧ـساڵییەوە كە بـــووە یاریزانێكی دوەلی لـــە جەستەو هۆشی ـبیلیەـ دا لە دایك بوو.

ـبیلیەـ بەختێكی ســـبی و لـەباری هەبووە كەلەگـــەڵ یاریزانە گەورەكانی جیهانـدا دانراوە وەك ـسانتۆســـی‌ـ دیدیـ كارینشا ـزاگالـــوـ هەروەها بەشدار بوونیشـــی لە گەڵ ـجیرسۆن و ئۆسناوـ دا لە مەكسیك.

هۆیەكی تری ناوبانگی‌یەكەی ئەو توانا جەستەییە ـالقدره البدنیه ـ بەرزەی بوو. بـــە بێنجەوانەی باوكی‌یەوە كە بـــە شكانی قاچ و دەست و نەبوونی و دارایی‌یەكی پێویستەوە دەینالاند بەڵام سەرەڕای ئەمە ـبیلیەـ ی كوڕی فێری خۆشەویستی و تۆپ و زاڵ بوونی بەســـەر تۆپدا دەكرد.

ـدوناـی دایكـــــــی دەسەڵاتێكی بەرزی هـــەبووە لە ناو ماڵداو سەرەڕای ڕۆحە ئایینیە بەرزەكەی.

دایك و باوكی بیلیـــــە هەوڵێكی زۆریان دا تـــــا كوڕەكەیان لە مرۆڤێكـــــی هەژارو نەبوونەوە گەیانـــــدە ریزی پیاوە بەرزەكان.

بیلیە ـ لە ماوەی ژیانـــی وەرزشینی دا بە دیدەنی ـ١٠ـ مەلیك و ـ٧٠ـ سەرەك كۆمارو ـ٤٠ـسەرەك حكومەت شـــاد بووە.

لە كاتێكدا كە لە یاریگـــا دەهاتە دەرەوە هەموو خەڵك و هاوڕێكانی ئاسیاو و نەناسیاو دەچوونە لای و ئەویشـــــ ـشەربەتی ـ بە ســــەر هەمووياندا دەبەشییەوەو لـــە جەرگەی دەروونیشی‌یـــەوە گۆرانی دەووت.

ئەنجا دەبا یادی ـبیلیەـ ی مەزن بۆ هەتا هەتایی لەبـــەر چاومان بدرەوشێتەوەو هەرگیز نەیخەینە گۆشەی لـــە بیرچوونەوە.

سلیمانی ـهوشیار قادر رسول

وونەی ژمارە

سەرنج و خواست

خوێنەری بەڕێز:

وەك لە سەرەتاوە. لــــە یەكەم ژمـــارەی لاپەڕەی وەرزش و لاوانەوە ڕامان گەیاند. ئەم لاپەڕەیە جارێ بە پێی باری ڕۆژنامەكەمان. مانگـی جارێ دەر دەچێ. ئەم مانگی جاریش حەز دەكەین تەرخان بـــێ بۆ ئـــارەزووی وەرزشەوانی و ئـــارەزووی لاویەتی ئێوە. بۆیە دووبـارە داواتان لێ دەكەین كـــــەنكەونە خۆو بۆمان بنووسن و دەنگ و باسی چالاكـــی وەرزشەوانێكان بــــــە پەیامنێرەكانماندا بگەیەنـــن و چاوەڕێی هیمەتـــی ئێوەبن.

ئەم سرنج و خواســـتەی سەرەوە لە هاوكاری ژمـــارە ـ٢٩ـ ی ٩ـ٦ـ١٩٨٠ دابڵاومان كردەوە. جا تكامـان وایە نامەمان لێ نەبڕن و بـــێ بەشمان نەكەن لە بەرهەمـــە ڕەنگینەكانتان و نـــاوو ناونیشانی تەواوی خۆتـــان بنووسن ئەگینا نامەكانتـــان ئەخرێتە پشت گوێ.

وەرزش و لاوان.

تۆپی پێی ئینگلیزی لە چاوگەی سەدەیەكدا

ناوبانگی ئینگلتەراو دەنگـــی ئینگلتەرا لە بوواری تۆپـــی پێ دا لە گوێمان دا دەنگـ دەداتەوە. تەنانەت لـــا ئێستاش بە شای تۆپی پـــێ دا دەنرێت.

زۆر سەركەوتنیان بـــە دەست هێناوەو لە هەنـــدێ یاریش‌دا دۆڕاون لـــە مێژووی ئەم وڵاتـــەدا گرنگترین و بە ناوبانگترینـــن ڕووداوی تۆپی پێ بـــەم شێوەیەی خوارەوە دەست نیشان دەكرێ.

لەو یاریانەدا كە دۆڕاوە:

١ ـ بەرامبەر ـ وڵاتـــە یەكگرتووەكانی ئەمەریكـا ـ ساڵی ١٩٥٠ لە ـبەرازیل ـ كە ئەمە یەكەم پاڵەوانێتـــی بووە كە ئینگلتەرا بێگاتێ.

٢ ـ بەرامبەر ـ مەجـەرـ لە تشرینی دووەمی ساڵـــی ـ١٩٥٣ـدا كە ئەمە یەكەم جار بوو ئینگلتەرا لە وڵاتـــی خۆی دا بدوێت.

٣ ـ لە ئاياری ساڵی ١٩٥٤ ـمەجەرییەـ كان جارێكی كە لە ئینگلتەرایان بردەوە بـــە ـ٧ گۆڵ بە ١ گۆڵ ـ.

٤ ـ بەرامبەر ـئەڵەمانیـای ڕۆژئاوا ساڵی ١٩٧٠ لەـمەكسیك لێتۆڵەرەوانی وەرزش هۆی دۆڕانی ئەم یاریـــــە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی كـــە یاری زان ـبۆبی چالتۆن ـلە یارییەكە هاتۆوتە دەرێ.

هۆی كەبی تیپـــــی ئینگلتەرا ئەگەڕێتەوە بـــۆ ئەوەی لەكاتی پاڵەوانێتیـــی ساڵی ١٩٥٨ دا بۆ كاسـی ئەورووپای یانەكانی پاڵەوانانـی دەورەی میونیخ كــــە فڕۆكەكەیان گڕی گـــرت و ئەندامەكانیان سووتان، پاش ئەوان یانـــەی ـ مانشـــستر یونایتد ـجێگەی گرتەوە.

ئەو یارییانەی ئینگلتەرە تێیدا سەركەوتنی تێدا وەدەســـ هێناوە

١ ـ ساڵی ١٩٦٦ بە سەر ـئەڵەمانیـــای ڕۆژئاواـ دوو گۆڵ بە هیچ.

٢ ـ لە حوزەیرانی ساڵـــی ١٩٥٣ دا لە نیویۆرك بەســـەر وڵاتە یەكگرتووەكان‌دا ـ٦ ـ گۆڵ بە ـ٣ـ گۆڵ.

بەناوبانگترین یانـــەی ئینگلیزی بۆ تۆپی پـــێ ـمانشستر یونایتـــد ـو ـلیڤەربوڵ ـ٥.

ناوبانگترین بە ڕێوەبـــەری یارییەكان لە ئینگلتەرا ـ دۆن ریفی‌ـو ـئاڵف رمزیـ یە.

بە ناوبانگترین یاریزان.

ـبۆبی چارلتـــــون ـو ـبۆبی هۆر ـ و ـ كوڵـــــن تود ٥. دروشمی ئەو تیپانـــە ئەمەیە ـ لە پێناوی پلەیەكـی بەرز تردا.

ئاوات محمود مصطفى
جامعه التكنولوجيه

یاسای كێش و چێوەی تۆپ

بێ گومان ژمارەیەكی زۆر یاری هەیە لە جیهانـــــی وەرزشدا. هەندێكی بـــــە تۆپ دەكرێت و ئەوانی تـــری بە بێ ـتۆپ ـ.

ئەو یاریانەی كە تۆپـــی تێدا بە كار دەهێنرێت یاسای تایبەتی بۆ كێش ـقورسایی ـ چێوەكەی ـمحیط ـ دانـــراوە بە پێی جۆری یارییەكە.

لێرەدا كێش و ئەوارەی یان قورسایی چەند تۆپێكی یاری دەخەینە ڕوو كە بە پـــێی یاسای وەرزش دانراوە بـــۆ هەموو جیهان.

١ ـ تۆپی ـپێ ـ.
كێش ـقورسایی ئـــەم تۆپە لە نێوان ـ٣٩٦ بۆ ٤٥٣ـ گرامەو چێوەی لە نێوان ـ٦١ بۆ ٧١ـ سانتیمەترە.

٢ ـ تۆپی ـسەبەتە ـ.
كێشی ئەم تۆپە لە نێوان ٦٠٠ بۆ ٦٥٠ ـ گرامەو چێوەكەشی لە نێوان ـ٧٥ بـۆ ٧٨ـ سانتیمەترە.

٣ ـ تۆپی ـباڵە ـ.
كێشی ئەم تۆپە لە نێـــوان ـ٢٥٠ بۆ ٢٨٠ـ گرامـــــەو چێوەكەشی لە نێوان ـ٦٥ بـۆ ٦٧ ـسانتیمەترە.

٤ ـ تۆپی ـدەست ـ.
كێشی ئەم تۆپەش لە نێوان ـ٤٢٥ بۆ ٤٧٥ـ گرامـــــە چێوەكەشی لە نێوان ـ٥٨ بۆ ٦٠ سانتیمەترە.

٥ ـ تۆپی ـهۆكی ـ.
كێشی ئەم تۆپە لە نێـوان ـ١٥٦ بۆ ١٦٣ـ گرامـــــەو چێوەكەشی لە نێوان ـ٥ر٢٣ بۆ ٤ر٢٤ـ سانتیمەترە.

٦ ـ تۆپی ـئاو ـ.
كێشەكەی لە نێوان ـ٤٠٠ بۆ ٤٥٠ـ گرامەو چێوەكەشی لە نێوان ـ٦٨ بـــۆ ٧١ ـ سانتیمەترە.

٧ ـ تۆپی ـمێز ـ.
تۆپێكی بچووكەو كێشەكەی ٥ر٢ گرامە چێوەكەشـــی ٥ر١١ـ ئۆنسە.

شەماڵ علی قادر

ئەستێرەیەكی ئیتالی

ئەو لاوە ئیتالییە ئەستێرەی لە ئەرجەنتین درەوشایـــەوە زیانی لە گەڵ تۆپدا تێكۆشـــان و ناڕەحەتییە ـباولو روســـیـ ئیتالی تەمەنی ـ٢٣ـ ساڵـــە هەڵگری نازنـــاوی ـ لاوی زێڕـ ە. لە بـــەر ئەوەی زۆر شتی تێدا كۆبۆتـــــەوە. كــــۆبوونـــــەوەی شتێك لەم شتانە پێداوێكـــە درایەتە یاریزانەكان. بـــەڵام یاریزان ـروسیـ ئەم هەموو شتانەی تێدا كۆ بۆتـــەوە. ژیری. تیژی. واتە تیژی لە ڕاكردن.

ئەوەی سرنج ڕاكێشـــەرە یاریزان ـ باولو روسی ـچەند جارێك تووانیویەتی نەیەڵـــی گۆڵیان لێ بكرێ. ســـەرەڕای ئەوەی تیپی بەرامبـــەر زۆر ڕەق و خراب یاریـــان ئەكرد ـخشن ـ چونكە ئـــەم جۆرە كەسانە لە هەســـتی مرووەتی ـ شاعر انسانیەـ دوور ئەكەوونەوە. لـــەو كاتەدا كە هەست بكەن كـــە گۆلیان لێ ی ئەكرێ.

ـروسیـ دێتەوە یادی كە هەوڵ جاری چۆن بـــــووە لە گەڵ تۆپدا. چونكە لـــــە یاریزانێكی بچووكەوە بۆتـــــە یاریزانێك و ئەستێرەیەك بایی ـ٣ـ مەلیۆن چوونەیـــــە ئەستەرلینی ـجنیە استرلینیـ بێ.. كاتێ ـ١٦ـ ســـــاڵان بووم چوومە ریزی یانـــــەی ـكانولیكا فیرتۆس‌ـوە.

ئەم یانەیـــــەیش نازە پێگەیشتووەكان ئەچوونـــــە ریزییەوە لە هەرێمی ـتوسكاـ لە پاش ساڵێك چوومە ریزی یانەی ـبۆفنسیـ وە. لـــە هەموو یارێكاندا بەشدار بووم بە بێ ئەوەی هەلێكم بـــۆ هەڵكەوێ یاری بكەم لە ریزی یارییە یەكەمەكاندا. هۆكەشـی ئەوە بو گۆلم زۆر ئەدا بـــەدەستەوە والێم گەیشتن كەمن ... ئەوانە هیچ بكەم. لە مانگـی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٧٥دا یانەی ـ بوتینتوس ـ دامیـــە ... ـ گۆمۆ ـ ی پلـــە ... و هەشت مانگ مامەوەو ـ٦ـ یاریم كرد.

كاتێ ماوەكە تەواو بـــــو ... یانەی ـ لانیروسی ... ـبۆفینتوس‌ـ ... ئەو كاتـــــە ... بلـــە ... هەڵێم دانێ كە لە هەموو یاری یەكاندا بەشدار

بڕوانە: ل: ٧

٥/٥ ملیۆن تەماشاكەر بۆ ئۆلۆمپیادی مۆسكۆ هاتبوون

نزیكەی دوو ملیۆن نیـــو تەماشاكەر هاتبوون بـــۆ ئۆلۆمپیادی مۆسكۆ ئـــەم ئۆلۆمپیە دەورەی ـ٢٢ـیە. كە كۆتایی هات لەم دواییدا لە مۆسكۆ.

ڤلادیمیر بۆبۆفـ ی جێگری ئیـــدارەی رێكخـــەری ئۆلۆمپیادی ســـــاڵی ١٩٨٠ ووتی: لە ٩٠٪ هاتبون بۆ تەماشاكردن و ئەم ژمارە زیادیە كۆنەكـــەی ڕوخاند كە لە دەوری یارییەكانی میونیخ لە ساڵـــی ١٩٧٢ دا بەسترا. لە ٧٢٪ هاتبون.

بۆبۆف ووتی: مەڵبەنـــدی ڕۆژنامەگەری دێی ئۆلۆمپـی ـ٥٠٠٠ـ هەزار بڵاو كراوەی ڕاگەیاندنی بڵاو كـــردەوەو ـ١٩٠٠ـ هەزار شریتی ووێنەو ـ٢١٢ـ هەزار داوا بـــە تەلەفۆن تۆمار كرا.

لە مەڵبەندی ڕۆژنامەگەری ـ١٤ـ كونگرەی ڕۆژنامەگەری بەسترا لە پێش دەســـت پێكردنی ئۆلۆمپیـــادو ـ١٦ـ كۆنگرە لە كاتی دەســـت پێكردنی ئۆلۆمپیاد هەموو لە پێناوی وەرزشدا بو.

دیدەنی یەكێ فرۆلشكری و خلیل رحیم محمد

عوسمان عەبدولواحید خۆشناو

لە ٢٥ـ٢٩ـ٦ـ١٩٨٠ بـــە چاودێری پارێزگاری هەولێر بەڕێز بەهادین ئەحمەد لـــە مەڵبەندی لاوانی هەولێـــر پاڵەوانێتی زۆرانبازی كـــراو پاڵەوانێتەكە زۆر پارێزگاكانی وڵات تێدا بەشدار بـــوون و پێنج ڕۆژی خایاند. بـــەم هۆیەوە چاومان بە فێركـــەری زۆرانبازی مەڵبەندی لاوانـی هەولێر كەوت كە كاك

١ ـ فرۆ لشكـــریـ یە. بۆ ئەوەی لە بارەی ئـــەم پاڵەوانێتە بدوێ ..

پ١: چەند پارێزگاو یاریكـەر لەم پاڵەوانێتیە بەشدار بوون؟

و١ ـ شازدە پارێزگا لـــەم پاڵەوانێتیە بەشدار بوون تەنها پارێزگای دهۆك و ئەنبـــار بەشدار نەبوون. ژمـــارەی یاریكەرانیش ـ٤٠٠ـ یاریكـــەر دەبوون، هەروەهـــا تەمەنیان لە ١٣ ساڵـــەوە بۆ ١٦ ساڵ بوو.

پ٢: ئایا ئەنجامی هەولێـــر لەم پاڵەوانێتیە چۆن بوو؟

و٢: هەولێر لە پارێزگاكانی وڵاتدا بە سێیەم دەرچـــوو. ـ٣٢ـ خاڵمان هەبوو بـــە خاڵێك بردمانەوە.

ئەو یاریكەرانەش كە بەشدار بوون ئەمانەن

١ ـ جمیل محمد
٢ ـ همداد لشكری
٣ ـ نشاءة بشیر
٤ ـ جلبی شكر
اسماعیل حسن.

ئەم یاریكەرانە هـــــەر پێنجیان بە یەكەم دەرچـــوون واتە هەر یەكێكیان لە تاكی‌دا بە یەكەم دەرچوون

پ٣: ئایا ئەم یاریكەرانـــە ئەچن بۆ هیچ لایەك؟

و٣: ئەم یاریكەرانە باشـــن ماوەیەكی كە ئامادەن بوون بۆ سوید بۆ بەشداری كردنـــی پاڵەوانێتی جیهانی. كـــە باش ماوەیەكی تر دەكرێ.

پ٤ دوا ووتەت چی‌یە؟

و٤ هیوا و ئاواتم ئەوەیە ئـــەو یاریكەرانە سەركەوتنێكـــی باش وە دەس بهێنن تاكـــو ناوی وڵاتەكەمان بـــــە

هۆیانەوە بەرز بكرێتەوەو هـــەر و. ڕەنجی ئێمەش بـــــە فیرۆ نەڕوا چونكە لـــــە مێژەوە پێیانەوە خەریكین.

٢ ـ كاك خلیل رحیم محمد.
سەرۆكی یەكێتی بۆكسینـــی مەڵبەندی لاوان لە هەولێر.

لە ١ـ٧ـ٧ـ١٩٨٠ لـــــە مەڵبەندی لاوانی هەولێـــر پاڵەوانێتی بۆكسین كـــراو هەفتەیەكی خایاند و هەمـــوو ڕۆژێك چەند یاریگایـــەك بەشداری ئەكردو ئێمەیش چاومان بە سەرۆكی یەكێتی كەوت لە مەڵبەندی لاوان.

پ١: چەند یاریگا لـــە...

بڕوانە: ل: ٧

باشترین یاریزانی باسكە لە سلێمانی بۆ هاوكاری دەدوێ



یاری باسكە لە هەمـــوو او شاری سلێمانیـــــدا شوێنێكی باشی لە نێـــوان یاری‌یە وەرزشی یەكانی تردا گرتووەو گەلێ یاریزانی باشی ئەم یاری‌یەی تیایە لە بچـــووكو گەنج و تازە پێ گەیشـــتـوو یاریش‌دا دۆڕاون. لـــــە لاوان و ئاستێكی باشـــیان هەیەو لە زۆر یـــاریی پاڵەوانێتیدا ئەم شتەیـــان سەلماندوو بە تایبەتی لـــە دەرەكانی وڵاتداو لە پێشـــ هەموو یاریكەرەكانی لاواندا ڕێبوا عمر حسن ـە كـــە نموونەی وەرزشەوانی ژیـــرو ڕاستەقینەیەو یاری زانێكـــیی لێ هاتووو بەتوانایەو لـــە زۆر یاری و پاڵەوانێتـــی ناوخۆو دەرەوەدا ئەم شتەی سەلماندووەو جێگای شانازی و باس كردنی هەموو هاوەڵەكانی بووەو بۆ ناسینی ئـــەم وەرزشەوانە هاوكاری چووە لای. ئەویش پێی خۆشـــبوو نۆی دووا و دەربارەی ئـــەم یاری‌یەو هەندێ كاروباری تری وەرزش و هیوای خۆیـــی ووتی:

من لە دایك بووی ١٩٦٥م و هەر لە سەرەتای ساڵـــی ١٩٧٣ وە ئیتر بەردەوام یاری اسكەو باڵەم كردووە تا ساڵی ١٩٧٨ هەڵیان بژاردم بـــۆ ئەندامی تیپی تـــــازە پێ گەیشتووەكان و ساڵی ١٩٧٩ لە پاڵەوانێ تـــــازە پێ گەیشتووانی وڵاتـــدا هاوبەشیم كرد كە لـــــە كەركووكدا سازكراو مانگـــی چواری ئەمساڵیش لـــــە پاڵەوانێتی ناوچەی ژووروودا بە یەكەم دەرچووین و هاوبەشی

حمه سعید حمه كریم
پەیامنێری هاوكاری لە سلێمانی

بڕوانە: ل: ٧

لە ڕووداوە سەیرو گرنگەكانی

ئۆلۆمپیادی مۆسكۆ

ئامادەكردنی: مەغدید حاجی

● ڕۆژی یەكشەممـــەی ڕێكەوتی ٣ـ٨ـ١٩٨٠ خولـــی بیست و دووەمیـــی یارییەكانی ئۆلۆمپی لـــە مۆسكودا كۆتایی پێ‌هات كـــە ١٦ ڕۆژی پڕ لە یـــاری هەمەجۆری خایاند..

لەم خولەدا یەكێتـــی سۆڤیەت زۆرترینـــی خەڵاتەكانی بردەوەو لە نێـــو هەشتاوپێنج وڵاتـــــی بەشداربووی خولەكەدا پلـەی یەكەمی دەرهێناو ئەڵەمانیـای دیموكراتیش پلەی دووەمـــی وەدەست‌هێنـــا. لە دوای ئەوینیدا بولگاریا هـــات. كوبای ئەمەریكای لاتینیش بـە چوارەم دەرچوو!. لـــە شوێنێكی‌تری ئەم لاپەڕەیـــەدا خشتەی خەڵاتەكـــان بڵاو كراوەتەوە.

● ڕاستە كـــە دەڵێن: ڕستی لەسەر لێوی منداڵاندا سەما دەكات. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەش ئەوتانێ لـــە پێشانگای وێنەی منداڵانـــی جیهاندا؛ كە بە بۆنـــەی بەستنی خولی بیســـت و دووەمینی یارییەكانـــی ئۆلۆمپی لەژێر دروشمـــی ـئاوا جیهان دەبینم ـ لـــە مۆسكۆدا ڕێكخرا، زۆربـــەی منداڵە بەشداربووەكانی وڵاتـــە جۆربەجۆرەكانی جیهان وێنەی تۆپی پێیان دروست كردبوو. بێ گومان ئەمەش میللی‌یەتـــی ئەم یاری‌یە لەسەر ئاستـــی جیهانیدا دەسەلمێنێ..

ئاشكراشە كە لە خولـــی ئەم جارەی مۆسكـــۆدا جێكوسلۆفاكیا خەڵاتـــی زێڕینی یاری تۆپی پـــێی بردەوە، ئەڵەمانیـــای دیموكراتیش خەڵاتی زیوینی بردەوە. خەڵاتی سێ‌یەمیش وەدەر یەكێتی‌سۆڤیەت كەوت

● ـ پێشوازی لـــە ئۆلۆمپیادی ٨٠ دەكەیـــن ـ لەژێر ئەم دروشمەدا، لـــە چێشتخانەی ـ صوفیاـ لە مۆسكۆدا پێشبڕكێیەك بـــۆ دیاری كردنی باشترین و بەتامترینی ئەو خواردەمەنی‌ـ یانەی كە پێویست بـــوو پێش كەش بە بەشـــداروو میوانەكانی ئۆلۆمپیادی ساڵـی هەشتادا بكرێن. لـــەم پێشبڕكێیەدا ژمارەیەكی زۆر لە چێشتلێنـــەرو حەلواچی‌یەكان بەشداری‌یان كردو گشت خواردنـــە پێشاندراوەكانیش دروشمی

ئۆلۆمپی‌یان بەســـەردا هەڵكوسرابوو.!!

● لە خولی مونتریالـــی ئۆلۆمپی‌دا كە لە ساڵی ١٩٧٦ دا ڕێكخرا، كچە ڕۆمانـــی چواردە ساڵانە ـ نادیـــا یاری‌یەكانی ـجیمـــنازـ ی كومانتشی ـ خەڵاتی زێڕینـی بردەوەو سەرنجی جیهانـــی بۆلای‌خۆی ڕاكێشا!، هـــەر بۆیەش ڕۆژنامەكـــان و هۆیەكانی‌تری ڕاگەیاندن ناوی خولەكەیان بە ناوی خولـــی نادیا كومانتش‌یەوە ناونا..

بڕوانە: ل: ٧

بەتەنگەوە هاتنی کاروباری خەڵك

شێرزاد عبدالرحمن
پ . هاوکاری لە هەولێر

گفتوگۆیەکی سەربەست لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێردا



لەم ماوەیەدا رۆژنامەی «هاوکاری» چەند گفتوگۆیەکی سەربەستی لە گەڵ هەندێ لە دامودەزگاکاندا کردووەو بە هیوا ... ەوە هاوولاتی دڵنیا کەین و لە هەنگاوی نوێتری بە دوواوەبێ .

... شاری هەولێر دەکرێ ، شارەوانی هەولێر کە بەیوەندییەکی نزیکی بە خزمەتگوزاری و ژیانی هاوولاتیانەوە هەیە دێتە پێش ئەوەتا زۆرجار لە «هاوکاری و کۆمەلانی خەڵك»دا باس لەم گیروگرفتانە دەکرێ و شارەوانی هەولێر بەرامبەریان بێدەنگەو وەلامی ئەو سکالایانە نادرێتەوە ، بۆیە . ئێمە خۆمان چووینە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێرو گفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسیمان لەگەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێرو سەرۆکی بەشەکانی ئەم بەڕێوەبەراییە سازکردو زیاتر لە سێ سەعاتی رەبەق زۆربەی گیروگرفتەکانمان خستە بەردەمیان و چاومان بە مامۆستا نەوزاد حکیم کەوت

● ئەوی راستی بێ . پێش هەموو شتێ دەمانەوێ ئەوە ئاراستەی بەڕێزتان بکەین کە خەڵکێکی زۆر گلەیی هەیە بەرامبەر بەوەی تا ئێستا هەولێر لە پیس و پۆخڵی و ناڕەحەتی ئەم دیاردانە رزگار نەبووە و تاکەی بیر لە چارەسەری ئەم مەسەلەیە ناکرێتەوە ؟!.

× کاکی برا منیش لە گەڵتانم کە هەولێر سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییەی تێی کەوتووە هەنگاوی ناوە ،لەم دەردی سەری یە رزگاری نەبووەو هۆیەکەشی بەلای منەوە دەگەڕێتەوە سەر زۆربوونی ئیش و کارەکانمان و گوناهی راستەوخۆی هاوولاتییان خۆیان کە هەرگیز هەست بەلێ پرسینەوە ناکەن بەرامبەر بە راگرتنی خاوێنی لەم شارەداو هاوکاری لە گەڵ شارەوانیدا ناکەن بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی پیس و پۆخڵی لە گەڕەکان و ئەمەش دیاردەیەکە ئێمە خەمی پێ ئەخۆین ، بەڵام ئاشکرایە ئێمە بەبێ هاوکاری کۆمەلانی خەڵك ناتوانین ئیش و کارمان جێبەجێ بکەین

● بەڵام مامۆستا . من خۆم زۆر جار ئەوەم دیوە کە ئۆتۆمبێلەکانی خۆتان دەور لەم مەسەلەیە دەگێڕن و هەرچی زبڵ و پیساییەك هەیە فرێی ئەدەنە گەڕەکە میللییەکان ..

× ئەم دیاردانە هەبووە ئێمە نکوڵی لێناکەین . بەڵام بە شێوەیەکی وەختی بووە نەك هەمیشە ..

● بەڵام رەنگە ... ماوەیەکی کەم بێت ... سەرچاوەی گەورەترین ... نەخۆشی ، خۆماڵە ووردیلەکان زۆر جاردیومە لە ... ئاوی زێڕنگاوەکان دەخۆنەوە .

× حەز ئەکەم دوای ئەم گفتوگۆیە خۆمان راستەوخۆ سەردانی ئەم شوێنانە بکەین و ئەسەر پێشنیاری «هاوکاری» راستەوخۆ هەوڵ ئەدەین چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەین کە تا ئێستا ئەم شوێنانەمان نەدیوە .

● سوپاس حەز ئەکەم ئەوەتان پێ رابگەیەنم کە شەقامەکانی هەولێر . بەتایبەتی گەڕەکە میللییەکان ساڵانێکی دوورە چاوەڕوانی ئەقەڵلای شارەوانی ئەکەن بۆ قیرتاو کردن ، خۆ لە زستاندا شەقام و کۆڵانەکانی هەولێر ، کارەساتێکە . پیاو بە دەست خۆی نیە بسۆی دەگری !؟ .

× ئێمەش ئێستا لە ئەقەڵلایەکی گەورەداین بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیەو لەم چەند مانگەدا توانیومانە زۆربەی شەقامەکان قیرتاو بکەین ، وەبە پێی ئەخشەی نوێ ، دەبێ لە شەقامە گشتییەکانەوە بۆ گەڕەکەکان بچین . بەڵام دڵنیابن کە ئێمە ئەمەتەر خەم نین ، بەڵام تەنیا یەك کارگەی قیری خۆمان هەیە لەگەڵ دوو کارگەی (ئەهلی) و هیوادارین لەمەولا بەگوێرەی بەخشینی سەرۆك کە پارەیەکی زۆری بۆ پرۆژەکانمان تەرخان کردووەو بە ماوەیەکی کەم بتوانین گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکەین .

● مامۆستا . زۆر لە هاوولاتیان بە تایبەتی گەڕەکی کەزاسان . ئەوە چوارده ساڵی رەبەقە میری هەندێ ئەرزی پێ بەخشیون ، دوای تێپەڕبوونی (چوارده ساڵ ! هێشتا تاپۆ نەکراون ، لە گەڵ ئەوەی کە هەموو بەلگەیەکی یاسایی دەیان گرێتەوە . بۆچی ؟

× ئێمە لیژنەمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە ، بەڵام نازانم لە گەڵ کام پارچە زەوینە ؟

● زەوی ژمارە ١٤ ـ ١٥ .. کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خۆی بڕیاری بە تاپۆ کردنیان دەر کردووە . .

× ئەم لیژنەیە لە ماوەیەکی کورت دەتوانێ ئەم کارە جێبەجێ بکات چونکە بەڕاستی سوودێکی گەورەی هەیە بۆ خەڵك .

● بەڵام دەمەوێ بەڕێزتان لەوە ئاگادار کەم کە بەرلە ساڵێك زیاتر . بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی هەمان شتی دوپات کردەوەو ئێستاش گیروگرفتەکە هەر بەردەوامەو تا ئێستا لیژنەکە هیچی نەکردووە !

بۆ ئەم مەسەلەیەو زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی تر بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێر . بە سوپاسەوە بڕیاری دا گەشتێك بکاتە هەمو ئەو شوێنانەی کە گیروگرفتی هاوولاتیانی تێدایەو بۆ ئەم مەبەستەش سکالای چەند هاوولاتییەکمان خستە بەردەم بە نیازی چارەسەر کردنیان .

پێشانگەی کارەساتی

فریا عبدالله
پ . هاوکاری لە سلێمانی

بەچاودێری بەڕێز ولید محمود جێنشینی پارێزگاری سلێمانی ئێوارەی دووشەممە رێکەوتی ١-٩-١٩٨٠ بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی بۆ یەکەم جار دەستپێشکەرییەکی بۆ سازکردنی پێشانگەی کارەساتی ئۆتۆمبێل کردو لەلایەن بەڕێز محمد امین پێنجوێنی بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لە هۆڵی گوێژەی ئێچان کرایەوەو ماوەی هەفتەیەکی خایاند . ئەمەش یەکەم پێشانگەیە لە عێراقدا دەکرێتەوەو وێنەکانی لەلایەن رۆژنامەنووس کاك حەمەسعید حەمەکریم فرج ئامادە کرابوون ئەمانەش بریتی بوون لە ـ٤٥ـ دانە ، زۆربەی کارەساتەکانیشی لە ناوچەی کوردستان و هەندێکیشیان لەرێگەی بەغدا روویانداوە .

دەربارەی ئەم پێشانگەیە رۆژنامەنووس کاك حەمەسعید دەڵێ کارەساتەکانی رێگاوبان ئەمڕۆ وای لێهاتووە کە مەترسییەکی گەورە بە مرۆڤ بگەیەنێت چونکە رادەی مردن لەم رێگەیەوە زیاترە لەرادەی مردنی هەر نەخۆشییەکی تر لەجیهاندا ئەگەر زۆرتریش نەبێ . . بۆوێنە لە وڵاتی عیراقدا بەپێی ئەو سەرژمێرییەی کە رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئامادەی کردووە دەست نیشانی دەکات کە پێنجەمین هۆی مردن لە عیراقدا دەگەڕێتەوە بۆ کارەساتی رێگاوبان . . هەروەها دائیرەکانی پۆلیسی عیراقی لە ساڵی ١٩٧٥دا دەستنیشانی ـ٨ـ هەشت هەزار کارەساتی ناوبراویان کردوە ئەمەش جگە لە چەند سووکە کارەساتێکی تر کە تۆمار نەکراون . . لەبەر ئەوە دەبێ هەموومان هەر یەك لە جێگای خۆیەوەو بەپێی توانای خۆی رێگای کەمکردنەوەو چارەسەرکردنی ئەم کارەساتانە بدۆزێتەوە هەروەها دەڵێ منیش وەك رۆژنامەنووسێك دوای ئەوەی یەکێك لەم کارەساتانە بەسەرخۆمدا هات بیرم لەوە کردەوە کە هاریکاری دەرخستنی زیانی ئەم کارەساتانە بکەم ئەمەشم لەرێگای کامێراو تۆمارکردنی کارەساتەکانەوە دۆزییەوەو لە ماوەی ساڵێکا توانیم

گەلێک لەو کارەساتانە تۆمار بکەم و ئەم پێشانگەیەی پێ بکەمەوە کە هیوادارم سوودی گشتی بەخشیبێ و شایانی باسە نیاز وایە ئەم پێشانگەیە لەرۆژی هاتوچۆ ـیوم المرور ـ دابگوێزرێتەوە بۆ بەغدا . . جا بەرلەوەی ئەمە بکرێ وەك پێشنیازێك دەڵێم لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئەم پێشانگەیە زیاتر بە خاوەن ئۆتۆمبێل و براشۆفێرەکانەوە بەندن و لەبەر ئەوەی ئەم دوولایەنە کەمتر لە کەسانی تر هاتنە بینینی پێشانگەکە جاکتر وایە کاك حەمەسعید هەوڵی ئەوەش بدات کە وێنەکانی هەر لەناو سلێمانیدا بگوێزرێتەوە چەند جێگایەکی تر کە شوێنی کۆبوونەوەی براشۆفێرەکانە وەك ناو گەراجی نەقابەی گواستنەوەو بەردەم بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆو جێگای فێربوون و ئیجازەی ئۆتۆمبێل وەرگرتن کە ئەمەیان لەوانی تر گرانترە .

ئەوەی ماوەمە بڵێم کە ئەم پێشانگەیە تێکرا بارو دۆخێکی مردن و تێکشکانی بینەر دەبەخشێ . . جا بەرای خۆم بۆ گۆڕینی ئەمەش بەلایەکی خۆشتردا دەبوایە کاك حەمەسعید لەسەرەتاو کۆتایی ریزی وێنەکاندا دوو وێنەی جوان و رێکوپێکی ئۆتۆمبێلی پیشان بدایە بۆ ئەوەی بینەر لەدڵی خۆیدا سێودوویەکی خۆی بکردایەو بەراوردێکی ئەم دوانەی بکردایە ئینجا پێشانگەکەی بەجێ بهێشتایە.

ناحیەی پردێ و دەشتەکەی ساڵەیی و بیبانی

عبدالله بابە علی —

دیجلەو فورات ئەو دووناوە خوشە موسیقاییەی لە هەزاران ساڵە بێنوستن و پشوودان سەرەوخوار ملی رێگایان گرتووە هەر ئەرۆن و پێئەکەن و فرمێسك ئەرێژن و چـار جارەش شین ئەکەن و داوای شایی ئەکەن لەسایەی ئەو دوو رووبارەوڵاتەکەمان بۆتە وڵاتێکی کشت و کاڵی بەناوبانگ لە هەموو جهاندا سەرەڕای گەرمی و شیرینی ئاوەکەش کەزۆر لە چاو چنۆکـان وبستویانە ئاوی لێبخۆنەوە بەڵام هەر خەیاڵە .... رووباری دیجلەو فورات جێگای بەزم و سەیرانی هەزارەها ساڵەی ئەم وڵاتەدێرینەی ئێمەن .. چەندان شاعیرو نووسەرو ئابووری ناس . . . پیایانا هەڵداوەو داسیان کردووە . ...رووباری دیجلەی خۆشەویست چەند رووبارێکی تێکەڵاو دەبێت یەکێك لەمو رووبارانە ئاوەکەی زێیبچووکە ....

ئەم زێیە بە شارە خنجلانەکەی ـ پردێ ـ لەسەرە کە یەکێکە لە شارە کۆنە دێرینەکانی ئەو ناوچەیەو کەوتۆتە نێوان پارێزگای تامیم و هەولێرو لەکاتی خۆی دا جێگاکەی زۆر گرنگ بووە . پردێ لەکۆنەوە جێگای بشوودانی هەزارەها ـ قەتارو ـ کاروانی بازرگانی دەرەوەو ناوەوەی وڵاتە کەمان بووە . بە تایبەتی جێگای پشوودانی کاروانی نێوان بەغداو ئەستەمبوڵ پردێ بـان ئاڵتون کوپری هەر لەکۆنەوە دوو پردی لێ کراوەو ناوەکەش بە بردانە ناوبراودو ...ای گرتوە . . . زێی ناوبراویشـس لەو راستە بووە بە دوو لەتەوە شارەکەی پردێ کردوتـە باوەش . . . شارەکەش لەو راستە بووە بەسێ گەڕەك پارچەی ئەو رێگایەی بەناو شاری پردێدا دەڕوات ئەمبەرو ئەوبەری خانوو دوکـان و گازینۆ کراوەتەوەو شارەکە جێگایەکی گرنگی بازرگانی لەکاتی خویدا بەخۆیەوە دبود ... بەڵام وەك پێویست بەرەو زۆری ناڕوات

شاری پردێ پێش شاری کەرکوك ـ ناحیە ـ بووە

بەڵام وادیارە لەبەر هەندێ هۆی ئابووری شاری کەرکوك بووەتە ئەوشارە گرنگەی کە

بڕوانە ل : ٧

کارگەها مەحفیرێت دەستی ل ئامێدیێ

احمد عبدالله
پ . هاوکاری . دهۆك

لڤێرە مە چاڤ بێ کەفتنەك کردگەل ریفەبەرا کارگەها مەحفوریێت دەستی ل ئامێدیێ خوشکە فوزیە احمد رشید کرو بەرسڤێن خۆ لدوی چەند حالێن سەرەکی ژبو پێشخستنا کارگەهێ و پترکرنا بەرهەمی دان .

پ ـ کەنگی کارگەه هاتیە دامەزراندن ؟

ـ بدرستی ل مێژوویا ١٩-١٢-١٩٧٣ .

پـ سەروبەرێت بەرهەمی چنە ژلایێ جوین و بۆشاتیێ ؟

ـ براستی بەرهەم ژلایێ جوین و کاری خۆشە گەلەك ب ـترح و بەهایە ، کار ئێکجار بۆشاتیێ گەلەك کێمە ئەو ژی ژنەگەرێ چەند ئاستەنگەکایە.

پ ـ ئەگەرو هۆ چنە ؟

ـکێماسیا دەستی کارکەرە ئەخاسمە رڤان ساڵێن دوماهیدا ئەو ژی ژبەر کاری خاندنا حۆرابی یە ، بەهرا پتر ژکارکەرا دزارۆکن یانژی ئەخوێندەوارن نهو ل خاندنگەهێت ئەخوێندەواری دحۆوتن . . ئەڤەو ژبلی ئەگەرێت کۆمەڵایەتی وەك شووکرنا کارەکەرەکێ و ئەڤەگەڕیان وێ بو کارگەهێ .

پ ـ کیش ساڵ بەرهەم باشتر بوو ؟

ـ ل ساڵێن ١٩٧٦و ١٩٧٧ بەرهەم دپڕ بوون .

پ ـ جوینێت ـجـۆرـ بەرهەمی دچەندن !

ـ تەنێ مەحفوریێت نمرە ئێك و نمرە دوو .

پ ـ هژمارا کارکـەرا دچەندن ؟

ـ نهو مە ـ٣٣ـ کارکەرێت زارۆو ـ١٥ـ قوتابێت پیشەکارو ـ١٦ـ قوتابێت نەبەردەوام و تەنێ بو سێ هەیڤا مە هەنە ، ئەڤەو ژبلی هندێ کو رۆژ بو رۆژێ هژمار تێتە خوارێ و بەرەو ئەمانا کارگەهێ یە .

لدوماهی حەزدکم ڤان خاڵێ پێشنیاری کارگەهێ و لێپرسیارەکان بکەم .

پێدڤی یە پترتر خەم ل زارۆکی کارکەر بێتەکرن ژ لایێ خارن و تەندروستیا ویدا ، چونکە کاری شەش سەعەتا بو زارۆکی گەلەك گرانەو پیدڤیێ بێندانێ بەو جاڤدێریێ بە .. هەر هۆسا مەعاشێ کارکەرا پترتر ببیت ئەل لسەر حسابا کاری وی بیت . پترتر پێ هو بکێت خوشیێ بێتە پەیداکرن و بهزرا من دەرکەتنا زارۆکا و کارگەهێت وڵاتی و دەرڤەی وڵاتی باشترە ژبو زانین و بیندانێ و پاڵدانا وی بو کاری خۆ .



« هاوکاری »و کومەلانی خەڵك

بۆ بەرژەوەندی گواستنەوە لە شاری سلێمانی .

کاك سەلاح ئارام نامەیەکی بۆ ناردووین تیایدا دەڵێ :

ئەوەی من ئاگادارم گیروگرفتی هاتوچۆ لە هەموو شارەکانی عیراقدا هەیەو لە هەموو شارێك هەوڵ دەدرێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە بەڵام لە شاری رەنگینی ئێمە وەکو دەردەکەوێ رۆژ بەدوای رۆژ هەر توندتر دەبێ . . فەرموون سەیرکەن لە بەرژەوەندی گواستنەوەی سلێمانی (٨٦) پاس هەیە تەنها (٣٢) پاس لەمانە بە کەڵکی کاردێن و لەم (٣٢) پاسەش چەند پاسێکی تەرخان کراوە بۆ نێوان قەزاو ناحیەکان و شاری سلێمانی . . لەبەر ئەوە داوای چارەسەری ئەم گیروگرفتە دەکەین بۆ سوودی خەڵك . . ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە لێخوڕی ئۆرتات بە هەوەسی خۆیان نرخ زیاددەکەن . . نازانم بەرژەوەندی سلێمانی و ئەقابەی گواستنەوە بۆ ئەمە چ دەڵێن ؟

بۆ ئیدارەی محلی پارێزگای دهۆك

کاك ئەنیم حسین امین باسی نامەخانەی گشتی دهۆك دەکاو دەڵێت زۆر رێکوپێکەو گەلێك خزمەتی خوێنەواران دەکات . . بەڵام جێگاکەی گەلێك بچووکەو پێویستی بە بسپۆری تایبەتی هەیە . . تۆ بلێی ئیدارەی محلی جێگایەکی گەورەترو لەبارتر بۆی ئەدۆزێتەوە .

کاك کارزان محمد محمود لە قەڵادزێ

ئەم برادەرە دەڵێ پێش ئێستا هێڵی کارەبای ئاسایی لە قەزای قەڵادزێ شەوو رۆژ هەبوو کەچی لەم دواییەدا گۆڕاوە بە هێڵی (الضغط العالی) کەچی شەوو رۆژ کارەبا نییە و هەموو (ثلاجەو فریزرات)ی خەڵك لەکارکەوتووەو ئەمەش دەبێتە هۆی بۆگەنبوونی خواردەمەنی ئاویان و زیانێکی گەورەش لە لە خەڵکەکە دەگەیەنێ . لەهەمان کاتدا هەندێ لە شەقامەکانی ناو شار قیرتاو کراون بەڵام شەقامەکان ئەوەندە لووسن خەڵك بە نوێژی نیوەڕو کە بەسەریا دەڕوات سەروسەر بەردەبێتەوە . . شەقامەکانی تریش لەبەر تۆزو خۆڵ پیاو تووشی تراخۆما دەکات .

خۆزگە شارەوانی شاری قەڵادزێ بە دەم وازو نیازی ئەم برادەرەوە دێتو دڵنیای دەکات.

پاشکۆی بۆ شیعرێکی وەرگێڕراو

عبدالله پەشێو

دوابەش

ب : هەندێ زمان هەن یا مردوون ، یا دەگمەنو زۆر کەم کەس دەیانزانێ . کەچی ئەدەبێکی بەرزو ئەمریـــان پێ تۆمار کراوە . ئێمە نابێ دەستەو ئەژنۆ دانیشینو چاو ببڕینە ئەو ڕۆژەی شاعیرێکمان فێری ئەو زمانە بێو ئەو شاکارانەمان بخاتە بەردەست کە بەو زمانە نووســراون . بۆنموونە ، لاموایە کەسێکی وامان نییە زمانی گریکــی کۆن بزانێ ، بۆیە تاوان نییە ئەگەر سبەی شاعیرێکــی هونەرمەندمان ئەلیادەو ئۆدیسەی هۆمیرۆوسمان لــە ئینگلیزییەوە یا لە زمانێکی ترەوە ، بۆ وەربگێڕێ .

پ : لە کاتێکدا – وەکو پاسایەك جوانیی شیعر لەگەڵ ئەو زمانەدا کە پێی‌نووسراوە وەکو تانوپۆ تێکەڵە ، لــە هەمان‌کاتیشدا شاعیرانی وا هەن کە جوانیی شیعریان هەر لەو زمانەدا نییە کە پێیان نووسیوە ، بەڵکو لە بیری وردو ماناى قووڵو ڕامانی فەلسەفیی ئەوتۆدایە کە بــە هــەر زمانێك بگێڕدرێ بەرگری لە مانی خۆی دەکا . شاعیرانــی لەم‌بابەتە لە وەرگێڕاندا ڕەنگیان نابەڕێو تەنگەنەفەس نابن . بۆنموونە لە ئەدەبی سوفیەتیدا ڕەسوول گەمزاتەفو کایسین کولیف ، لە ئەدەبی ئەمریکای‌دا والت ویتمە ئەدەتوانن بەرگی چەند زمانێك بگۆڕنو بە وێستگەی وەرگێڕانی چەنــدان وەرگێڕی وەستادا بڕۆن بێ‌ئەوەی لە شاعیریەتی بشۆرێن .

هەڵبەتە هەر یەکێك لەم خاڵانەی سەرەوە لەوە زێتر هەڵدەگرێو هەر یەکێکیش لە ئێمە ،چ کەم چ زۆر ، بەشدارە لە دروستکردنی ئەم‌کەمو کورتییانە . ئێستاش با لەبــەر ڕووناکی ئەم پێشەکییە مەیلەو درێژدادڕەدا سەرنجێك لــە شیعرێکی سیرگیی بەسێنین پدەین کە برایەکی شاعیر لــە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەوله ژمارە –١٤–٥–ی حەفتەنامەی –هاوکاری–دا بلاوی‌کردوتەوە .

١ – تێکستەکە بە زمانی کوردی ناونیشانی –شاعیر–ی بۆ دانراوە ، کەچی تێکستە ڕووسییەکە هیچ ناونیشانێکــی نییە ،بەلکوو برگەیەکە لە برگەکانی شیعری –چەند ئاوازێکی فارسی –.

٢ – ئەگەر خوێنەر کورد بێو بە کوردی بیربکاتــەوە بەزەحمەت لە هەندێ تەعبیری تەرجومە کوردییەکەدەگا :

من هەر لە سەرجادان دەژیمو
وەك دەرۆزەکەرێکیش دەمرم
کەمتر لە گشت ئازارەکانی شاعیرێك

جگە لەوەش ، شیعرەکە بەوشێوەیەی هاوکــاری خستوویەتییە بەردەستمان ، نەك هەر لە شیعر ، بگرە لە بەخشانی هونەریش ناچێ . ئەگەر ناوی زلی –بەسینین– مان نەبیستبێ ، دەبێ چ موچڕکێکمان بە لەشدا بــێ کە ئەم برگانەی خوارەوە دەخوێنینەوە :

بەرێوەیە بۆ بینینی دلبەرەکــەی
کەچی هەر ئەو خۆشەویســـتە ،
لە باوەشی یەکێکی‌تردا خەوتووە
ئەگەر مەی سیحری جوانی‌یەکەی
پێشکەش بە خەیاڵ کردبێ
دڵی نایێ
شتێکی ڕەقی پێ بڵێ !
ئەگەر دنیا لەباتی غیرەت جوانی بێ
ئەوا دیسان ئامادەیـــە بچێتەوە ئەو ماڵە :
من هەر لەسەر جادان دەژیمو
وەك دەرۆزەکەرێکیش دەمرم
کەمتر لە گشت ئازارەکانی شاعیرێك !

لاموایە ئەگەر ئەم شیعرە – بە کوردی – نــاوی بەسینینی لەسەر نەبایەو لاوێکی تازە پێگەیشـــتووی کلاشخواری خۆمان بینووسیبایەو بۆ ڕۆژنامەیەك یــا گۆڤارێکی کوردی بناردایە ، لە پۆستەی خوێنــەراندا بەشێوەیەکی ئەوتۆ رووشێنێ دەدرا کە هەتا هەتایــێ نەشیعرێنێ) . بەڵام دەڵێی چی ناوی شاعیرێکـــی بەناوبانگی بێگانەی لەسەرە ، ڕۆژنامەم دەوێ بـــلاوی نەکاتەوە !

٣ – وەرگێڕانە کوردییەکە ، لە ڕووی ناوەرۆکەوە ، لە هەندێ کۆپلێتدا جیاوازییەکی کەم ، لە هەنـــدێ کۆپلێتیشدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تێکستە ئەسلەکەدا هەیە . لێرەدا ، وا بە چاك دەزانم کە کۆپلێت کۆپلێـــت وەرگێڕانەکەی تەرجومەیەکی دەقاودەقی تێکستـــە ڕووسییەکە بخەمە بەرچاوی خوێنەران بۆ بەراورد کردنیان:

کۆپلێتی –١–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(مانای چی‌یە گەر شاعیر بی ؟
– مانای وایە دەبێ بە قوولی تێبگـــەی
لەشە بێ‌هێزرەکەت دابهێزرێو ،
بە خوێنەکەت دلخوشی خەلکی بدەیتەوە!)

تەرجومەی دەقاودەق:

(شاعیر – ئـــەو کەسەیـــــە
کە ڕاســـتیی ژین پێشێل ناکاو
لە دەستی دێ ، لـــە شوێنێکی هەرە ناسك ،
تیغ بە پێستی خـــۆیدا بێنــێ
تاکو بـــە خوێنی هەســـتی خۆی
گیانی ئامۆی کەسانی‌تر بلاوێنــێ .)

کۆپلێتی –٢–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(ئەگەر شاعیربی ،
پێویستە گۆرانی بۆ بنارەکان بڵێو
بە ڕووی هەموو داوایەکشەوە بچی !
بلبل کاتێ گۆرانی دەڵێ هیچ زەحمەتی‌بەلا نابینێ
بە تەنیـــا بەلا گۆرانی‌یەو
هەر ئەویشە هەموو ڕۆژێ دەیڵێتەوە .)

تەرجومەی دەقاودەق :

(شاعیر – ئەو کەسەیــــە
کە گۆرانی بەسەر ئاقارا هەڵدەدا
تاکو چاکتر ئاقارت پــێ بناسێنێ :
هەزار هەر یەك بەســــتەی هەیــە
بۆیە ئازار قـــەت ناچێژێ
کە پڕ بە دەم دەچریکێنـــێ .)

کۆپلێتی –٣–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(کاتێ چۆلەکە لاسای دەکاتـــەوە
شتێکی ناخۆش دەبیستیـن
بەڵام تۆ دەبێ – هەرچەندە تازە کارەشی
بە ئاوازێکی تایبەتی گۆرانییەکانی خۆت بڵێی !)

تەرجومەی دەقاودەق :

(کاتێ باڵندەی کەنــاری
بەستە لــەمو لەو دەخــوازێ ،
وەکو بووکـــە سەماکەرە خۆی دەنوێنێ .
جیهان بەستەیەکی‌وای دەوێ
هەرکەس بە دەنگی خۆی بیڵـــێ
جا با بۆق بێو بقیرێنێ .)

کۆپلێتی –٤–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(سەرخۆش لەگەڵ ئەفرەت لە مـــەی
هێشتا شایانی ئەوەیـــە ،
قاپێکی مەی لەسەر ڕەفەکەیدا هەبێ
کاتێ شاعیر دادەنیشـــێو ،
خوێن لە لەشی خۆی بەردەدا
مەی ئازارو ئاسۆرەکانی کەم‌دەکاتەوە !)

تەرجومەی دەقاودەق :

(بۆیە کاتێ شاعیر ڕوەو سزا دەچێ دەخواتەوە
چونکە دەزانێ ....
ئەفرەی داین ، لەخشتـــەی بردین ،
کە لە .... شەرابی لێ پاساغ کردین .

کۆپلێتی –٥–

لە تەرجومەکەی هاوکاریدا :

(بەرێوەیە بو بینینی دلبەرەکـــەی
کەچی هەر ئـــەو خۆشەویستە
لە باوەشی یەکێکی‌تردا خەوتووە
ئەگەر مەی سیحری جوانی‌یەکەی
پێشکەش بە خەیاڵ کردبێ
دلێ نایی شتێکی ڕەقی پێ بلێ)

★ ● ★

تەرجومەی دەقاودەق :

(کە شاعیرێك دەچێتە لای خۆشەویستو
دەبینێ ، خۆشـــەویستەکـــەی
لەسەر جێگا ڕاکشاوە لەتەنیشت پیاوێکی نامۆ –
شەرابی خەست شاعیرە کە دەپارێزێو
لێی ناگەرێ دلی بداتـــە بەر چەقـــۆ .)

کۆپلێتی –٦–

لە تەرجومەکەی هـــاوکاریدا :

(ئەگەر دنیا لەباتی غیرەت جوانی بـــێ
ئەوا دیسان ئامادەیە بچێتـــەوە ئەو ماڵــە :
من هەر لەسەر جادان دەژیمو ،
وەك دەرۆزەکەرێکیش دەمرم
کەمتر لە گشت ئازارەکانی شاعیرێك !)

تەرجومەی دەقاودەق :

(بەڵام ئاگری گومرەشی –٢– داغی دەکاو
بە فیکەفیك تا ماڵەکەی خۆی گیر نابێ :
«دە لێ‌گەرێ ، باوەك گەریدەیەك بمرم
مەرگی شاعیر دەبێ وابێ !»)

لەم نووسینەمدا ویستم ڕەخنە لە دیاردەیەك بگرم نەك لە تاکە کەسێك ... بەڵام دەبوایە یەکێك ببێ بە قۆچی قوربانیو بـــووبێ بۆئەوەی ڕوونتر دیاردەکەمان بـــێ نیشان بدا ، ئەگینا کاکی وەرگێڕ تێکستە ڕووسییەکــەی ئەم شیعرەی نەدیوەو شتەکەی لە ئینگلیزییەوە بـــۆ وەرگێڕاوین کێ دەزانێ ! دوور نییە زۆربەی ئەو کـــەمو کورتییانەی باس‌کران لە ئینگلیزییەکەوە بۆ کوردییەکە بە میرات مابنەوە لێرەدا مەبەستم تەنیا خستنەڕووی جەنـــد ڕاستییەکی زەقو بەجێهێنانی ئەمانەتێکی ئـــەدەبــیو بەرگریکردن بوو لە شاعیرێکی کلۆلی وەکو بەسینین کــە چەند جارێکە زمانی کوردیی لێ ناکەوێ ! جگە لەمەنـــێ هیوادارم کەس وانەزانێ‌کا خواستە وەرگێڕانەکــــــەی خۆم – لە ڕووی هونەرییەوە – لە هینەکەی کاکی شاعیر بە باشتر دەزانم .

من بەش بە حاڵی خۆم ، خۆم بە وەرگێڕێکـــی هونەرمەند نازانمو قیر سپی دەبێو خوێ لەسەر بـــەرد شین دەبێ تا لە شیعرێك یان لە وەرگێڕانێکـــی خۆم دلنیا دەبمو بۆ بلاوکردنەوەی دەنێرم . لە بـــەراورد کردنی هەردوو وەرگێراندا مەبەستم تەنیا ناوەرۆك بـــوو هیچی‌تر نا .

پەراوێز

١ – (فەلسەفەی دلداری) شیعرێکی شاعیـــری ئینگلیز –شیللی– بەئەحمەد هەردی وەربگێڕاوە . بڕوا ناکەم ئەو شیعرە بە هیچ زمانێك هێندە شیرینو ناسك بێ ،وەك بە کوردی .

٢ – کومرەشی : غیرەت (لە کوردەکانی سوفیەتـــم بیستوە)

هێڵە ئاگرینەکان

پێشکەشە بە چیرۆکنووس حسین عارف

(دلخواز سعید)

زمانی مرۆڤی بێ دەرەتانو لێ قەوماویش دەگەن .. بلێی هاوارێکیان بکەمێ فریام دەکەون .! .

تا دەهات بتر کەڵلـــەی سەری دەورووژا .. کەوتەوە تەکان‌دان بەکەوو هەنـــگاوی شەلم کوێرمی هاوێشت بەڵام لەشکری بێ شومارو لەبـــێ ئەهاتووی تەختایی دەشــتو بیابان . تا دەهات گـــەمارۆی هەنگاوەکانیان دەدا . ژانـــی بێ‌ئامانی برینو ئازاری بـــێ برانەوەی ماندووبوون بە جارێ جووڵەیان پێ بڕیو پازنەیان بێ لەزەوی گیرکرد . کەوتەوە تەکانو پەلەقاژە ، بەڵام تەکان گیانی پێ نەکرایەوە بەرجەستە سڕبووەکەیو پالی بۆ بـــە قاچەکانی وەنەدەندرا ، دیارە جاربیەتی زەوی چیتر دەرفەتی لە شوێن خۆ بزاوتنی نادا . وەك ئەسپیندارێکـــی ڕەگ داکوتاوی سی سالە لـــە شوێن خۆی چەقی . پێلووەکانی هەڵگلۆفتنو نیگاکانی هەریەکەو بەلایەکدا بلاوەبان لێ‌کرد . . هیچی بۆ بەدی نەدەکــرا . . حەزی‌دەکرد هەموو شـــتێ بەسەربکاتەوەو لە هەمـــوو شتێکی ئەو ناوەرابمێنـــێو وردبێتەوە . بەڵام هەبهـــات نیکا بێ وەفاکانی لە جخـــزە بازنەیەکەی دەوروبـــەری ئاتیرەکەی سەدو پەنجـــا سەنتیمەترێك دەبوو زیاتـــر

داتوساندن ، ملیشی بـــەلای شانی چەپی‌دا کەچ‌کرد . بـــە خۆی‌دا چۆوە چۆلـــەکـــەی خەیاڵی فڕیەوە سەر چلـــی بێداری چەند ساتێك لەســەر بەری .

– پەشیمان نیم ، ئـــەگـــەر خۆشم نەگەمەوە کۆنە هەواری ڕۆژانی مندالیم ، گیانــــم هەر نەگا پەشیمان نیم من خۆم نەمهێشت کانی‌ی ئارەزووەکانم لێ‌بکرێت ، چۆلەکــــەی یادگارەکانم ڕاوبکرێت .

بەم بیرەوەرییە تادەهات بتر ئەندێشـــەی دەورووژاو گەلای یادەکانی هەڵوەراند ، بێداربۆوە . هەستی بزاوت.. حوێن هێشتا لە هرووژمـــی شێتانەی خۆی نەکەوتبوو . حەزو تامەزرۆیی بۆ ژیـــان حولەیێکی تری پێ بەخشیەوەو بومەلەرزەی ڕاچلەکینێکی بە ... تری پـــێ‌بەداب..ـــە گیانی کێوی توند جەسپاوی جەستەی کەوتەوە تـــەکان‌دان .. تەکانێکی‌دا .. ڕەتێکی‌برد .. ڕەنی بردو کشایەوە . . تەکانێکی‌تر .. ڕەتێکی تــــر تەکانیش مرد .

بە شڵەژاوی هەنگــاوی دەنا ، نیگاکانی ساتمەیـــان لە تارماییەکانی دەوروپشـتی دەکرد . لە ناخەوە حەزی‌دەکرد گورج‌تر بە پەلەتر بڕوات . . ڕا بکات . بەڵام شڵـــەژاویو قاچ‌تێك‌ئالان بـــــواری توندرەوکردنو غاردانیـــان نەدەدا . خــــەمو ئـــازار . بەشۆکاویو قاچ تێك‌ئـــالان لە ڕۆیشتن سلیان نەکردەوە، بڕیاریان نەکرد نەیان‌توانـــی وزەی پێ بەربدەن ، بۆیــــە زۆر بـــــە وریایـــیو ئاگاداریەوە قاچەکانـــی کۆکردنەوەو ئەمجارە لوغمـــی تەکانێکی بە تێن‌تری نایە ژێـــر پازنەکانی خۆی . تەکانـــی ئەمجارە توندبوو ڕەتێکـــی پێ‌بردوجلەوی ڕەوتی بـــۆ قاچەکانی شل‌کرد . هانـــی خۆی‌دا .. بــــە زۆر وزەی خستەوە بەر ماسولکـــە سڕبووەکانی . وەك تیسکەی تفەنگ بە تەلانەکەی بـــەر دەمیا شۆڕبۆوە خــــوارێ . ماندوێتی جەستەو ســـەرو چاوی شەتلی جواناوکـــرد . ئارەقە بە پشت ملو ژێـــر چەناگەو نێـــوان هــــەردوو مەمکەکانی‌دا ڕێچکەی کردبوو . ئەوەندەی نەخایاند دیـــــان پشـــووی ســـوار بـــوەوەو هەستی‌کرد ئەفەسی لە دەمو کونە لووتی پێ نادرێ . بۆیە هەناسـەی بە دەمی برینـــە گەرمەکەی هەڵدەمژیو لـــە دوی ئەو دوی برینەکەشـــدا کاربۆنی دەدایەوە . حوێنیش لەگەڵ هەناسەدانەوە وەك تاقگەیێکی سەر شـــێت بە سەرو بە ژێرو بە چـــەپو بەراستدا فیچکەی دەکـــردو گینگلی بە بۆڕیچکە خوێـــن هێنو خوێن بەرەکانی دەدا . ئەمجارەیان بێ وردیی‌د بـــێ ئارامی هەڵسیان‌کوتایـــــە سەر دەروونـــیو لــــەرزو شڵەژان کەوتـــەوە نـــاو لاقەکانیو بـــلاوەی بـــە هەنگاوەکانی کردەوە . بـــەڵام حاڵ بەوە باش‌بوو کە ئەمەنـــی تەلانەکە لە گەشـــتی ئازارو ژانو ماندوبوونەکەی ئـــەو کورت‌تر بوو . گەیشـــتە دەشتاییەکەی بەردەم تەلانـــە لێژەکە ، هەڵوێستەیێکـــی بۆ کردو چاوێکـــی بـــە دەشتاییەکەی بەردەمی‌دا گێڕا دووربی ڕێگاو سەرابـــی پانتاییە لەبن ئەهاتودکـــەی پێشی نارەحەتی کرد . .

– وابزانـــم کار لـــەکار ترازاوە ، تێپەربوم .. تازە تەواو .. ئیتر ناگەم .. !

ئەمجارەیـــان ســـەری بەرزکردەوەو لە شینایـــی ئاسمان ڕاما بە دوای پەلـــە هەورێك‌دا دەگەڕا هێزێکـــی کاریگەر بیبارێنێ تینوێتـــی بشکێ . ڕەوە قەلەرەشکەیێك بەسەر سەریا کەوتبونە دوای قەلێکی لە خۆیان گەورەتر .

– تەنانەت مەلیش بـــە تەنیایی بەم بیابانەدا گەشـــت ناکەن .. دەڵێن باڵندەشـــی بەزەییان هەیە .. لە زمانـــی یەکتریش دەگەن ، تەنانەت لـــە

بڕیان نەدەکرد .

تاریکاییش وەك چەنــــد درندەیێکی برسی لە هەر چوار لایە شالاویان بۆ دەهێنـــا ، تاریکایی بیناکانـــی پتـــر شڵەژاندی ترس دایگرت . . گوێی لە ترپـــەی پـــێی جنۆکەکانی مەرگ‌بوو لـــێی نزیك دەکەوتنەوە ، بەڵام هیچی نەدەدی .. ترسی گلێنەکانـــی بێ‌تشاندنەوە ناوەڕاســـتی

بیرەوەری ڕۆژانی حـــەزو خۆشەویستی بتر گڕی لـــە هەستە زامدارەکەی بەردەدا.

– ئای کە ڕۆژانێکی پـــڕ ترسو دلنیایـــی بـــوو ، ڕۆژانێك بوو ئەم مردنەش لـــە دەروونمی ئاسرێتەوە ، هەر سپێدەیێکی تازە بروسکـــەی تەمەنی بەرگە گرتنی ڕۆژێکـــی تازەتری پێ را دەگەیانـــدم ، منیش تیری ماچی هەناسەیێکی پڕ حەسرەتم دەگرتە شینایی ئاسمان ، ئێواران لێوی چلـــە سەوزەکانم دەمژیو دەســـتی گەلا وەریوەکانم دەگوشـــی ، ڕوباریشـــــس ڕوخســـاری دەشوشتم .

دیسان ڕاچلەکییەوە وەك ئێی لە خەوێکی کوشـــندە بێداربووبێتەوە ، جارێکـــی‌تر تارمایی لە سەر گلێنەکانـــی ڕەوەیەوە پێلـــووەکانـــی تروکاندەوە . گەردەلوولـــی ژان قەدو چلی ئەندێشـــــە سەرکەشەکەی ڕاچلەکاند ..

بەخشانە شیعر

سەمای گوڵان

جەزا عەلی ئەمین

١٤ی حوزەیرانی ١٩٨٠

شەپۆلەکانی ئۆقرەم پۆلەهەنگی وروژاون
بـــەسەرتەوە دەنیشنەوە
پێتەوە نادەن
کوا دلیان دێ ؟
بێ وردەکانیان لە هەنگوینـــی ڕووت هەلدەکێشـــن
تا ئەوسی چاوانم ڕاگـــرن !
–هەلەمەیـــە !
مەگەر ئەم دەشـــتی خوایـــە ئی کێیـــە ؟
ئـــەی پێکەوە ڕامان نـــەخست
من ئەم سەریو تۆ ئـــەو ســــەری

● ●

ئێوارەبەو تۆ لەوبەری دنیایەی
من لـــــەم بەرەوە وەســــتاوم
بە دووربینی دڵ دەڕوانــــــم
دەستەکانمت لێ هەڵدێم
پڕ بەم دنیایـــە بانگ دەکــــەم
لات کردەوە
هاتیت ، چۆن هاتـــێ ؟
هەرچـــی گوڵی وڵاتی بەهاشـــتی هـــەبە
پێشەنگت بوون
لە بـــەر پێتا گڕی سەمایان خۆشـــدەکـــرد

تاك تاکەشیان دەتوانەوەو دەبوونە جواناوی بەرگەردنت
تاق و وازیش جیەبـــان دەخستە گوێتـــەوە
ناوی خۆیان لە تۆ دەنـــا
هێرۆش لە ناو (گـــڕە) وە هاتـــــە دەرێ
بە بەرزایی باڵای خۆیدا هەلـــدەڕوانـــی
گوڵی سوورو سپیلەیان کەمەری دەکـــردەوە
دەینا بەباڵاکەی تۆوە
تا کراسی لێ تەواوکرد
دوو پەلکیشی کردە کەبرۆکەی چاوانت
نەکا (دابێن)
لە نــاو تەمووزا بیروێن
باشـــان مەری ڕێزی بەردایەوە

● ●

وا گەیشتی :
هەناسەی دلم بەرەو ڕوون دێ
گوڵە هێرۆی سوورو سپی سرکەیانە
بە دوای یەکا باڵ لێکدەدەن ، دەڕۆنـــەوە
لە چی دەچن ؟
مەگەرچۆلەکە بەهەشتی خەوەکان هێندە جوان بـــن
ئاو ئاتاوێ ئاوڕمان لێ دەدەنـــەوە
چاومان لێ‌بوون
تا بە باڵای (هێرۆ)وە نیشتنـــەوە

● ●

هەر بە تەنیا تۆ مایتـــەوە
کە دەمڕوانیە جوانـــاوی سنگو بەرۆك
کوڵەکانم ناسینەوە
هەر لەوێشدا خولیان دەخوارد.
ناوی منیان لێ دەنووسیو
ســـەری گەرمیان لـــە ناوەستا دەنایەوە:

بەرێز عزة ابراهیم (پاشماوە)

ئامادە بوون .

شایانی باسە بەرێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بە سەردانێكی ڕەسمی كە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت چۆتە ئیتالیا . لە كاتی گەیشتنی بەرێز عزة ابراهیم لە فرۆكەخانەی ڕۆما پێشوازیەكی ڕەسمی بۆی كراو لە پێش هەموویانەوە بەرێز فرانسیسكو كوسیگا سەرەك وەزیری ئیتالیاو هەروەها بەرێزامیلیو كولۆمبۆ وەزیری دەرەوەی ئیتالیاو كاربەدەستە گەورەو لێپرسراوانی حكومەتی ئیتالیاو بالیوزی عراق و دیبلۆماسیەكانی بالیۆزخانەی عراق و ئەندامانی دەستەدیبلۆماسیەكانی عەرەب لە ئیتالیادا بەشداریان تیایدا كرد .

ئەوەی شایانی باسە بەرێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە فرۆكەخانەی بەغدا لەلایەن بەرێز طه یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش جێگری یەكەمی سەرەك وەزیران و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و وەزیرو كاربەدەستان و هەڵسوورێنەری ئیتالیا لە بەغدا بەرێكرا .

لە رووداوە (پاشماوە)

ڕۆمانیاش پوولێكی پۆستەی بە ناوی ئەم كچە پاڵەوانەیەدا دەر كرد .

لە خولی ئەم جارەی موسكوشدا نادیای تەمەن هەژدە ساڵانە دوو خەڵاتی زێڕینی بۆ وڵاتەكەی بردەوە یەكەمیان لە یاری -عارضە- التوازن - دا كە توانی ١٩.٨٠ خاڵ كۆ بكاتەوە لە یاری بزوتنەوەكانی سەرزەویشدا -تماریـن الحركات الاضیە - ، لە گەڵ -تیلی كیمی كچە سوفیەتیدا بە یەكەم دەرچوون و خەڵاتی زێرینیان بردەوە :-

هەرخۆشبێت نادیای جوان و پاڵەوان .

● لە ژمارە سەبرو پێنج هەزار مەتریدا یاریكەری ئەسیوبی -میروش- خەڵاتی زێرینی بردەوە ، دوای ئەوەی ماوەكەی بە ١٣ دەقیقەو خۆش ڕۆیین و برینی ٣١ چركەی بڕی شایانی باسە ، ئەسیوبیەكان لە ڕێگای دووردا بە غاردان ، ناوبانگیان لە ئەفریقیادا دەركردووە .

● لە ژمارە سەبرو نوێكانی خولی ئەم جارەی مۆسكۆدا ئەم ژمارە جیهانیە نوێیە بوو كە لە یاری بەرزە بازدا - القفز العالی - یاریكەری ئەڵمانیای دیموكرات -جیرد فیسیج - تۆماری كرد كە توانی لە بەرزایی دوو مەترو -٣٦- سانتیمەتردا بازبدات و خەڵاتی زێرینی یاریەكە بباتەوە ..

ووشەی (پاشماوە)

دەبگەیەنێت یان پیاو لە ووشەیەكی بێگانە تامی لێدەچێژێ .

لایەنی لاوازی ئەم ووشەیە ئەگەر هەر ئەوەبێت كەرتێك خستن و دروست كردنی ئەو باسی ناڕاست - بێ وەكو مامۆستا زەبیحی مانایەكی لە چوار ماناكان بەم جۆرە لێداوەتەوە ، ئەوە شتێكی عاجباتی نییە .. خۆ زۆر ووشەی فرە مانای وامان هەیە كە ماناكانیان بە تەواوی بەرەوازی یەكترن و زمانانی تریش لەو جۆرە ووشانەیان زۆرە لەبەر ئەوە بەسەرەوای نابینم ووشەی -هەڵبەست- بە لاوە بنرێ .

بژادگوڵ

شانۆگەری (پاشماوە)

سەبری بەهێزتر بێ .. یا بۆ چیرۆكێكی تری ئامانجداری ئەدمۆن سەبری هەڵنەبژێررا ؟!

٢ - ئەگەر ئەو تابلۆ زیادانەی كە خرابووە سەری لە شانۆگەریەكەی دابڕێسن هیچ زیانێكی لێدەدات ؟ ! وەك كریكارو بازرگان و بەگزادەكان ؟!

٣ - شانۆیەكە بە شێوەیەكی تەقلیدی و دوور لە ڕەمزو پێچ و پەنا دەرهێنرا بوو .. نازانم لە بڕی بۆچی بەهۆی خشتەبەكی شەترەنجەوە دەست كرا بەڕەمزو ڕەمزكاری ؟!

٤ - خاوی ئیقاع هەر لە سەرەتاوە تا كۆتایی گرتبۆوەو ئەمەش لەگەڵ واقیعی خاوو خلیچكی گوندو شارە بچكۆلەكانماندا دەگونجێ بەڵام لەو واقیعە ستانەدا زورانبازی و هەواڵەكەی دەبوایە ڕاچڵەكانێكی بخستایەتەوە .. بەڵام تەنانەت ئەوەش ئیقاعی شانۆگەریەكەی گورج و گۆڵ نەكردەوە ..

٥ - دیكۆرو ئینكسوارو ئارایشت كارێكی وای كردبوو كە بەتەواوی هەست بكەیس كارەسات لە ناوچەیەكی كوردستاندا و بەشێوەیەكی ئاسایی ڕوودەدەن و دەم و چاوو جل و بەرگی نامۆ لە ئارادا نەبوو ئەمەیان شایانی

٦ - هێنانی كۆمەڵێ منداڵ بۆ سەر شانۆو كارێكی پیرۆزو پەسەندەو مایەی شانازیش دەبێ كە بە شێوەیەكی هونەری و بەردەوام پەروەردە بكرێن و بایەخی تایبەتیان پێبدرێت ..

٧ - ئەم شانۆگەریە چەند ئیزافەی فیكری و هونەری هەبوو لەسەر خەرمانی بەرهەمەكانی تیپی پێشڕەوی شانۆی كوردی یا لە ئاستی كام بەرهەمی لەمەوبەریدا بوو ؟!

ئومێدەوارم تیپی پێشڕەوی شانۆی كوردی .. كە جێی متمانەی جەماوەرانمانە .. لە بەرهەمەكانی داهاتوویدا لەو ئاستە هونەری و فیكریە بەرزەی لەمەوبەری نەبەتە خوارەوەو چاوەڕوانی بەرهەمی بوختەتری لێدەكەین .

ئەستێرەیەكی (پاشماوە)

بەو ڕێكەوتین .

یەكەم وەرزی یاری كە دەسی پێ كرد توانیم لەو ماوەیەدا -٢١- گۆڵ تۆمار كەم و ئەمەیش وای لە یانەی -لابیروسی- كرد كە بچینە ریزی یانەی یەكەمەوە .

لەم ماوەیەدا -٢٤- گۆڵم تۆمار كرد سەرەڕای بە هێزی بەرگرەكانی یانەكانی كە ، ئەم هەموو سەركەوتنانەی -رووسی- وای كرد كە سەرنجی ڕاهێنەر -مدرب- ئانزو بیرزوت ڕابكێشێ و داوای لێ بكا كە بچێتە ریزی تیپی هەڵبژاردەوە كە ئەرۆن بۆ -ئەرجەنتین - بۆ یاری - كاسی جیهانی ، -رووسی- چەند گۆڵی جوانی تۆمار كرد .

-رووسی- ئەڵێ سەركەوتنم تا سەر لە یانەی -لانیروسی- نابێ بەڵكو پێویستە بچمە ریزی ئەو یانەیەوە كە مێژوویەكی كۆنی هەبەو چاكترین یاریزانی تێدایە ئەم جۆرە یانانەیش ئەتوانن -٢-مەلیۆن -جنیە-استرلینی- بدات بە من .

شوان ئەحمە سادق
كەركوك

ناحیەی پردێ (پاشماوە)

لەهەموو جیهاندا ناوی دەركردوەو پردیش وەك كۆتەرەی -كفر- هەر پیر ئەبێ و چیر ئەبێتەر وەو بارێزگاری خۆی كردووە ئایا مانەوەی شاری پردێ وەك خۆی لەبەر كەمی زەوی یە بادەستی شارستانی وەك پێویست بۆ دریژ نەكراوە ؟؟!! .

شاری پردێ لەرووی پیشەسازییەوە زۆر دوا كەوتووەو هیچ جۆرە كارگەیەكی لێ نیە.
كارگەیەكی لێ نیە . ئەتوانین بلێین ئاوی زۆرو زەوی .

باش و پڕ پیت و بەرەكەتی هەیە بەلای كەمەوە دەبوایە لەرووی پیشەسازیی كشت و كاڵەوە پێشكەوتووبوایە بەتایبەتی زەوییەكانی ناوچەی سالەیی و بیبانی و بەراوەكەی دەوروپشتی چەمی -مەزاری -وەكاشە- ... ناوچەی سالەیی كە باڵی چەپی پردێیە ئەتواندرێت بە ئاسایی بكرێت بە بەراو ئەوجا بۆ چەوەندەری شەكرو تەماتەو گەنم و جۆو زۆر شتی تر بەكاربێت چونكە دەشتێكی یان و بەرین و ڕاست وەك بێژنگ وایە

جا پردێ بەلای كەمەوە دەتواندرێت كارگەیەكی (ئاوی - دوشاوی) تەماتەی لێ دروست بكرێت بۆ ئەوەی هانی جوتیاران بدرێت كە لەو ڕووەوە بەرهەم پتربكەن و زۆربەی ناوچەكان لەكاتی پێویستدا سوودی لێوەربگرن خۆ عەماری گەنم و جۆو دنەوێڵەش هەر باشە دێهاتەكانی دەورو بەری پردێ هەر چەندە زێ بەكەش بەناویاندا یان بەقەراخیاندا ئەڕوات بەڵام هەر تینوون و چاویان لە ئاسمانە ئایا هەورەكە بەسەریان ڕەت ئەبێت یانا ؟؟!! ئەمساڵ باران جۆنەو یاخوابارێ و ساڵەكەی باشەو پار باشتربوو : هەر لەو بۆربۆرێنەدا دەژین ... وە ئەگەر لەزێی پردێ سوود وەر بگیرێ جوتیاران رزگاریادەبێت لەو تەماشاكردنی ئاسمانەو .. لەقات و قری ڕزگاریان یادەبێت لەو تەماشاكردنی پردێیەكەی باسیشی ئەكەین ئەبێتە جێگایەكی پیشەسازی كشت و كاڵی و بازرگانی دارە دارە ئەكات و پێ ئەگری .

بۆیە ناحیەی پردێ پێویستی بە دەستی دڵسوزی هەیەو بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە ئاودارەش وەك شوێنەكانی تری بگەنە شارستانیەت ...

باشترین یاریزان (پاشماوە)

ووڵاتیش ئەكەین و بەتەمای ئەنجامی باشین و لە ڕاستیشدا پێش كەوتنێكی ڕەچاو كراو یاری یاری باسكەوە لە سلێمانی بەدی ئەكرێ كە بەهۆی بایەخی لێپرسراوانویانە وەرزشیەكان و دڵسۆزی وەرزشەوانەكەنەوە هاتۆتە دی و لەسەر هەموویانەوە یەكیەتی باسكەو نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلەمپی سلێمانی كە هەردەم دەستی هەموو یاریكەرەكان ئەگرن و حەزز بە پێش كەوتنی ئەم یاریە ئەكەن كە جەماوەرێكی زۆر لە لاوان حەزی لێ ئەكەن -تۆ ئێستا چی ئەكەیت؟.

-من خۆم قوتابیم لە پۆلی سێیەم لە ناوەندی نیشتمان لە سلێمانی ووا بۆ سێ ساڵ ئەچێ تیپی باسكەی قوتابخانەكەم بەكەمی هەموو تیپەكانی قوتابخانەكانی سلێمانیەو ، من كابتنی تیپی قوتابخانەو تازە پێگەیشتوانم و دابەشكەرم لە تیپی هەڵبژاردەشداو ڕاستی ڕاهێنەرو مامۆستاكانمان زۆرمان لە گەڵ ماندوو ئەبن و ئێمە سوپاسیان ئەكەین بەتایبەتی مامۆستا كمال كریم .

- لە چەند یاریدا هاوبەشیت كردووە .

- هەموو یاریەكانی ناوشاری سلێمانی و نێوان قوتابخانەكان و پاڵەوانێتی ناوچەی ژووروو لە سلێمانی و پاڵەوانێتی وڵات لە كەركوك و بەتەمای هاوبەشی پاڵەوانێكی ترم لە رمادی .

- بە هیوای چیت ؟.

- زۆر حەز ئەكەم بگەمە ئاستێكی پێشكەوتووی وا كە بتوانم لە نێو دەوڵەتاندا نوێنەرایەتی وڵات و گەلەكەم بكەم .

چی یاری كەرێكت خۆش ئەوێ؟ ئەوەی كە گوێ ڕایەڵەو ئیشكارو ئەركی سەرشانی خۆی بەجێ ئەهێنی و بەرێزگاری ناوبانگی تیپەكەی ئەكاو مەبەستی لە یاری كردن ئەشونماكردنی ڕەوشتە .

-حەز لە یاری تر ئەكەیت ؟

-وەكو ووتم كاتی خۆی بالەم ئەكرد ئێستاش یاری تۆپی دەست ئەكەم و لەتیپی تازە پێگەیشتوانی تۆپی دەستیشم و لەم بەینەدا لەكاتی ڕاهێنانی ئەویاریەدا دەستم شكاو ئەوەتا ئەبینی هەڵمەبەستووە

-چی ترت هەیە؟.

-هیچی تر تەنها سەركەوتنی تیپەكەم و بەرزكردنەوەی ناوی سلێمانی لە عیراقداو عیراق لە دەرەوەداو زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی هاوكاریش ئەكەین وا بە ئەنگمانەوە دێت .

دیدەنێكی (پاشماوە)

پاڵەوانێتیەدا بەشدا بوون ؟

و١ : دە پارێزگا لەم پاڵەوانێتیە بەشدار بوون بوون هەولێر ، سلیمانی ، موسڵ ، تەئمیم ، دیالی ، حلە ، كربلاء ذی‌قار ، بەسرە ، بەغدا .

ب٢ : پارێزگاكان چۆن بوون لە یاری كردنا ؟

یاری كردنا ، پارێزگای هەولیر و٢ : هەموو باش بوون لە بەشدارەكانی تەمەنیان ١٥ ساڵان بوو .

ب٣ : ئایا ئەنجامی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە چۆن بوو ؟

و٣ : دوو یاریكەر گەیشتنە كۆتایی یەكێكیان لە كێشی ٤٠ كیلو غەرامی كە ناوی ولید محمودە ، ئەوی تریان لە كێشی ٥٢ كیلو غەرامە كە ناوی عمر عبدالله یە .

هەموو یاریكەرەكان هەوڵی باشیان داو بەهەرەو توانای خۆیان بەكار دەهێناو ئەوە بوو ووتمان گەیشتنە كۆتایی و ئەو دوو یاریكەرە گەلێ باشتر بوون لە یاریكەرەكانی پارێزگاكانی تر ، ئێمەیش هەوڵ و تەقەلایەكی چاك دەدەین بۆ فێر كردنی ئەم یاریكەرانە بۆ ئەوەی بیانگەیەنینە ئاستێكی وا كەبتوانن یاری بكەن و دڵی ئێمەش بكەشێنەوەو فێركەر زیند محمود علی هەوڵێكی زۆری داوە بۆ فێر كردنی ئەم یاریكەرانە .

ب٢ : دوا ووتەت چییە؟

ب٤ : دوا ووتەت چییە ؟

و٤ : هیواو ئاواتم ئەوەیە ئەو یاریكەرانە كە توانایان هەیە لە بۆكسێن بەشداریمان بكەن ، بۆ ئەوەی توانای خۆیان لەم یاریەدا بەكار بهێنن و خۆیان بە جەماوەر بناسێنن .

بۆزانین

لە پرۆژەكانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی - بەرنامەی ڕەنبوهێنان ئەمینداریتی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی كارو خانەسازی ..

قۆنتەراتی نهێنی‌ی ژمارە ٨٠/٤٩ دروست كردنی هۆڵێكی داخراو لە دهۆك ..

بەمە ڕای‌دەگەیەنین كە ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ - دەتوانرێت كۆمەڵە ئیستیمارەی قۆنتەراتەكە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبردنە یان لە بەڕێوەبەرێتی‌ی كاری پارێزگای دهۆك بەرانبەر بە (١٥) دینار كە نادرێتەوە وەربگیرێت بە مەرجێك قۆنتەراتچی كە قۆنتەراتەكەی بۆ دەرچوو مەرجە گشتیی و مواسەفاتە هونەرییەكان بكرێت .

٢ - دواماوەی پێشكەش كردنی تەندەرەكان لە پاش پێش كاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە رێكەوتی ٢٠ - ٩ - ١٩٨٠ دەبێت و پێشكەشی سكرتێری لیژنەی كردنەوەی تەندەرەكان دەكرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتییەدا .

٣ - دەبێت ئەمانە لە گەڵ تەندەرەكاندا بن :-

أ - بارمتەی سەرەتاییە (٦) شەش هەزار دینار لە شێوەی كەفالەتی بانقدا كە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەكەوە بە كاربێت یان چەكێكی مۆركراو .

ب - پێناسی زووری بازرگانی لە گەڵ بەڵگەنامەیەكدا كە لە بەڕێوەبەرێتیی باجی داهاتەوە دەرچوو بێت و بۆ ئەم ساڵ نوێ كرابێتەوە .

ج - ئەو كارانەی لەبەر دەچن .

د - پێناسی دیاری كردنی قۆنتەراتچیەكان پلەی نۆیەم بەوەی بتوانێت بە پلەیەك لە پلەی خۆی بەرزتر بێت بەشداری بكات .

٤ - هەر تەندەرێك لە كاتی دیاری كراودا پێشكەش نەكرێت یان هەموو مەرجەكانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم بەڕێوەبەرێتییە پابەندی ئەوە نییە نزمترین تەندەر لە لایەن نرخەوە یان هەرتەندەرێكی دیكە وەربگرێت .

٦ - هەر ڕۆژێكی دواخستنی كار تەنیا (٣٥) سی و پێنج دینار سزا دەدرێت و بە درێژایی ماوەی دواخستنەكە بەردەوام دەبێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەكە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشكەش كردنی تەندەرەكانەوە .

٨ - پێویستە قۆنتەراتچییەكان لە گەڵ تەندەرەكانیاندا نەخشەكان بگێڕنە دواوە نەخشەكانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچییە دەدرێت كە قۆنتەراتەكەی بۆ دەردەچێت .

٩ - دەبێت قۆنتەراتچی پوولێكی (٢٥٠) فلسی بە تەندەرەكەوە بلكێنێت .

١٠ - تەندەرەكە بە خەتێكی خۆش و بە باندان یان جاف و بە شێوەیەكی ڕێكوپێك پڕ بكرێتەوەو قۆنتەراتچی (یان قۆنتەراتچییەكان) هەموو لاپەڕەیەكی تەندەرەكەو خولاسەكەی مۆر بكەن بە پێچەوانەیشەوە تەندەرەكە پشت گوێ دەخرێت .

١١ - هەر تەندەرێك لە ناو زەرفێكی داخراودا نەبێت ڕەت دەكرێتەوە .

١٢ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەكەدا پشت بە مەرجە گشتییەكانی قۆنتەراتكاریی كاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەكەم و دووەم و چاككراوەكانی دەبەسترێت .

١٣ - هەر سڕ كردنەوەیەك قۆنتەراتچی لە تەندەرەكەدا بینووسێت ڕەت دەكرێتەوە .

١٤ - دەبێت قۆنتەراتچی كە قۆنتەراتەكەی كەوتە ئەستۆوە ئەندازیارێكی سەرپەرشتی كەر دامەزرێنێت ڕۆژانە سەر لە كار بدات .

١٥ - دەبێت قۆنتەراتچی كە قۆنتەراتەكەی كەوتە ئەستۆوە عەمبارێك یان پتر بۆ پاراستنی جیمەنتۆ ئامادە بكات .

كمال رشید فتاح
ئەمینداری گشتیی بەڕێوە بردنی كارو خانەسازی

بۆزانین

لە پرۆژەكانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی . - بەرنامەی ڕەنبوهێنان ئەمینداریەتی گشتیی بەڕێوەبردنی كارو خانەسازی ..

قۆنتەراتی نهێنیی ژمارە ٨٠/٥١ دروستكردنی كارگەی چاككردنەوەی مەكینەو ئامێر لە دهۆك ..

بەمە ڕای دەگەیەنین كە ئەم قۆنتەراتە نهێنییەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە : -

١ - دەتوانرێت كۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەكانی قۆنتەراتەكە لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەرایەتییە یان لە بەڕێوەبەرێتیی كاری پارێزگای دهۆك بەرانبەر بە (٣٠) سی دینار كە نادرێتەوە وەربگیرێت بە مەرجێك كە قۆنتەراتچی قۆنتەراتەكەی بۆ دەرچوو مەرجە گشتیی و مواسەفاتە هونەرییەكان بكرێت .

٢ دوا ماوەی پێشكەش كردنی تەندەرەكان لە پاش پێش كاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕێكەوتی ٢٧-٩-١٩٨٠ دەبێت و پێشكەشی سكرتێری لیژنەی كردنەوەی تەندەرەكان دەكرێت لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتییەدا .

٣ - دەبێت ئەمانە لەگەڵ تەندەرەكاندا بن :-

أ - بارمتەی سەرەتایی بە -١٠٥٠٠- دە هەزارو پێنج سەد دینار لە شێوەی كەفالەتی بانقدا كە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەكەوە بەكاربێت یان لە شێوەی چەكێكی مۆركراودا .

ب - پێناسی زووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەكدا كە لە بەڕێوەبەرێتیی باجی داهاتەوە دەرچووبێت و بۆ ئەم ساڵ نوێ كرابێتەوە .

ج - ئەو كارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی دیاریكردنی پلەی قۆنتەراتچییەكان پلەی هەشتەم بەوەی بتوانێت بە پلەیەك بەشداری بكات لە هی خۆی بەرزتر بێت .

٤ - هەر تەندەرێك لە كاتی دیاری كراودا پێشكەش نەكرێت یان هەموو مەرجەكانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم بەڕێوەبەرێتییە پابەندی ئەوە نییە نزمترین تەندەر لە لایەن نرخەوە یان هەر تەندەرێكی تر وەربگرێت .

٦ - هەر ڕۆژێكی دواخستنی كار تەنیا -٤٠- چل دینار سزا دەدرێت و بە درێژایی ماوەی دواخستنەكە بەردەوام دەبێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەكە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشكەش كردنی تەندەرەكانەوە .

٨ - دەبێت قۆنتەراتچییەكان لەگەڵ تەندەرەكانیاندا نەخشەكان بگێڕنە دواوە نەخشەكانیش تەنیا بەو قۆنتەراتچییە دەدرێت كە قۆنتەراتەكەی بۆ دەردەچێت .

٩ - دەبێت قۆنتەراتچی پوولێكی -٢٥٠- فلسی بە تەندەرەكەوە بلكێنێت .

١٠ تەندەرەكە بە خەتێكی خۆش و بە پاندانی مەركەب یان جاف ، بە شێوەیەكی ڕێكوپێك پڕ بكرێتەوەو لە سەر هەموو لاپەڕەكانی تەندەرەكە لەگەڵ خولاسەكەیدا مۆر بكرێت بە پێچەوانەشەوە پشت گوێ دەخرێت .

١١ - هەر تەندەرێك لە ناو زەرفێكی داخراودا نەبێت ڕەت دەكرێتەوە .

١٢ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەكەدا پشت بە قۆنتەراتكاریی كاروباری ئەندازیاری شاری بە هەردوو بەشی یەكەم و دووەم و چاككراوەكانی دەبەسترێت .

١٣ - لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەكەدا پشت بە مەرجە گشتییەكانی بنووسرێت ڕەت دەكرێتەوە .

١٤ - دەبێت قۆنتەراتچی كە قۆنتەراتەكەی بۆ دەردەچوو ئەندازیارێكی موقیم بە دەوامی تەواو دامەزرێنێت لەگەڵ ئەوەی دەبێت شارەزاییەكانی تری هەبێت هەركە پێویستی پێ كرا .

١٥ - دەبێت قۆنتەراتچی كە قۆنتەراتەكەی بۆ دەرچوو عەمبارێك یان زۆرتر بۆ پاراستنی جیمەنتۆ ئامادەبكات .

كمال رشید فتاح
ئەمینداری گشتیی بەڕێوەبردنی كارو خانەسازی

بۆزانین

دەورەیەكی مەشق پێكردن لە ئامۆژگای هونەرو پیشەسازییە میللییەكان دەكرێتەوە لەمەڵبەندی پیشەو پیشەسازییە میللییەكان - وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ ماوەی یەك ساڵی خوێندن تەنیا بە ئێواران بۆ مەشق كردن لە سەر هونەرو پیشەسازییە میللییەكان بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :-

١ - خۆ ناونووس كردن بە درێژایی ڕۆژانی ساڵی خوێندن هەر لە ١-٩-١٩٨٠ وە بەردەوامە .

٢ - دەوام كردن لە ئامۆژگاكەدا لە كاتژمێری چوارونیوی ئێوارەوە تا هەشت‌ونیوی ئێوارە بە هەموو ڕۆژێك ڕۆژانی هەینی و پشووی ڕەسمی نەبێت .

٣ - خۆ ناونووس كردن لە بەردەمی هەموو ڕۆڵەكانی گەلدا بە نێرو مێوە بەبێ گوێدان بە تەمەن و بڕوانامە ئاواڵەیە

٤ - ماوەی دەورەكە ساڵێكی خوێندنە پاش ئەوە دەرچوو بڕوانامەیەكی هونەری و پیشەیی پێ دەدرێت ، دەورەكە لە ڕۆژی ١-١٠-١٩٨٠ وە دەست پێدەكات و لە ڕۆژی ٣١-٥-١٩٨٠ دا كۆتایی پێدێت بەمەرجێك لە تاقی كردنەوەی نیوەی ساڵ و كۆتایی ساڵ بپەڕدرێتەوەو بەبێ ئەوەی -٤٥- ڕۆژ ئامادە نەبێت .

٥ - بۆ ئارەزوومەندەكان دەتوانن هەركاتێكدا بێت ناوی خۆیان بنووسن بە مەرجێك بڕوانامەی دەرچوونیان پێنەدرێت .

٦ - قوتابییە یەكەمەكانی هەر بەشێك لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە لە كاتی دەرچووندا خەڵاتی ڕێز لێنانیان پێ دەبەخشرێت .

٧ - ڕادەیەك لە نرخی شتومەكی بەرهەمی هونەری و پیشەیی لە كاتی فرۆشتن یان بە شێوەیەكی گشتی بە قوتابییەكان دەدرێت .

٨ - ئەوانەی دێن ناوی خۆیان بنووسن دەبێت ئەمانەی خوارەوە ئامادە بكەن :-

أ - فایلێكی مانیلا .

ب - عەرزوحاڵێكی داخوازی ناونووس كردن .

ج - پێنج وێنەی چارەكی پۆستكارت .

د - تەسكەرەی نفووس ساڵی ١٩٥٧ یان پێناسی ئەحوالی مەدەنی .

هـ - پڕكردنەوەی ئەو ئیستیمارەی تایبەتە بەخۆ ناونووس كردن لە ئامۆژگاكەدا .

و - دەفتەری عەسكەری .

٩ - بەشەكانی ئامۆژگاكە :-

١ بەشی سیرامیك

٢ - بەشی هەڵكۆڵینی تەختە .

٣ - بەشی كانەكان .

٤ - بەشی خەتی عەرەبی و زەخرەفەو هونەری خانووی ئیسلامی

٥ - بەشی دروومان و پارچە بڕین و جل‌وبەرگی میللی/ تەنیا بۆ ئافرەت

٦ - بەشی تابلۆكێشان و نەخشەسازی .

٧ - بەشی لاكێش چنین و چنینی دەستی .

عطا صبری حسن سامی

بەڕێوەبەری گشتیی پیشەو پیشەسازییە میللییەكان بە وەكالەت

لەگەڵ یەكەم كاری تیپی هونەری میللی لە هەولێردا

● نەژاد ●

★ - تیپی هونەری میللی- لە هەولێر سەر بە دەزگـای كشتی شانۆو سینەمایە لـە ٥-٢-٩٧٩وە دامەزراوە .
ئەڵبەتە كۆمەڵێ لاوی كوردی لە خۆبوردوو لە «كوڕو كـچ» ئەم تیپەیان پێك هێنا .
یەكەم كاری تیپ ئاهەنگی ئەم دوایەیان بوو كە لەسـەر شانۆی هۆڵی رۆشـنبیری جەماوەر پێشكەشیان كـرد ، زایاد! كۆمەڵێك هەڵپەركـێ و تابلۆی كوردی‌یان پیشاندا كە گەلێك لە ئالەتە مۆسیقیـە

خۆماڵی‌یەكانی وەستایانە تێدا بەكار هاتبوو ، وەكو باڵەبان و

نای و دەهۆڵ و زورناو .. تاد. ئاهەنگەكە شەش تابلۆی تێـدا پێشكەش كرا . . تابلـۆی (دروونە یان دروێنە) چ لـە

بارەی ئیجای شانۆیـی ، چ مۆسیقا ، بە هێزترینی ئـەو شەش تابلۆیە بوو ..

★ تابلـۆی نـەورۆز ،
باوەكو ئەو ئیجایەی بە خۆوە نەگرتبوو كە لە ناوەڕۆكـی ئەم سرووده مەزنە دابـــە (هۆنراوەو ئاواز) بـــەڵام وەك لایەنە جوانی‌یەكەی و لـە ئەنجامی رێك و پێكـــــی جوولانەوەی شایی‌كەرەكان و ئەو جل و بەرگانەی لە بەریان بوو.. رەنگێكی تری دەنواند .. بەڵام ئەو ئیقاعە خێرایە بۆ ؟

بەداخەوە گەلێك جاران بینەر وای هەست پێ دەكرد كەوەك تابلۆیەكی (جیم لاستیكی) دەهاتە بەرچاو ...

★ تابلۆی شوان :
شوانەتی و ئەو ژیانـــە ئەفسوناویەی كە شوانی تێـدا دەژی ، بەتایبەتیش لـــــە

كوردستان - بەڕای من لەوە زیاتری هەڵدەگرت كـــە پێشكەش كرا بە تایبەتیش لـە جوولانەوەی - شایی‌كەران - داو هەروەها دەقەبەركردنـــی موسیقا - .

★ تابلـۆی (بادینـــی) و (كوێستان)و (لۆركـێ)یش،
لە بارەی جل و بــەرگ و رێك و پێكی تێكەڵاوبوونـــی كوڕو كچەكان كۆك بـــوو .. بەڵام دیسان ئەمانەیشـــی تووشی دەردی جیم لاستیكی ببوون و ئیجای شانۆیی‌یـــان تێدا هەست پێ نەدەكرا . .

★ تابلۆی دروێنـــە ،
بەڕای من ئەم تابلۆیە ، وەكو

ئیقاعی موســـــیقی و دەقەبەركردنی جوولانـــەوەی شایی‌كەران لە سەر شانـــۆو ناوەڕۆكێكـــی زینـــدووو گەش بین دا بێجگـــە لـــە سەركەوتووی هەندێ لایەنـــی

تری هونەری ، بە هێزترینی ئەو شەش تابلـۆیـەبـوو و بەرگێكی تازەی دەبەركرابوو ، بێ ئەوەی كاربكاتە ســـەر گەرم و گوڕیە رەسەنەكـــەی خۆی .

باڵە فڕەی وشەكان

كەمال مەمەند

- ١ -

× لە كونی دینارەوە ، دنیادەبینن . گەر سمێڵەكانـت چەور بن ، كڵاوی بانەبردووت بەسەرەوە بێ ، گیرفانـــەكان دەفتەری - چەك - یان تێدا خەوتبن . ئەوا ماشـــاڵڵای ناوێ . تۆ هەیبەت و پێویست بە سنگ دەرپەڕاندن ناكا .

× - چەند گوناحەئـــەو فەیلەسوفەی وایزانی شتێكی گەورەی دۆزیوەتەوەو كاتێ هاواری كرد :

« من بیردەكەمەوە ، كەواتــەمن هەم » !

× - ئەوەتار ئاغام - تـۆ نەبیردەكەیتەوە ، نەخـــەم دەخـــۆی نەكـــوێ دەئـــری ، نـــەدەگری .. نەنوێ دەگری ، نەدەگری . . كەچی تۆ هەیت .. هەبوونێك كە هەر دە نینۆكەكانت واژۆی دەكەن ، وورگت بەبێ بەڵگـە دەبـەلێنێ ... دەســا ج قەبارەبەكی‌تر هەیە هێنـــدە مەودایـــەی لە بۆشـــایی‌داداگیر كردبێ !

× - تۆ لـــە كـــاتردا هەنگاودەنێـــی . كات چـــی لێ دێ ، با لێی بێ ، بۆ كـــوێ مل دەنێ ، با بینێ ، چـــۆن سەرمەقوڵانە دەكا ، با بیكا!! دروشت سەلامەت بێ : سەرو گیرفان .. سەرو گیرفـــان و هیچی دی !!

سەریش با هەر قەبارەكەی هەبێ . زركەتاڵەبەكـــی بەردبێ .
ئەگینا نەكەی نامافوڵـــی بكەیت و بیر لە (هۆشـــی) بكەیتەوە .
چونكە ئەوسا ئیۆوشی گومان، نەء ، بوختانێكی گەورە دەبێ .
ئەوسا حەیوان بە مـــرۆڤ نێ دەگەی .

- ٢ -

هەناسەبایەك . بەلكـــە گەڵایەكی لەرزان .
تنۆكە ئاونگێك وەری
دەنكە گڵێك بووە منالدان،
شەو ژان گرتی .
خۆریش ووتی : ئەم كچە ناو دەنێم بەهار .

قوتابی‌یەكی زیرەكو هیوای دوو رۆژ

حمە سعید حمە كریم
پ. هاوكاری لە سلێمانی

● زیرەكی و عاقڵـــی و سەركەوتنی قوتابیانی ئەمرۆ هیوایەكی گەشی نەتەوەو گەلە، چونكە قوتابیانـــی ئەمــرۆ مامۆستاو زاناو پـــــبورو برۆ فیسۆرو پزیشـــــك و ئەندازیارو نووسەرو ئەدیبـو رزر نامەنوسـی نەتەوەكەمانن و ئەوان ئەتوانن وەكو پێویست خزمەتی ئـەم گەل و نیشتمانە بكەن .

لەسەر دانێكماندا بـــۆ تەوێڵەی ناوچـــەی هەورامان لە قەرای هەڵەبجـە چاومان بـــە قوتابیەكـــی زیرەك كـــەوت كـــــە هەموو ساڵێ بەیەكـــەم دەرئەچێ و ئەمساڵ لە هەمــو دەرسەكانی بەخشراوە چونكـە هەر لە سەرەتای ســـاڵەوە نمرەكانی لە ٩٠ نەهاتۆتـــــە خوارەوە
لێمان پرسی و وتی :-

× كاتێ ئەبینم هەمـــوو مامۆستاو هاوڕێكانـــم خەڵكانی تریش منیـــان خۆش ئەوێ ، هەر لەبــــەر ئەوەی زیرەكم و لە خوێندن و وانەكانمدا سەركەوتـوومو لەوانەیە بە دڵی ئەوان بـــم زۆرزۆر شادمان ئەبم و زیاتـر بیر لە هەوڵ و كۆشـــــش ئەكەمەوەو هیوام وایە لە دروا رۆژدا بتوانم خزمەتیان بكـەم و خۆشەویستیان بە فیـــرۆ نادەم ..

● هەستت بەچی كرد كـە پێیان وتی تۆ مەعفویت و امتحان نادەیت ؟.

× دڵ خۆش و كامەران بووم، هەموو هیلاكی و ماندووبوونـی كاتی سەعی كردن و هەوڵدانم لە بیرچووەوەو زیاتر بـــەرەوام

بەوە هێنا كە هەركەســـێ هەوڵ بدات ئەگاتە ئەنجامـــی خۆی .

● گیروگرفتی خوێندنتان چی‌یە ؟ .

× بە گوێرەی توانـــــای ئەمرۆ هەندێ گیروگرفتمـان هەیە وەكو كەمی و بچوكـــی بینای قوتابخانەكان ، كە سێ ترتابخانە لەیـــــەك بینـــادا دەوام ئەكەن و بەراســـــتی مامۆستاشمان كەمەو بــــە گوێرەی وانەكان مامۆستامان نی‌یەو بە هۆی كەمـــــــی مامۆستاوە زۆرجار لــــــە وانەكاندا دوواكەوین .

● هیواتان چی‌یە ؟

× ئەمـــــەوێ هەوڵـــێ

بەردەوام بدەم كە خوێندنی باڵا تەواو بكـــەم و ببمـــە ئەندازیار .

● بۆ ئەندازیار ؟

× چونكە وڵاتـــی ئێمـــە پێویستەكی یەكجار زۆری بـە ئاوەدان كردنەوەو هەولـــێ تایبەتـــی هەیـــە بـــۆ پێش خستنی و ، زۆر لـــــە مێژە بە دەست دوواكەوتەیی و هەندێ شتی ترەوە ئەناڵێنێ و ئەمەوێ ببمە ئەندازیار تـــا بتوانم لە خزمەت گـــوزاری ئاوەدانیداو بنیاتنانـــــی وڵاتێكی پێش كەوتـــوودا هاوبەشی بكەم .

چاپكراوی نوێ ٥٥٥٥

ژمارە ٦٥ی گۆڤاری بەیان

لەم هەفتەیەدا ژمارەیەكی تری گۆڤاری بەیانی رەنـــگین كە دەزگـــای رۆشـــنبیری و بـــڵاوكردنـــــەوەی كوردی دەری‌دەكات كەوتە بازاڕەوە .

لەم ژمارەیەدا ئەم بەرهەمانـــە دەخوێنیـــەوە . هێمن و یونسی غەریبی و كاروان و ئەستێرەو شـــوێنی لە ئـــــەدەبی منداڵانـــداو چیرۆكـــــی تەڵەم و فەقێ عەباســــــو دیمەنێكی لە بادنەچوو شیعری گەمژەیـــی و پەنجـــــەرەی ئارەزوویەكی بێ‌دەنگ .
لەگەڵ چەند بابەتێكـــی تری هەمەڕەنگ .

نوستووی بەرباران

كۆمەڵە شیعرێكی هەمە ڕەنگە ئەزادی شاعیر لە فارسی‌یەوە كردونی بە كوردی و نەخشـەی بەرگ و خەتەكانی بـــــە پەڕەمووچی هونەرمەنـــدی كورد محمد زادە كێشراون .. ئەم بەرهەمە وەرگێڕاوە دووەم بەرهەمی نـەزادە لـــە دوای كۆمەڵە شیعرەكـــەی كـــە بەناونیشانی سەكۆ لەساڵـی ١٩٧٦دا لە چاپی‌دابوو .

دوو سروودی كێوی

لەم رۆژانەدا دیوانێكـــی‌تری شاعیری ناوداری كورد شێركۆ بێكەس بە ناونیشانی دوو ســـروودی كێویـــی كەوتـــە بازارەوە .. ئـــەم دیوانە بریتی‌یـــە لـــە دوو هۆنراوەی درێژ یەكەمیـــان بە ناوی (كۆچ)ە دوویەو لـــە ناوەڕاستی ســـاڵی ١٩٧٥دا دووەمیان بە ناوی (برایەتۆكو گۆرانی بەفرو منداڵیـــم)ە و لە ساڵی ١٩٧٦ دەستی‌پـــێ- كردوەو لە ســـاڵی ١٩٧٩دا تەواوی كردوە . . .
نەخشی بەرگـــەكـــــەو ئەڵەمە كێشـەكانی ناوەوە بە پەڕەمووچی هونەرمەندی كورد عەلـــی مـــــەنـــدەلاوی دروست كراوەو خەتەكانی سەر بەرگەكەش لە لایەن نزار بەزازی هونەرمەندو خۆشنووســـەوە نووسراون . ئەوەی شایانـی باسە ئەمە حەوتەم بەرهەمـــی شاعیرە .

شەو نی‌یە خەونتان پێوە نەبینم

لە دوای بێدەنگی‌یەكـــی دووورودرێژ كە زیاتر لـە (٨) ساڵی خایاند جارێكی دیكـــە عابدوللا پەشـــێوی شـــاعیر بێداربووەو چوارەم دیوانـــە شیعری لە دوورە وولاتـــەوە بە خوێنەرانی كوردو ئـــەدەب دۆستانی گەیاند .. ئـــەوەی شایانی باسە دوا دیوانـــی پەشێو لە ساڵی ١٩٧٢دا بــە ناونیشانی شەونامـــــەی شاعیرێكی تینوو چاپ كـراوە. نەخشەی بەرگی ئەم دیوانـەی دوایی تابلۆیەكی بەختیـــاری هونەرمەندە .

ئابووری‌زان

كۆمەڵێك ووتارە لە لایەن كۆمەڵی ئابووری زانەكانـــی عیراق - لقی هەولێـــر ـەوە سێ مانگ جارێ دەردەچێ . ئەمە نۆبەرەی ئەم كۆمەڵەیەو گەلێ ووتـــاری بە پێـــزی تێدایە .

هەڵبژاردە

رادیۆیێك بە وزەی خۆر كاردەكات

لەبەر ئەوەی لەم رۆژانەدا وزە بۆتە دەرمانە دەردو . . ئێستاكە رووكردنـــــە سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر بۆتە مۆدەو .. هـــەمـــوو رۆژێك داهێنانێكی تــــازە دێتە كایەوە .. لەم دوایـــەدا كۆمپانیایەكی ئەمەریكایـــی رادیۆیێكی خستۆتە بازاڕەوە كە بە وزەی خۆر كاردەكات و دووشە پۆلی هەیە .. بـــەڵام بەشـەو كە هەور دنیا دەگرێ دەتوانی بە دوو پیلی بچـــوك بیخەیتەكار . نرخی رادیۆنەكە (٧٠) دۆلارە .



لە هەموو شتێكدا وەك یەكن تەنیا لەرەنگدا نەبێت

كارلی و كیلی سمشی دووانەدرو كچن لە باوكێكــــی قوڵەرەش و دایكێكی ســـپی ەتوونەتە دونیاوە ئـــەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئـــەم دوو خوشكە لەدرێـــژی و روخـــــارو قـــژی سەریان وەكـــو یەكـــن .. تەنیا پێستیان جیاوازە .
یەكەمیان سپی پێســـت و قژ زەردو چاو ســـــەوزەو دووەمیان رەش پێست و چاو رەش و قژ رەشـــــە . دوكتۆر حۆرج بنكر كە مامۆســـتای نەخۆشی ژنانە دەڵێ ئـــەمە حاڵەتێكی هێجگار كەمەو بـــە درێژایی ژیانم شتی وام كـــەم بینیوە .
دایكی ئەو دوو كچە دەڵـێ ئەمە شتێكی چاكەو ناسینـــی كچەكانی ئاسان كردوە

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

پاساری و دەنكە گەنمێك

● نەوزاد احمد اسود ●

پاساری‌یەك بۆ بێچووەكانی بە دوای خواردندا دەگەڕا ، دوای گەڕانێكی زۆر ، دەنكـە گەنمێكـــی دۆزی‌یـــەوە : بەدەنووكەكانی هەڵی‌گرت و بە دڵخۆشی‌یەوە بەرەو هێلانەكەی گەڕایەوە .. لە رێگادا هەستی بە ماندوێتی كرد ، بۆ پشوودان لەسەر دارێك لێی نیشتەوە.

پاساری‌یەكە بیری لـــە بێچووەكانی دەكردەوە ، لـــە لە پڕ دەنكە گەنمەكەی لـەدەم بەربوویە خوارەوە ، ئەویش

دابەزی و زۆر بۆی گەڕا بـەڵام نەیدۆزی‌یەوە ، ناچار بـــە خەمباری و دڵشكستی‌یـــەوە بەرەو هێلانەكەی گەڕایەوە .

رۆژ هات و رۆژ چـــوو - پاشی چەند مانگێك بێچووە - پاساری‌یەكان گـــەورەبوون و بەرو باڵیان بە تەواوی دەركردو لەگەڵ پاساری‌یەكەدا كەوتنـە فڕین و گەشت كردن .. هـەر رۆیشتن .. تا گەیشتنە ئەو دارەی كەكاتـــی خـــۆی پاساری‌یەكە دەنكەگەنمێكـــی لێ وون كردبوو ، پاساری‌یەكەش كە چاوی بەو دارە كـــەوت ئەو رۆژەی وەبیرهاتەوە كـــە دەنكە گەنمێكی وون كـــرد . لەسەر دارەكە نیشتنەوە . . پاساری‌یەكە ئەو باسەی بـــۆ بێچووەكانی دەگێڕایـــەوە . لەپڕ گوێیان لە دەنگێ بـــوو ووتی :

- ئەی پاساری‌یە جوانەكە، وەرە سەیری من بكە بزانـــە چەند گەورە بووم .

پاساری‌یەكانیش گـــوێیان بۆ ئەو دەنگە بە سۆزە نامۆیە هەڵخست و دیسانەوە ووتی :

- ناماناسیتەوە ئـــەی پاساری‌یەكە ؟ مـــن ئـــەو دەنكە گەنمەم كە پێشی چەند مانگێك وونـــت كـــردم و

ئێستاش گەورەبوو مـــەو بوومەتە گوڵە گەنم و بە دەیەها گەنمەم پێوەیە .

پاساری‌یەكەش بە ڕوویەكی گەشەوە سەیری گوڵـــە گەنمەكـــەی كردو بـــە خۆشحاڵی‌یەوە ووتی :

- ئای گوڵـــە گەنمـــە بـــەنرخەكەم . . تـــۆم دۆزی‌یەوە .. گوڵە گەنمەكـە ووتی :

- ئەگەر جاری پێشوو منت وون نەكردایە ، ئەوا هەر یەك

دەنكە گەنم دەبووم و بەشـی ئیوەم نەدەكرد ، بەڵام ئێستا من گوڵە گەنم و چل دەنكـە گەنمم پێوەیە ، دەزووكە بمبەو بمكە بە خواردنی خـــۆت و بێچووەكانت .

پاساری‌یەكەش ووتی :

- زۆر سوپاست دەكەم... بە ڕاستی تۆ گوڵە گەنمێكـــی دڵسۆزی .

بەو شـــێوەیە گوڵـــە گەنمەكەیان بردە هێلانەكەیان و ماوەیەكی زۆریان لەگەڵـــدا بردەسەر ..

گوڵە ئەستێرە

عەزیزی مەلا ئەحمەدی رەش

گوڵ ئەستێرەی گەش و جوان
چەند قەشەنگی بەم شـــەوە
گەرچی دووری لە حـــەوای
ئەوەندە شـــەنگ و نیانـــی
كـــــە دەت‌بینن منداڵان

ئەستێرۆكـــــەی منداڵان
پێ‌دەبـــی و دەكوژێیـــەوە
بـــەڵام بالیفۆكـــەی خوای
جلەوكێشـــــی حەزانـــی
بۆت دەكەن گـــڕوگـــاڵان

باڵیفۆكەی خوایەكرمێكـی لەش نەرم و رەنگاورەنگە

کورتە ژیانێکی ئەو بەڕێزانەی خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پاڵاوتووە

پارێزگای هەولێر
یەکەم ناوچەی هەڵبژاردن

باریوەبەری گشتی لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا ـ مەکتەبی ڕێکخراوە گەلی‌یەکان .
چاوخشاندنێك لەژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی‌دا ـ
لەگەرەکی عەرەب لە خێزانێکی کرێکاردا لە شاری هەولێرەوە لەدایك بووە ..
چالاکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌ی دەنوێنێ .
لە دوای شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تموزی ساڵی ١٩٦٨دا کراوە بە سەرۆکی نەقابەی کرێکارە کشتوکاڵی‌یەکان‌و ئینجا سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگاکە تا ساڵی ١٩٧١ لەدوایدا بەرپرسیاری مەکتەبی کرێکارو جوتیاران . کراوە بە مووچەخۆر لە بەڕێوەبەرێتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ‌و لە ساڵی ١٩٧٥دا بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان هەڵبژێرراوەو لە ساڵی ١٩٧٩دا کراوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرپرسیاری لقی ... ری حزبەکە لە هەولێرداو لە ساڵی ١٩٧٩دا کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش مەکتەبی ڕێکخراوە گەلی‌یەکان‌و لە دەورەی یەکەم‌و دووەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەئەندام هەڵبژێراوەو لەگەڵ لیژنە بەشداری کردوەو هەر لەوکاتەوە تا ئێستا لەبەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە پارێزگای هەولێر دا کار دەکات .

ناوی تەواو ـ محمد مصطفی امین ـ .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون ـ هەولێر ١٩٤٤ .
پلەی خوێندن ـ بکلوریۆس لە یاسا .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری دامەزراوی گشتی‌ی بازرگانی شتومەکی خواردن چاوخشاندنێك لە ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی ـ لە ساڵی ١٩٤٤دا لە پارێزگای هەولێر لەدایکبوو. لە ساڵی ١٩٧٠دا لە کولێجی یاسا دەرچووەو کراوە بە مووچەخۆر لە (مصلحـة المبایعات الحکومیـة)و ئێستا بەڕێوەبەری دامەزراوی گشتی بازرگانی شتومەکی خواردنەو جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی‌و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی (حقوقیین)ی عراقە لقی هەولێر .

ناوی تەواو ـ جمیل محمد عثمان گەردی ـ .
مێژوو . شوێنی لەدایکبوون ـ گوندی بەحرکە ١٩٥٢ .
پلەی خوێندن ـ بکلوریۆس لە یاسا ـ کاری ئێستای ـ پارێزەر .
کورتە باسێکی ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی ـ لە گوندی بەحرکەی سەر بە ناحیەی عینکاوە لە ساڵی ١٩٥٢ لەدایك بووە خوێندنی سەرەتایی هەر لە وێدا تەواو کردوەو ناوەندی‌و ئامادەیش لە شاری هەولێر تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا کولیجی یاسای سەر زانکۆی بەغدا تەواو کردوە .

ناوی تەواو جـودت حسن همزە .
مێژوو شوێنی لە دایکبوون هەولێر ١٩٤٦
پلەی خوێندن ـ سێ‌ی ناوەندی .
کاری ئێستای ـ مووچەخۆر لە بەڕێوەبەرێتی کاری هەولێر .
کورتە باسێکی ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی ـ چالاکی کۆمەڵایەتی هەیە

ناوی تەواو ـ حسین محمد نبطان .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون ـ مەخمور ـ هەولێر ١٩٤٤ .
پلەی خوێندن دەرچووی خوێندنی ناوەندی .
کاری ئێستای ـ مووچەخۆر لە دامەزراوی گشتی فەرشی دەست لە هەولێر .
کورتە باسێکی ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی چالاکی هەیە لە بواری نیشتمانی‌و کۆمەڵایەتی‌دا .

ناوی تەواو ـ حویز قادر احمد دزەیی .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون ـ هەولێر ١٩٣٥ .
پلەی خوێندن ـ بکلوریۆس لە زانستە سیاسی‌یەکاندا .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری کاری ئەمانەی گشتی کاربەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەولێر .

ناوی تەواو ـ رشید سعید حسن .
مێژوو شوێنی لەدایکبوون ـ هەولێر ١ـ٧ـ١٩٤٣ .
پلەی خوێندن ـ پێنجی زانست .
کاری ئێستای ـ موختاری خانەقابە لە هەولێر .
خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی هەر لە پارێزگالەدا تەواو کردوەو هەتا پێنجی زانستیش هەر لەوێدا خوێندوویەتی .
موختاری گەڕەکی خانەقابە تا ئێستاو چالاکی کۆمەڵایەتی دەنوێنێ .

ناوی تەواو ـ حمید یوسف مەرمەرچی .
شوێن‌و مێژووی لەدایکبوون ـ نینوی ١٩٣٩ .
پلەی خوێندن ـ دبلۆم لە هونەری شانۆدا .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر لەهەولێرو سەرپەرشتکەری تیپی نواندنی هەولێرو تیپی هونەرە گەلی‌یەکانە .
لە بواری ڕۆشنبیریدا کاری کردوەو لە بواری ئەدەب‌و هونەردا بەشداری کردوە .
نەقیبی هونەرمەزانی هەولێرەو لە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست کار دەکات .



ناوی تەواو ـ عبداللە مجید حمد .

میـژوو شـوێنی لەدایکبوون ـ هەولێر ـ ناحیەی کەندیناوە ـ گوندی دەربەندکوم .
پلەی خوێندن ـ زانکۆی بەغداد ـ کولێجی ئەدەبیات ـ بەشی کوردی .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری قوتابخانەی « القادسیە العصریە » لە قوشتەپە کورتە باسێکی ژیانی پێشوی‌و چالاکی‌یەکانی ـ لە ساڵی ١٩٤٩ لە خێزانێکی جوتیار لە گوندی دەربەند کوم سەر بە ناحیەی کەندیناوەی پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٦٣داو تا ئێستا لە هەولێر نیشتەجێ بووە .
تەنسیب کرابوو بۆ کارکردن لە ئەمانەتی گشتی کاروباری ناوخـۆوو کە تازە بەتازە دەزگاکانی ئەنجومەنی یاسادانان‌و ڕاپەراندن دامەزرابوون .
ئێستاش بەڕێوەبەری قوتابخانەی (القادسیە العصریە)یە لە کۆمەڵگەی بارزانی‌یەکان لە مەڵبەندی ناحیەی قوشتەپەو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی مامۆستایانی لقی هەولێرەو ئەندامی لیژنەی گفتوگۆزارە لە نەقابەی مامۆستایان .

دووەم‌و سێیەم ناوچەی هەڵبژاردن

ناوی تەواو ـ اسعد جهانگیر هەرکی شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون : ئاکرێ ١٩٣٤ .
پلەی زانستی ـ دەخوێنێتەوەو دەنووسێت کاری ئێستای چالاکی‌ی هەمە چەشنەی کۆمەڵایەتی‌ی نواندووە .

ناوی تەواو ـ اسعد عبداللە مەلا شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون: مەخموور ـ گوندی کبروك ٩٣٠ .
پلەی زانستی ـ پێنجی سەرەتایی
کاری ئێستای ـ جێگری سەرۆکی یەکێتی ناوچەیی کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکانی جووتیاران هەولێر .
چالاکی‌ی لە بواری کارکردنی جووتیاراندا هەیە .



ناوی تەواو ـ اسماعیل دهام جمیل
شوێن‌و ساڵی لەدایکبوون ـ گوندی خەزنەی حاجی صادق ١٩٤٧ .
پلەی زانستی ـ بەکەلۆریۆسی ئەندازیاری‌ی شاری .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری کاری هەولێر .
کورتەیەك لە ژیانی
لە گوندی خەزنەی حاجی صادق سەر بە ناحیەی خەبات ساڵی ١٩٤٧ لە دایکبووە ، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردوە . . ساڵی خوێندنی ١٩٦٧ـ١٩٦٨

کۆلیجی ئەندازیاری زانکۆی موسڵی تەواو کردووە . . لە ناوچەی ئاوەدانکردنەوەی ژوورو لە هەولێر بە ئەندازیار دامەزراوە .. ساڵی ١٩٧٥ بۆ بەڕێوەبەرێتی‌ی کاری هەولێر گوێزراوەتەوەو لە بەشی خانووبەرە لە ئەمینداریەتی گشتی‌ی کاروخانەسازی‌دا ئیشی کردووە .

ناوی تەواو ـ اسماعیل رسول احمد
شوێن‌و ساڵی لە دایك بوون ـ هەولێر ١٩٣١ پلەی زانستی کولێجی ئەدەبیات ـ بەشی (لغات)ی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی .
کورتەیەك لە ژیان‌و چالاکیەکانی .
بە مووچەخۆرلە داموودەزگاکانی دەوڵەتدا ئیشی کردووە .. هەر لە دێر کاتەوە بەشداری‌ی جۆرەها چالاکی‌ی ڕۆشنبیری‌و نیشتمانپەروەری‌ی کردووە .. وەکو نووسەرو ڕۆژنامەنووس ناسراوە .. لە نووسیندا بەشداری‌ی کردووە ..چەندین لێکۆلینەوەو توێژینەوەی لە جۆرەها ڕۆژنامەو گۆڤاردا بە هەردوو زمانی عەرەبی‌و کوردی بلاو کردووەتەوەو لە ڕەخنەگرتن‌و ڕەخنە لە خۆگرتن‌دا بەشداری‌ی هەیە. زمانی کوردی‌و عەرەبی‌و روسی‌و تورکی دەزانێت ، لە چالاکیەکانی یەکێتی‌ی نووسەرانی عیراقدا هەر لە دامەزراندنیەوە ساڵی ١٩٥٩ بەشداری‌ی کردووە ، لە چالاکیەکانی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورددا هەر لە دامەزراندنیەوە بەشداری‌ی کردووە ، لە دەورەی پێتەوتریدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بووە .. ساڵی ١٩٧٤ بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان دەست‌نیشان کراوە هەر لە دامەزراندنیەوە ئەنجا ئەندام لە دەستەی سەرۆکایەتی‌داو ئەمینداری نهێنی .. ساڵی ١٩٧٧ کراوەتە پارێزگاری هەولێر. ساڵی ١٩٧٨ کراوەتە ڕاوێژکار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و هونەر .. لە ١ـ١٠ـ١٩٧٩دا کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی ، ئێستا سەرەڕای ئەرکارەی سەرۆك نووسەرانی ڕۆژنامەی هاوکاری‌هەفتانەو هەردوو گۆڤاری بەیان‌و ڕۆشنبیری نوێ دەکات کە بەزمانی کوردی دەردەچن .



ناوی تەواو ـ بایز صالح عمر گەردی شوێن‌و ساڵی لە دایك بوون ـ گوندی

جرنیکان ئەفەندی ١٩٣٢ .
پلەی زانستی‌ ـ دەخوێنێتەوەو دەنووسێت .
کاری ئێستای ـ کشتوکاڵ ناونیشان ـ گوندی جرنیکان ناحیەی عەینکاوە پارێزگای هەولێر چالاکی‌ی کۆمەڵایەتی‌ی نواندووە .

ناوی تەواو ـ بهزاد احمد محمد گەردی شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون ـ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە
کاری ئێستای ـ سکرتێری یەکێتی‌ی نیقابەکانی کرێکارانی پارێزگای هەولێر کورتەیەك لە ژیانی .
لە بواری کاری نیقابی‌دا چالاکی‌ی فراوانی نواندووە .

ناوی تەواو ـ بۆیا تۆما عۆدیش شوێن‌و ساڵی دایکبوون ـ ناحیەی عەینکاوە ـ ١٩٤٤ .
پلەی زانستی ـ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی‌ی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی حدیاب لە عەینکاوە .
کورتەیەك لە ژیان‌و چالاکیەکانی
خوێندنی سەرەتایی لە ناحیەی عەینکاوەو خوێندنی ناوەندو خانەی مامۆستایانی لە پارێزگای هەولێر تەواو کردووە ئەویش لە ساڵی ١٩٦٤دا .. ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی‌ی فیرقەی ئەترافە لە جرارچێتوەی ڕێکخراوەکانی لقی هەولێر .. لە فیرقەی ناوەندی‌ی هەولێرو فیرقەی سەرکەوتن‌و فیرقەی ڕەواندز ئیشی کردووە .. ئەندامی لیژنەی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازە لە هەولێر ساڵی ١٩٧٢سەرۆکی یانەی مووچە خۆران بووەلە ناحیەی عەینکاوە بۆ سێ ساڵی لە سەر یەك٩٧٥ـ١٩٧٨
سەرۆکی لیژنەی ناوچەیی یەکێتی‌ی لاوانی عیراق بووە لە ناحیەی عەینکاوە ساڵی ١٩٧٦ سەرۆکی دەستەی لقی ڕێکخراوی فتوەی سەر بە یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق بووە لە پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٧٨ .

ناوی تەواو ـ بەیمان خالص رشید شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون ـ هەولێر ١٩٤٤ پلەی زانستی ـ بەکەلۆریۆسی یاسا ساڵی ١٩٦٦ . کاری ئێستای ـ سەرۆکی لقی یەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق لە هەولێر .

کورتەیەك لە ژیان‌و چالاکیەکانی
ساڵی ١٩٤٤ لە شاری هەولێر لە دایکبووە ..ساڵی ١٩٦٦ کۆلێجی یاسای تەواو کردووە .. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی یاساناسەکان بووە لقی هەولێر ساڵی ١٩٧٦ .. لێپرسراوی کاروباری یاسایی بووە لە یەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر ساڵی ٩٧٧ ساڵی ١٩٧٨ بە سەرۆکی لق هەڵبژێرراوە ئەنجا ساڵی ١٩٨٠ بە لێپرسراوی نووسینگەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و ئەندامی‌نووسینگەی ڕاپەڕاندن هەڵبژێرراوە .. لە ساڵی ١٩٧٧وە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی‌ی گەلە لە هەولێر .

ناوی تەواو ـ خالد حسن طە خۆشناو شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون ـ هەولێر ١٩٥٢
پلەی زانستی ـ کۆلیجی ئەدەبیات ـ زانکۆی بەغدا ـ بەشی کوردی‌ی تەواو کردووە
کاری ئێستای ـ سەرۆکی بەشی موزیعەکانە لە ئێزگەی کوردی .
کورتەیەك لە ژیان‌و چالاکیەکانی
لە پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٥٢ لە دایکبووە . کۆلیجی ئەدەبیات زانکۆی بەغدا ـ بەشی کوردی لە ساڵی ١٩٧٥دا تەواو کردووە ، چالاکی‌ی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌ی لە بواری ڕۆژنامەنووسی‌و ڕادیۆی ـ کوردی‌دا هەیە پتر لە ساڵێك سەرۆکی بەشی ڕۆشنبیری بووە پاش ئەوە کراوەتە سەرۆکی بەشی موزیعەکان لە ڕادیۆی کوردی



ناوی تەواو ـ خلیل بابە کریم شوێن‌و ساڵی لە دایك بوون ـ کویر ١٩٣٨ پلە زانستی ـ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری قوتابخانەی سامانی کوران. کورتەیەك لە ژیان‌و چالاکیەکانی دەربارەی جۆرەها مەسەلەی کۆمەڵایەتی نواندنی زۆری بۆ ڕادیۆ نووسیوە .. لە ساڵی ١٩٧٥وە تا ١٩٧٩ سەرۆکایەتی‌ی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی‌ی کردووە .. ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری‌ی کوردی‌یە .. ئەندامی دەستەی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی‌یە ـ لقی هەولێر . . ئەندامی نیقابەی هونەرمەندانی عیراقە لقی هەولێر ،ئەندامی تیپی هەولێرە بۆ نواندن کەسەر بە دەزگای گشتی‌ی سینەماو

شانۆیە ، چالاکی‌ی وەرزشی‌و کۆمەڵایەتی‌ی نواندووە .

ناوی تەواو سامی داود ئۆراها شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون ـ زاخۆ ١٩٣٤ پلەی زانستی ـ بەکەلۆریۆسی ئەدەبیات ـ زمانی ئنگلیزی .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری ئامادەیی پیشەسازی‌یەکانی کارەبا لە هەولێر .
چالاکی‌ی کۆمەڵایەتی‌ی نواندووە .

ناوی تەواو ـ سەردار قادر محمد امین شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون ـ هەولێر ١٩٤٨ پلەی زانستی ـ دبلۆمی کشتوکاڵ‌و دارستان . کاری ئێستای ـ یاریدەدەری ئەندازیاری کشت‌و کاڵی لە دەستەی گشتی‌ی کشتوکاڵ ـ لێپرسراوی پرۆژەی کسترانی درەخت چاندن بۆ دارستان .
کورتەیەك لە ژیان‌و چالاکیەکانی ساڵی ١٩٧١ ئامادەیی کشتوکاڵی تەواو کردووەو لە بەڕێوەبەرێتی‌ی دارستانەکانی هەولێر ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوە .. ساڵی ١٩٧٥ چووەتە ڕیزی حزبی بەعسی سۆشیالیستەوە . . ساڵی ١٩٧٦ چووەتە ئامۆژگای دارستانەکان لە لاذقیەو بڕوانامەی دبلۆمی لە زانستی دارستاندا ساڵی ١٩٧٨ بە دەست هێناوە .

ناوی تەواو ـ سعید عبدالرحمن سلیم ئاکرەیی شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون ـ قەزای ئاکرێ ـ ١٩٤١ پلەی‌زانستی ـ خوێندنی ئامادەیی کۆتایی پێ هێناوە .
کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری سەرژمێری‌ی‌پارێزگای هەولێر کورتەیەك لە ژیان‌و چالاکیەکانی ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی‌ی گەلە لە پارێزگای هەولێر .

ناوی تەواو ـ سوار عثمان گەردی شوێن‌و ساڵی لە دایکبوون ـ گوندی گردی

بڕوانە : ل ١٠ :

کورتە ژیانێکی ئەو بەڕێزانەی خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پاڵاوتووە

عارف ـ ناحیەی ناوەندەی هەولێر ١٩٤٣ .
پلەی زانستی ـ پۆلی شەشی سەرەتایی .
کاری ئێستای ـ کوێخای گوندی گردی عارف .
چالاکیی کۆمەڵایەتیی فراوانی

ناوی تەواو ـ سوارە حسن حمد امین شوێن و سالی لە دایکبوون ـ گوندی گردە جاڵ ناحیەی عەینکاوە ١٩٢٥ .
پلەی زانستی ـ پۆلی پێنجی سەرەتایی .

کاری ئێستای ـ کاسبکار .
چالاکیی کۆمەڵایەتیی نواندووە و لە بواری کشتوکاڵدا بەشداریی هەیە

ناوی تەواو
ـ شهاب احمد خلف شوێن و سالی لە دایک بوون ـ گوندی جدیدە قەزای مەخموور ١٩٤٣ . پلەی زانستی ـ شەشی سەرەتایی تەواو نەکردووە .
کاری ئێستای ـ سەرۆکی یەکێتیی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جووتیاران لە قەزای مەخموور .
لە بواری کاری جووتیاریدا چالاکیی نواندووە .



ناوی تەواو ـ طلعت هادی احمد شوێن و سالی لە دایک بوون ـ گوندی سەربەشاخ ـ ١٩٤٧ پلەی زانستی ـ کۆلێجی یاسای تەواو کردووە و بەکەلۆریۆسی لە یاسادا وەرگرتووە .

کاری ئێستای ـ قایمقامی قەزای ڕەواندز کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی .
لە گوندی سەربەشاخی سەربەناحیەی ـ قدس ـ پارێزگای تەئمیم ـ ئێستا ـ لە دایک بووە ، سالی ١٩٦٨ کۆلێجی یاسا ـ زانکۆی بەغدای تەواو کردووە .. سالی

پارێزگای هەولێر
دووەم و سێیەم ناوچەی هەڵبژاردن
پاشماوە

١٩٦٩ بە بەڕێوەبەری ناحیەی کندینان دامەزراوە و بۆ چەندین ناحیە لە پارێزگای ئەنبار و دیالە و نەینەوا گوێزراوەتەوە تاکو لە سالی ١٩٨٠دا کراوەتە قایمقامی قەزای ئاکرێ ئێستاش قایمقامی قەزای ڕەواندزە ، ئەندامی کۆمەڵەی یاسانامەکانە لقی هەولێر .

ناوی تەواو ـ عبدالکریم اسماعیل خضر گوێری شوێن و سالی لە دایکبوون ـ ناحیەی گوێر ـ ١٩٤٣ پلەی زانستی ـ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە .

کاری ئێستا ـ ئەمینداری عەمبار ـ پشکنینی خاک و جیاکردنەوەی زەوی و زارەکان لە پارێزگای هەولێر .

چالاکیی کۆمەڵایەتیی نواندووە و لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بەشداری هەیە .



ناوی تەواو ـ عبدالمجید عبدالرحمن عبدالله ـ کەبتلی شوێن و سالی لە دایکبوون ـ کەبتلی ١٩٤٩ .

پلەی زانستی ـ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ شۆفێرە لە ناوەندیی ئاگر کوژاندنەوەی هەولێر .

چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەیە و لە بواری بزووتنەوەی نیقابیدا بەشداریی هەیە .

ناوی تەواو ـ علی جاسم محمد شوێن و سالی لە دایک بوون ـ گوێر ـ ١٩٤١ . پلەی زانستی ـ ناوەندی ی تەواو کردوە .

کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەرێتیی شارەوانی ناحیەی قەراج .

چالاکیی کۆمەڵایەتیی نواندووە .

ناوی تەواو ـ علی عباس کاکل گەردی شوێن و سالی لە دایکبوون ـ گوندی گردی جووتیاری سەر بە ناحیەی عەینکاوە ـ ١٩٤٨ .

پلەی زانستی ـ بڕوانامەی ئابینی و بە باشی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت . کاری ئێستای ـ کاسبکار چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەمە چەشنەی نواندووە .

ناوی تەواو ـ علی عجاج عبادە شوێن و سالی لە دایکبوون ـ حمام العلیل ـ پارێزگای نەینەوا ـ ١٩٤٢ .
پلەی زانستی ـ دبلۆم وێنەگرتن بەتیشک . کاری ئێستای ـ وێنەگر بەتیشک کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی سالی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە . ,لە بواری کاری نیقابیدا لە سالی ١٩٦٩ەوە تا سالی ١٩٧٥ لە نیقابەی پیشەی تەندروستی لە هەولێر ئیشی کردووە ..

ماوەی دوو دەورەی هەڵبژاردن .. ئەندامی لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بووە لە هەولێر لە سالی ١٩٧٤ و ١٩٧٥دا .. ئێستا ئەندامی سەرکردایەتیی تیپی مەخموورە .

ناوی تەواو ـ عمر مولود عدی شوێن و سالی لە دایک بوون . پلەی زانستی ـ پێنجی سەرەتایی کاری ئێستای ـ جووتیار چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەیە و لە بواری کاری جووتیاراندا بەشداریی هە

ناوی تەواو ـ فیصل کریم اسماعیل شوێن و سالی لە دایک بوون ـ کندالی گەورە ـ ناحیەی کندیناوە ـ ١٩٥١ پلەی زانستی ـ

خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ لە چاپخانەی ژمارە ـ ٢ـی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر ڕێکخەری « ڕتووشە » ە

ناوی تەواو ـ قاسم حسین محمود شوێن و سالی لە دایکبوون ـ گوندی کەور کومک ، ناحیەی خەبات پارێزگای هەولێر ١٩٤٩ .

پلەی زانستی ـ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کردووە .

کاری ئێستای ـ بەڕێوەبەری قوتابخانەی گردە ڕوشەزاب ، لە بواری وانەووتنەوەدا چالاکیی فراوانی هەیە .

ناوی تەواو ـ محسن رسول عبدالله شێروانی شوێن و سالی لە دایک بوون ـ گوندی جیغلوک ١٩٥١ پلەی زانستی ـ سالی ١٩٧٢ ـ ١٩٧٣ ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە هەولێر کۆتایی پێهێناوە .
کاری ئێستای ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی دیگەلەی هاوچەرخ .
کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی
ئێستا سکرتێری ئەنجومەنی گەلە لە ناحیەی شۆڕش . لێپرسراوی وەرزشە لە لیژنەی ناوچەیی شۆڕش .

ناوی تەواو ـ د . مصطفی قادر خورشید شوێن و سالی لە دایکبوون ـ هەولێر ١٩٣٨ . پلەی زانستی ـ بەکەلۆریۆس لە پزیشکیدا .
کاری ئێستای ـ سەرۆکی تەندروستیی پارێزگای هەولێر .
کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی ئێستا سەرۆکی تەندروستیی پارێزگای هەولێرە . ئەندامی ئەنجومەنی زبانگەی ئادەمیزادە .. چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی هەیە .

ناوی تەواو ـ محمد هادی حسین شوێن و سالی لە دایکبوون ـ گوندی پونگینە ناحیەی عەینکاوە ـ ١٩٥٥ .
پلەی زانستی ـ کۆلێجی پەروەردەی تەواو کردووە ـ بەکەلۆریۆس لە فیزیکدا .
کاری ئێستای ـ ..
کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی چالاکیی قوتابیانی نواندووە و سالی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ لە قوتابخانەی ئامادەیی هەولێر سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو ئەنجا سکرتێری کەرتی ئامادەییەکان لە هەمان ماوەدا هەروەها چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەمە چەشنەی نواندووە .

ناوی تەواو ـ محمد محمد امین حسین زراری شوێن و سالی لە دایکبوون ـ گوندی مام خالان ـ ناحیەی صلاح‌الدین ١٩٥٤ .
پلەی زانستی ـ سێی ناوەندیی تەواو نەکردووە .
کاری ئێستای ـ لە ئەمینداریەتیی گشتیی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و لاوان کرێکارە .
کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی
لە سالی ١٩٧٥ەوە تا سالی ١٩٧٧ سەرۆکی کۆمەڵەی هەرەوەزیەکانی جووتیاران بوو لە ناوچەی زراریە . لە ژمارەیەک لە دەورەکانی کرێکاراندا بەشداریی کردووە ، ئێستاش سەرۆکی لیژنەی نیقابییە لە دیوانی ڕۆشنبیری و لاوان ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ناوی تەواو ـ کمال احمد مدحت شوێن و سالی لە دایکبوون ـ شەقلاوە ـ ١٩٣١ .
پلەی زانستی ـ سالی ١٩٥٢ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ سەرپەرشتی پەروەردەیی نەهێشتنی نەخوێندەواری .
لە چالاکیی جەماوەری و نیشتمانی و نیقابیدا بەشداریی کردووە ، لە سەرکار لابراوە و بەهۆیانەوە بەند کراوە .

ناوی تەواو ـ کانبی اسماعیل علی شوێن و سالی لە دایکبوون ـ گوندی شێخ شیروان ـ ١٩٢٢ .
پلەی زانستی ـ خوێندنی سەرەتایی
کاری ئێستا ـ هەولێر گەڕەکی عەرەب
خوێندنی سەرەتایی دوایی پێهێناوە و ئێستا کتێنسازە .

ناوی تەواو ـ فارس محمد قادر شوێن و سالی لە دایکبوون ـ ناحیەی حەریر ـ باتاس ١٩٥٥ پلەی زانستی ـ سێی ناوەندی
کاری ئێستای ـ کاسبکار
لە هەڵمەتەکانی کاری میللیدا بەشداریی کردووە ، چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەمە چەشنەی نواندووە .

ناوی تەواو ـ عمر مصطفی غفور شوێن و سالی لە دایکبوون ـ گوندی باتاس ناحیەی حەریر ١٩٥٥ .
پلەی زانستی ـ خوێندنی سەرەتایی کاری ئێستای کاسبکار .
چالاکیی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری هەیە .

ناوی تەواو ـ علی رسوول مولود شوێن و سالی لە دایک ـ بوون ـ هەولێر ناحیەی گوێر ١٩٢٧ .
پلەی زانستی پێنجی سەرەتایی .
کاری ئێستا ـ بەڕێوەبەرادە لە هێڵی شەمەندەفەری هەولێر .
کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی سالی ١٩٦٣ سکرتێری نیقابەی هێڵی شەمەندەفەر بووە لە هەولێر ئەنجا سکرتێری نیقابە سالی ١٩٦٣ ئێستاش سکرتێری لیژنەی ناوەندیی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستانە لە قەزای کۆیە و خۆی بۆ ئیشی حزبی تەرخان کردووە .

ناوی تەواو ـ عثمان حاجی عمر مام یحیی شوێن و سالی لە دایک بوون ـ کۆیە ١٩٣١ .
پلەی زانستی ـ سەرەتایی .
کاری ئێستای ـ لە کۆیە وەکیلی کۆمپانیای بازرگانیی عیراقە .. چالاکیی کۆمەڵایەتیی نواندووە .

ناوی تەوواو ـ سلیمان لاوکە شێخ ئاغا شوێن و سالی لە دایک بوون ـ گوندی ئەموکان ناحیەی حەریر ١٩٥١ .
پلەی زانستی ـ دەرچووی ناوەندی کاری ئێستای ـ مووچەخۆری دەوڵەت
کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی
لە گوندی ئەموکان خوێندنی سەرەتایی دوایی هێناوە و ناوەندیی لە ناحیەی حەریر تەواو کردووە . ئەنجا بە مووچەخۆر لە دەستەی لقی ناوچەی کشتوکاڵی لە حەریر دامەزراوە .

ناوی تەواو ـ رفعت کوێخا عەولا عمر شوێن و سالی لە دایک بوون ـ کندیناوە
پلەی زانستی ـ سەرەتایی
کاری ئێستای ـ جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان لە هەرێمی عیراق .
لە بواری کشتوکاڵدا ئیشی کردووە . ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمییە .

ناوی تەواو ـ رسول نقی حاجی حسن شوێن و سالی لە دایک بوون ـ کۆیە ـ ١٩٢٣ .
پلەی زانستی ـ خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە .
کاری ئێستای ـ (ملاحظ تحریر) لە کۆیە .
کورتەیەک لە ژیان و چالاکیەکانی خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە و بە ڕابەری لادێ دامەزراوە و ئەنجا نووسەری تحریر لە سالی ١٩٦١دا ، چالاکیی هەمە چەشنەی کۆمەڵایەتیی نواندووە .